# گەوهەر ومرواری

## لێکدانەوەی چل فەرموودەی

## صەحیحی ئەدەبی مفرەدی بوخاری

"صحيح الأدب المفرد"ـ البخاري ـ الألباني


نوسینی

عثمان أحمد حاتم



چاپی یەکەم - شعبان١٤٤١هـ


صحيح الأدب المفرد

# گەوهەر ومرواری

## لێکدانەوەی چل فەرموودەی

## صەحیحی ئەدەبی مفرەدی بوخاری

## "صحيح الأدب المفرد"ـ البخاري ـ الألباني


نوسینی

عثمان أحمد حاتم



چاپی یەکەم ـ١٤٤١ك

بسم الله الرحمن الرحيم

بەناوی خودای مەزنەوە دەست پێكردن سوننەتە ، چونكە قورئانی پیرۆز بە (بسم الله) دەستی پێكردووە ، وە هەروەها بە چاولێكردنی پێغەمبەر ﷺ چونكە كاتێك نوسراوی بۆ پادشاكان وكەسانی دیكەش ناردبا بە(بسم الله) دەستی پێدەكرد ، ئەوەش لە هەردوو صەحیحەكە لە نوسینی نامەكەی هرقل ورێكەوتنامەی حودەیبیە وجگە لەوانەش هاتووە ، بەڵام پێویستە ڕەچاوی ئەوە بكرێت كە نوسینی ناوی خودا وئایەتی قورئانی پیرۆز وفەرمودەی پێغەمبەر ﷺ لەسەر پەڕە وكاغەزێك نەنوسرێتەوە پاشان فڕێبدرێت وژێر پێ بكەوێت چونكە ئەوە شایستە نییە بە ناوی پیرۆزی خودا وئایەتەكانی قورئانی پیرۆز وناو وفەرموودەكانی پێغەمبەر ﷺ .

باب قَولِهِ تَعالى : ﴿ وَوَصَّيۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ بِوَٰلِدَيۡهِ حُسۡنٗاۖ ﴿٨﴾ ﴾ (العنكبوت)

# فەرموودەی یەکەم

عَنْ أَبِي عَمْرٍو الشَّيْبَانِيِّ قَالَ : حَدَّثَنا صَاحِبُ هَذِهِ الدَّارِ ، وَأَوْمَأَ بِيَدِهِ إِلَى دَارِ عَبْدِ اللَّهِ قَالَ : سَأَلْتُ النَّبِيَّ صلى الله عليه وسلم : أَيُّ الْعَمَلِ أَحَبُّ إِلَى اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ ؟ قَالَ : ((الصَّلاةُ لِوَقْتِهَا ، قُلْتُ ، ثُمَّ أَيٌّ ؟ قَالَ : بِرُّ الْوَالِدَيْنِ ، قُلْتُ : ثُمَّ أَيٌّ ؟ قَالَ : الْجِهَادُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ، قَالَ : وَحَدَّثَنِي بِهِنَّ وَلَوِ اسْتَزَدْتُهُ لَزَادَنِي)) .

(باب) بە پێنج شێوە دەخوێنرێتەوە بە(بابُ) بەوەی (خبر)بێت بۆ (مبتدأ)یێکی نادیار ، یان خۆی مبتدأ وخەبەرەکەی نادیارە ، یان بکەرە بۆ کارێکی نادیار ، یان جێگری بکەرە بۆ کارێکی نادیار ، و(بابَ) بەوەی مفعولە بۆ کارێکی نادیار ،و(بابِ) کە شێوازێکی لاوازە بەوەی مجرورە بە پیتێکی جەری نادیار ، هەروەها دەکرێت بە(بابٌ) بخوێنرێتەوە بەوەی خەبەربێت ، وە هەروەها بە (بابْ) بەوەی بۆ ژماردنی سەربابەتەکان بێت ئەوکات شیتەڵ ناکرێت .

﴿ وَوَصَّيۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ بِوَٰلِدَيۡهِ حُسۡنٗاۖ ﴾ ئامۆژگاری مرۆڤمان کردووە بە چاکە ڕەفتار لەگەڵ دایك وباوکیدا بکات ، ئەم ئایەتە فەرمان دەکات بەچاکە گوفتار

وكرداركردن لەگەڵ دایك وباوكدا ، وە هۆكاری دابەزینی ئەم ئایەتە وەك لە صحیحی مسلمدا هاتووە : سعدی كوڕی ئەبو وقاص ﷺ دەڵێت : چەند ئایەتێك دەربارەی من دابەزین ، دایكم سوێندی خوارد هەرگیز قسەم لەگەڵ نەكات وە نان نەخوات وئاو نەخواتەوە تا ئەوكاتەی لە ئاینەكەم پاشگەزنەبمەوە ، وە وتی : تۆ بانگەشەی ئەوە دەكەیت كە خودا ئامۆژگاری كردویت بەوەی باش بیت لەگەڵ دایك وباوكت ، وە من دایكتم بەوە فەرمانت پێدەكەم ، سێ ڕۆژ بەو شێوەیە مایەوە هەتا لە ماندووبوون وهیلاكیدا بورایەوە ، كوڕێكی كە ناوی (عمارة) بوو هەستا ئاوی دایە ، كە بەهۆش هاتەوە نزای لە سعد دەكرد ، خودا ﷻ ئەم ئایەتەی دابەزاند كە دەفەرموێت : ﴿وَوَصَّيْنَا ٱلْإِنسَٰنَ بِوَٰلِدَيْهِ حُسْنًا ۖ وَإِن جَٰهَدَاكَ لِتُشْرِكَ بِى مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ فَلَا تُطِعْهُمَآ ۚ إِلَىَّ مَرْجِعُكُمْ فَأُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٨﴾﴾(العنكبوت) ، (أَبِي عَمْرٍو الشَّيْبَانِيِّ) : سعدی كوڕی إیاسی كوفی یە كە سێكی باوەڕپێكراو و(مخضرم)[1] ە ، دەڵێت : سەردەمی گەنجیم لە ڕۆژی شەڕی

---

(١) . ئیبن منظور رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێت : (خضرم) بریتییە لە هەموو شتێك كە زۆر وفراوان بێت ، وە بەحوشترێك دەڵێن كە بەشێك لە گوێیەكی بڕابێت ، وە وتراوە : بەهەموو كەسێك كە سەردەمی نەفامی وئیسلامی بینیبێت ، وە بە پیاوێك دەڵێن كە خەتەنەی نەكردبێت ، (رجل مخضرم) ئەو پیاوەیە كە نیوەی تەمەنی لە سەردەمی نەفامیدا بەسەر بردبێت ، وە نیوەكەی تری

=

(القادسيه)دا تەواوبوو ، ئەو كات تەمەنم ٤٠ ساڵ بوو ، وە شەڕی القادسيه لە ساڵی ١٦ دابوو ، وە دەڵێت : كاتێك پێغەمبەر ﷺ لە لایەن خوداوە وەحی بۆهات من شوانی حوشتربووم لە كاظمە ، دەڵێن ١٢٠ ساڵ ژیاوە ، حافظ دەڵێت : لە ساڵی ٩٥دا مردووە ، وە ئبین عبدالبر دەڵێت : لە ٩٦ دا مردووە .

(حَدَّثَنا صَاحِبُ هَذِهِ الدَّارِ ، وَأَوْمَأَ بِيَدِهِ إِلَى دَارِ عَبْدِ اللَّهِ) : دەڵێت خاوەنی ئەم ماڵە بۆی گێڕاینەوە وبە دەستی ئاماژەی بۆ ماڵی عبدالله كرد ، كە مەبەستی ماڵی عبداللەی كوڕی مسعودە رضي الله عنه كوڕی غافلە الهذلیە ونازناوی أبوعبدالرحمن كوفی یە ، یەكێكە لە پێشینەكان ، هەڵگری پێڵاوەكانی پێغەمبەر ﷺ بوو ، ئامادەی بەدر و هەموو شەڕەكانی تریش بووە ٨٤٨ فەرموودەی گێڕاوەتەوە ، لە زاری پێغەمبەری خودا ﷺ ٧٠ سورەتی قورئانی وەرگرتووە ، علقمە دەڵێت : ئبین مسعود رضي الله عنه لە پێغەمبەری خودا ﷺ دەچوو لە ئاكار هەڵسوكەت وخورەوشت وگوفتاری ، ئەبونعیم دەڵێت : لە ساڵی ٣٢ لە مەدینە مردووە لە تەمەنی شەست وئەوەندە ساڵیدا.

---

=

لەسەردەمی ئیسلامدا ، و(شاعر مخضرم) : بەو شاعیرە دەڵێن كە لە نەفامیدا ژیابێت وگەیشتبێتە ئیسلام ، وە چەند مانایەكی تریش وتراوە ، پاشان ماناكەی فراوانتر كرایەوە ، ئێستا هەركەسێك لە دوو سەردەمدا بژی یان كەسێك تەمەنی درێژبێت پێی دەڵێن (مخضرم) .

(قَالَ : سَأَلْتُ النَّبِيَّ : أَيُّ الْعَمَلِ أَحَبُّ إِلَى اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ) ، دەڵێت : پرسیارم كرد لە پێغەمبەری خودا ﷺ كام كردەوە خۆشەویسترین كردەوەیە لای خودا ﷻ ، لێرە لەوانەیە بگوترێت : لە فەرموودەی دیكە هاتووە نانداں باشترین كردەوەی ئیسلامە ، یان باشترین كردەوە بەلای خوداوە ئەوەیە لەسەری بەردەوامبیت ئەگەرچی كەمیش بێت ، یان جگە لەوانەش كە فەرموودەی لەبارەوە هاتووە : كە خۆشەویسترین یان باشترین كردەوەیە بەلای خودای پەروەردگارەوە ، ئایا چۆن دەتوانرێت ئەو دەقانە ئاراستە بكرێت : لە وەلامدا وتراوە وەلامی جیاواز دراوەتەوە بە جیاوازی كەسەكان بەوەی هەواڵیان پێدراوە بەوەی پێویستیان پێی هەبووە ، یان بەو كردەوەی ویستیان لەسەر بووە ، یان بەوەی گونجاو بووە بۆیان ، یان ئەو جیاوازییە بە هۆی جیاوازی كاتەكانەوە بووە ، بەوەی ئەو كردەوە لەو سەردەمە باشتربووە لە كردەوەكانی تر ، جیهاد وتێكۆشان لە سەرەتای ئیسلامدا باشترین كردەوە بووە لەبەر ئەوەی هۆكارێك بوو بۆ دامەزران وپتەوبوونی ئیسلام ، وە هەروەها بەڵگەی زۆر هاتووە كە نوێژ باشترە لە بەخشین ، لەگەڵ ئەوەشدا لە كاتی تەنگی وقاتوقڕی بەخشین باشترە ، یان مەبەست لەوەیە یەكێكە لە باشترین كردەوەكان ، بەلام پیتە (لە)كەی نادیارە .

ئیبن دقیق العید رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێت : ئەو كردەوانەی لەم فەرموودەیەدا باسكراوە مەبەست لە كردەوە جەستەیەكانە ، وباوەڕی مەبەست نییە چونكە باوەڕ كرداری دڵە ، ئیدی ئەوكات دژنابێت لەگەڵ ئەو فەرموودەی

ئەبوهورەیرە (أَفْضَلُ الأَعْمالِ الإِيمانُ باللهِ...) کە لە صحيي مسلمدا هاتووە ، هەندێکی تر دەڵێن : ئەم جیهادەی لێرە باسکراوە مەبەست لەو جیهادەیە کە فەرزی عەین نەبێت ، لەبەر ئەوە ئەنجامدانی وەستاوە لەسەر ڕووخسەتی دایك وباوك ، لەبەر ئەوە چاکەکردن لەگەڵیان دراوە بەسەریدا .(الفتح بەدەسکارییەوە).

(قَالَ : الصَّلاةُ لِوَقْتِهَا) ، فەرمووی : نوێژەکان لەکاتی خۆیدا ، وە لە ڕیواتێکدا (الصلوات لمواقتها) وە هەروەها لە ڕیوایەتێکی تردا (الصلاة لأول وقتها) ئەو دوو ڕیوایەتە ئیبن حبان رَحِمَهُ اللهُ لە صحیحەکەیدا هێنایەتی و الألبانی رَحِمَهُ اللهُ بە صحیحی داناون ، ئیبن بطال رَحِمَهُ اللهُ دەڵێت : نوێژ لەسەرەتای کاتەکەیدا باشترە لەوەی کەمتەرخەمی تێدابکرێت ودوابخرێت ، لەبەر ئەوە لە خۆشەویسترین کردەوەکانە کە لە کاتە ویستراوەکەیدا ئەنجامبدرێت چونکە ئەوە بەمەرج دانراوە .

ئەگەر نوێژ لە سەرەتای کاتەکەیدا ئەنجامدرا خۆشەویسترین کردەوەیە بەلای خوداوە ، بەڵام ئەگەر کەسێك بە بیانویەکی شەرعی نوێژەکەی لەکاتی خۆیدا ئەنجام نەدا وەك خەوتن ولە بیرچوون ، ئەوکات ئەگەر لە کاتەکەشی دەریکرد پێی ناوترێت حەرامە ، وە هەروەها پێی ناوترێت باشترین کردەوەیە ، ئەگەرچی کارێکی باشە .

السعدی رَحِمَهُ اللهُ دەڵێت : باشتر وایە نوێژ لە سەرەتای کاتەکەیدا ئەنجامبدرێت ئیلا نوێژی عیشا نەبێت دوابخرێت باشترە ئەگەر ئەو دواخستنە

بارگرانی بۆ موسڵمانان دروست نەكرد ، وە هەروەها نوێژی نیوەڕۆ لە كاتی زۆر گەرمدا باشترە دوابخرێت .

(قُلْتُ ، ثُمَّ أَيٌّ ؟) وتم : دوای ئەوە چی ؟ (قَالَ : بِرُّ الْوَالِدَيْنِ) فەرمووی : چاكەكردن لەگەڵ دایك وباوك ، چاكبوون لەگەڵ دایك باوك وشەیەكی گشتگیرە بۆ هەموو جۆرە چاكەیەك كە هەر دایك وباوكێك پێویستیان پێیەتی كە لەگەڵیان ئەنجامبدرێت .

ئیبن دقیق العید رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت : چاكبوون لەگەڵ دایك وباوك لەم فەرمودەیەدا پێشی جیهاد وتێكۆشان خراوە لە پێناوی خودادا ئەوەش بەڵگەی گەورەی ئەم كردەوەیەیە ، چاكەكاری پلە پلەیە وئەوەی پێویستە بەرامبەر دایك وباوك بكرێت ناتوانرێت دیاری بكرێت چونكە هەركەسە پێداویستی تایبەت بە خۆی هەیە .

(قُلْتُ : ثُمَّ أَيٌّ ؟ قَالَ : الْجِهَادُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ) ، وتم : دوای ئەوە چی : فەرمووی : جیهاد وتێكۆشان لە پێناوی خودا ، جیهاد بەختكردنی سامان ونەفسە لە ڕێگەی خودا بێگوێدانە ترس بۆ سەرخستنی ئاینی خودا وزیندوو هێشتنەوەی دروشمەكانی ئیسلام ئەوەش بە سامان ونەفس ووتار ونوسین وهەر شێوازێكی تری شەرعی ئەنجامدەدرێت بە گوێرەی پێویستی كات وشوێن ، وە یەكێكە لە كردەوە مەزنەكانی ئیسلام بۆیە لێرە لە ڕیز ئەو كردەوانە باسكراون كە خۆشەویسترین بەلای خوداوە ، وە جیهاد دوو جۆرە یەكەمیان

: جیهادی بەرگری (الدفع) ، دووەم : جیهادی ئازادکردن ورِگازکردن (الطلب) که ئێره شوێنی بەدرێژی باسکردنی نییه .

(قَالَ : وَحَدَّثَنِي بِهِنَّ وَلَوِ اسْتَزَدْتُهُ لَزَادَنِي) ، وتی : پێغەمبەر ﷺ ئەوانی بۆ باسکردووم ، وە ئەگەر پرسیار زیاترم لێکردبا ئەویش وەلاَمی زیاتری دەدامەوە .

ئەم فەرموودەیە بەشێوەیەکی گشتی ئەم سودانەی لێوەردەگیرێت : الحافظ دەلێت : وشه (أوما) ئەوەی تێدایه ئەگەر ئاماژەکردن بووه مایەی تێگەیشتن دەتوانرێت بەراشکاوی ئەوەی مەبەسته باسنەکرێت ، وە هەروەها ئەوەی کردەوەکانی ئیسلام هەموویان لەیەك ئاستدا نین بەلکو هەندێکیان له هەندێکی تریان گەورەتر وخۆشەویسترن لای پەروەردگار ، وە نوێژ گەورەترین پایەی ئیسلامه دوای گەواهیدان ، وە رێز وفەزل وگەورەی دایك وباوك وگەورەی مافیان بەسەر نەوەکانیانەوە ، وە گەورەی تێکۆشان له پێناوی خودا ، وە به جوانی پرسیارکردن له زانا ومامۆستا ووەلامدانەوەی لەلایەن مامۆستاوە بەو شێوەیەی پرسیاری لێکراوە بەگوێرەی پرسیارەکه وە بێزار نەکردن وماندوونەکردنی زانا ومامۆستا بەزۆر پرسیار لێکردنیان بەتایبەت ئەگەر پرسیارەکه پێویست نەبێت ، وە ئەوەی که هاوەلاَن رضي الله عنهم چەنده رێزیان له پێغەمبەری خودا ﷺ گرتووه وئەو پەری هەولیانداوه که ماندوو وبێزاری نەکەن وە ئێستاش که پێغەمبەر ﷺ له ژیاندا نەماوه پێویسته لەسەر موسلمان زۆر بەرێز وحورمەتەوه بروانه میراتەکەی ومیراتگرانی که بریتی یه له زانستی سوننەت وزانایانی سوننه ، وە سوربوونی هاوەلاَن لەسەر پرسیارکردن لەو کردەوانەی که زیاتر له خودایان نزیك دەکاتەوه ، وە

بەكارهێنای وشەی (لو) زانایان ناكۆن لەسەری ، ئیبن عثیمین رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێت : (لو) بە سێ شێوە بەكاردەهێنرێت ، یەكەم : بۆ مەبەستی تەنها هەواڵدان ، ئەم شێوە بەكارهێنانە هیچی تێدا نییە وەك ئەوەی بڵێت : ئەگەر سەرقاڵ نەبوومایە سەردانم دەكردیت ، ئەمە لەبەر ئەوەی تەنها هەواڵە ئەگەر ڕاست بێت ئەوە باشە ، وە ئەگەر درۆبێت ئەوە حوكمی درۆی هەیە ، دووەم : بەكارهێنانی بۆ خۆزگە خواستن ، ئەمەش بەگوێرەی ئەو خۆزگەیەیە كە ئەو مرۆڤە دەیخوازێت ، ئەگەر خۆزگەی خێر وباشەی خواست باشە ، وە ئەگەر خۆزگەی خراپەی خواست خراپە ، پێغەمبەری خودا ﷺ باسی كەسێكی هەژار دەكات كە دەڵێت : ئەگەر ئەوەی فلاّن كەس خودا پێداوە بەمنی دابا ، وە ئەو فلاّنە كەسە خێرخواز وچاكەكاربوو ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : ((ئەو كەسە بەگوێرەی نییەتەكەی لە پاداشتدا وەك یەكن)) ، وە كەسێكی تر بڵێت ئەگەر ئەوەی فلاّن كەس خودا پێیداوە بە منی دابا ، وە ئەو فلاّنە كەسە خراپەكاربوو ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : ((ئەو كەسە بەگوێرەی نییەتەكەی لە خراپەدا وەك یەكن)) ، سێیەم : بۆ پەشیمانی وغەم خواردن بۆ ئەوەی لە دەستی چووە ، ئەم جۆرەیان یاساغكراوە لەبەر ئەو فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ كە دەفەرموێت : ((الْمُؤْمِنُ القَوِيُّ خَيْرٌ وَأَحبُّ إلى اللَّهِ تَعالى مِنَ الْمُؤْمِنِ الضَّعِيفِ، وفي كُلٍّ خَيْرٌ، احْرِصْ على ما يَنْفَعُكَ، واسْتَعِنْ باللَّهِ ولا تَعْجِزَنَّ وإنْ أصابَكَ شَيْءٌ فَلاَ تَقُلْ : لَوْ أَنِي فَعَلْتُ كَذَا كانَ كَذَا وَكَذَا، وَ لَكِنْ قُلْ قَدَّرَ اللَّهُ وَما شاء فَعَلَ، فإنَّ " لَوْ " تَفْتَحُ عَمَلَ الشَّيْطانِ )) رواه مسلم .

# فەرموودەی دووەم

عن عبد الله بن عمر ﵄ قال : (( رِضا الرَّبِّ في رِضا الوَالِدِ ، وَسُخْطُ الرَّبِّ في سُخْطِ الوَالِدِ )) .

(عبد الله بن عمر) : عبداللەی کوڕی عومەری کوڕی خەتابی العدوییە نازناوی (أبوعبدالرحمن)ە ، لە دوای هاتنی پەیامی خودا بۆ پێغەمبەر ﷺ بە کاتێکی کەم لە دایك بووە ، لە ڕۆژی ئوحددا لەبەر منداڵی بەشداری پێنەکرا کە لەوکاتەدا تەمەنی ١٤ساڵ بوو ، یەکێکە لەو هاوەڵانەی کە فەرموودەی زۆری گێڕاوەتەوە ، وە یەکێکە لە (العبادلة) ، وە یەکێك بووە لەو کەسانەی کە زۆر شوێنکەوتەی فەرموودەی پێغەمبەری خودا ﷺ بووە ، لە کۆتایی ساڵی ٧٣ یان سەرەتای ساڵی ٧٤ مردووە ، وە لەگەڵ باوکیدا کۆچی کردووە ، وە ئامادەی خەندەق وبەیعەتنامەی رضوان بووە ، (١٦٣٠) فەرموودەی گێڕاوەتەوە ، وە لە فەرموودەی صحیحدا هاتووە دەفەرموێت : ((عَبْدُاللهِ رَجُلٌ صالِحٌ)) ، الذهبی ﵀ دەڵێت : پێشەوایەکی بە توانا وخاوان زانستێکی زۆر وچاولێکەرێکی باشی پێغەمبەر خودا ﷺ وخاوەنی بەندایەتی وحەجی زۆر ورێز وپلە وپایەی تایبەت بووە ، ڕۆژی التحکیم باسکرا ببێتە خەلیفە ، وتی : بەمەرجێك خوێنی تێدا نەڕژێت .

(قال : رِضا الرَّبِّ في رِضا الوَالِدِ ، وَسُخْطُ الرَّبِ في سُخْطِ الوَالِد) ، وتی : ڕەزامەندی پەروەردگار لە ڕەزامەندی باوكدایە ، وە توڕەیی پەروەردگار لە توڕەیی باوكدا یە ، لەبەر ئەوەی خودا ﷻ فەرمانی كردووە بە گوێڕایەڵی باوك كەوابوو گوێڕایەڵی باوك گوێڕایەڵی خودایە ، وە خراپ بوون وبەگوێ نەكردن وسەرپێچی باوك پێچەوانەی فەرمانی خودایە بەوەش ئەو كردارە دەبێتە مایەی توڕەیی پەروەردگار لە منداڵ چ كوڕبن یان كچ .

ئەم ئەثرە ئەوەی تێدایە كە پێویستە مرۆڤ ئاگاداری باوكی بێت وسەرپێچی نەكات مەگەر فەرمانی بەخراپە پێبكات ئەوە گوێڕایەڵی ناكرێت : ((لاَ طَاعَةَ فِي مَعْصِيَةِ اللَّهِ إِنَّمَا الطَّاعَةُ فِي الْمَعْرُوفِ))رواه البخاری ومسلم ، هەروەها بەشێوەكی گشتی پێویستە مرۆڤ ئاگاداری كردەوەكانی بێت وكردارێك نەكات ببێتە مایەی توڕەیی پەروەردگار لێی.

الصنعانی رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێت : ئەم ئەثرە ئاماژەی ئەوەی تێدایە كە خراپ بوون لەگەڵ دایك وباوك لە تاوانە گەورەكانە ، لێرە ئەگەرچی باسی دایك نەكراوە بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەو حوكمە دایك لە پێشترە وەك ئەم فەرموودەیەی كەدێت باسی دەكات .

# باب بر الأم

## فەرموودەی سێیەم

عَنْ بَهْزِ بْنِ حَكِيمٍ ، عَنْ أَبِيهِ ، عَنْ جَدِّهِ ، قُلْتُ : يَا رَسُولَ اللهِ ، مَنْ أَبَرُّ ؟ قَالَ : أُمَّكَ ، قُلْتُ : مَنْ أَبَرُّ ؟ قَالَ : أُمَّكَ ، قُلْتُ : مَنْ أَبَرُّ ؟ قَالَ : أُمَّكَ ، قُلْتُ : مَنْ أَبَرُّ ؟ قَالَ : أَبَاكَ ، ثُمَّ الأَقْرَبَ ، فَالأَقْرَبَ .

(باب بر الأم) چاكەكاری لەگەڵ دایك (الأم) لە زمانی عەرەبیدا بە مانای بنچینە دێت بۆیە بەدایكیش وتراوە چونكە بنچینەی منداڵە ، (عَنْ بَهْزِ بْنِ حَكِيمٍ) : كوڕی معاویەی القشیری یە ، (عَنْ أَبِيهِ) : حكیم كوڕی معاویەی القشیری یە ، (عَنْ جَدِّهِ) : معاویە كوڕی حیدە كوڕی معاویە القشیری یە ، چووەتە بەصرە ، لە پێغەمبەری خوداوە ﷺ فەرموودەی ڕیوایەت كردووە ، ئیبن سعد دەڵێت : وەك نوێنەر هاتووە بۆ لای پێغەمبەر ﷺ وهاوەڵی كردووە ، وە ابن الكلبي دەڵێت : باوكم پێی ڕاگەیاندم كە لە خۆراسان بینیویەتی وە هەر لەوێش مردووە .

(قُلْتُ : يَا رَسُولَ اللهِ ، مَنْ أَبَرُّ ؟ قَالَ : أُمَّكَ ، قُلْتُ : مَنْ أَبَرُّ ؟ قَالَ : أُمَّكَ ، قُلْتُ : مَنْ أَبَرُّ ؟ قَالَ : أُمَّكَ) ، وتم : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ لەگەڵ كێ باشبم ، فەرمووی : دایكت ، وتم : لەگەڵ كێ باشبم ، فەرمووی دایكت ،

وتم : لەگەڵ كێ باشبم ، فەرمووی دایكت ، (قُلْتُ : مَنْ أَبَرُّ ؟ قَالَ : أَبَاكَ ، ثُمَّ الأَقْرَبَ ، فَالأَقْرَبَ) ، وتم : لەگەڵ كێ باشبم ، فەرمووی : باوكت ، (ثُمَّ الأَقْرَبَ ، فَالأَقْرَبَ) ، پاشان ئەوەی خزمایەتی نزیكترە بە گوێرەی نزیكی خزمایەتیەكەی تا كۆتای هەموو خزمان .

النووی رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێت : زانایان دەڵێن : هۆكاری پێش خستنی دایك زۆرە ، زۆری ماندووبوونی وسۆز وبەزەیی وخزمەتی منداڵ ونارەحەتی وئێش وئازاری كاتی سكپڕی وپاشان ژانی منداڵبوون وپاشان شیرپێدان وپەروەردەكردن وخزمەت وشەونخونی لەكاتی نەخۆشی ، وجگە لەوانەش .

الحافظ رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێت : ئیبن بطال رَحِمَهُ ٱللَّهُ وتی : ئەوەی كە دایك سێ هێندەی باوك چاكەكاری لەگەڵدا بۆ دانراوە لەبەر نارەحەتی كاتی سكپڕی پاشان ئێش وئازاری منداڵبوون پاشان شیرپێدانە ئەم كردارانە تایبەتە بەدایك وبەتەنها ئازاریان پێوە دەچێژێت ، پاشان باوك لە پەروەردەكرن هاوبەشی دەكات ، ئەوەش ئاماژەی پێكراوە لە فەرمودەی پەروەردگار كە دەفەرموێت : ﴿ وَوَصَّيْنَا ٱلْإِنسَٰنَ بِوَٰلِدَيْهِ حَمَلَتْهُ أُمُّهُۥ وَهْنًا عَلَىٰ وَهْنٍ وَفِصَٰلُهُۥ فِى عَامَيْنِ ﴿١٤﴾ ﴾(لقمان) ، لە ئامۆژگاریدا دایك وباوكی بەیەكسانی باسكرد ، وە دایكی تایبەت كرد بەو سێ كردارەكەی تر .

زید المدخلی رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێت : ئەم فەرموودەیە ئامۆژگارییەكی دانایانەی تێدایە لە لایەن كەسێكەوە كە وەسفكراوە كە بۆ باوەڕداران دڵسۆز

وبەبەزەییە کە پێغەمبەرمان محمدە ﷺ بۆیە پێویستە پێوەی پابەندبین ، دایك لەبەر ئەو ماندووبوونە زۆر وهیلاکی وشەونخونییەی کە تووشی دەبێت لە سەرەتای سکپڕبوونیەوە تاوەکو لەدایك بوونی منداڵەکەی ئێش وئازارێکی زۆر دەچێژێت ، تا ئەو ڕادەی ژانی منداڵبوون ئەوەندە سەختە کام ئازار زۆر نارەحەت وگران بێت دەڵێن : لە ژانی منداڵبوون دەچێت ، دوای لە دایکبوونیش شەونخونی بە دیارییەوە دەکات وزۆر ماندوو دەبێت بە دیارییەوە ، بۆیە لە دادگەرییە ئەم فەرموودە پیرۆزە سیٚ لە چواری چاکە وگوێڕایەڵی منداڵی بۆ دایك داناوە وچارەکێکی بۆ باوك بۆ ئەوەی بۆ منداڵی ڕوونبکاتەوە کە گەورە بوو بزانێت چەندە فەزڵ وچاکەی دایکی لە سەریەتی پاشان باوکی ئینجا خزمە نزیکەکانی بەگوێرەی دووری ونزیکی خزمایەتیەکەیان .

الشوکانی رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت : (ثُمَّ الأَقْرَبَ ، فَالأَقْرَبَ) بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە بژێوی خزمان ئەگەر میراتگربن یانا پێویستە لەسەر مرۆڤ ، وە بەڵگەی ئەوەشی تێدایە کە خزمی نزیك شایانترە بە چاکەکاری وبەخشین وەك لە خزمێکی دوور .

وە ئەوەشی تێدایە کە هاوەڵان هەوڵی زۆریانداوە بۆ زانینی مافەکان وڕەچاوکردنیان ، وە جەختکردنەوەی زۆری ئیسلام لەسەر چاکەکاری لەگەڵ دایك پاشان باوك ، وە ئەوەی کە پلەکانی خزماتی جیاوازیان هەیە بەپێی دووری و نزیکی .

# فەرموودەی چوارەم

عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ أَنَّهُ أَتَاهُ رَجُلٌ فَقَالَ: إِنِّي خَطَبْتُ امْرَأَةً، فَأَبَتْ أَنْ تَنْكِحَنِي، وَخَطَبَهَا غَيْرِي، فَأَحَبَّتْ أَنْ تَنْكِحَهُ، فَغِرْتُ عَلَيْهَا فَقَتَلْتُهَا ، فَهَلْ لِي مِنْ تَوْبَةٍ؟ قَالَ: أُمُّكَ حَيَّةٌ؟ قَالَ: لَا. قَالَ: تُبْ إِلَى اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ، وَتَقَرَّبْ إِلَيْهِ مَا اسْتَطَعْتَ. [قال: عطاء بن يسار:] فَذَهَبْتُ، فَسَأَلْتُ ابْنَ عَبَّاسٍ: لِمَ سَأَلْتَهُ عَنْ حَيَاةِ أُمِّهِ؟ فَقَالَ: "إِنِّي لَا أَعْلَمُ عَمَلًا أَقْرَبَ إِلَى اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ مِنْ بِرِّ الْوَالِدَةِ".

(عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ) عبداللـەی كوڕی عباسی كوڕی عبدالمطلب كوڕی هاشم كوڕی عبدمناف الهاشمی یە ، نازناوی أبو العباسە ومەككیە ومەدەنی یە وپاشان لـە تائف دانیشتووە ، ئامۆزای پێغەمبەری خودا ﷺ وهاوەڵیەتی هەڵكەوتە وشارەزا وفەقیهی ئوممەتە ، وە ڕاڤەكاری قورئانە ١٦٦٠ فەرموودەی گێڕاوەتەوە ، عمر رضي الله عنه ڕاویژی پێدەكرد وە دەیگوت : لـەوانەیە كە زانستدا دەستێكی باڵای هەبووە ، وە سعد دەڵێت : كەسم نەبینیوە كە بیری ئامادەبێت وژیرتربێت وزانستی زۆربێت وزۆر دانابێت وەك ئیبن عباس ، وە دەمبینی عمر رضي الله عنه بۆ چارەسەری كێشە زۆر ئاڵۆزەكان بانگی دەكرد ، عكرمە دەڵێت : ئەگەر ئیبن عباس بەڕێگەدا بڕۆشتایە ئافرەتان دەیانگوت : ئایا مسك تێپەڕی یان ئیبن عباس ، وە مسروق دەڵێت : ئەگەر ئیبن عباست

ببینایە دەتگوت : جوانترین وپێکەوتەترینی خەڵکە ، وە ئەگەر قسەی بکردایە دەتگوت : قسەزانترین خەڵکە ، وە ئەگەر شتی بگێڕایەتەوە دەتگوت : زاناترین خەڵکە ، وە فەزڵ وڕێزی زۆری هەیە ، ئەبونعیم دەڵێت : ساڵی ٦٨ مردووە ، وە ئیبن بکیر دەڵێت : لە تائف مردووە ، وە محمد کوڕی الحنفیە نوێژی لەسەر کردووە .

الأثیوبی : دەڵێت : ئیبن عباس ٢٥ فەرمودەی لە پێغەمبەری خوداوە ﷺ بیستووە ، فەرموودەکانی تری لە هاوەڵانەوە بیستووە ، وە هەمووان کۆکن لەسەر ئەوەی مرسلی[1] هاوەڵان وەردەگیرێت .

٣ساڵ پێش کۆچ لە دایك بووە وە پێغەمبەری خودا ﷺ نزای بۆ کردووە بۆ تێگەیشتن لە قورئان ، نازناوی دەریا ودیار وهەڵکەوتەی لێنراوە لەبەر زۆری زانستی ، وە عمر رضي الله عنه دەڵێت : ئەگەر ئیبن عباس تەمەنی وەك ئێمە

---

(١) . لە زانستی (علوم الحدیث)دا کاتێك بە شێوەیەکی گشتی بگوترێت (مرسل) مەبەست ئەوەیە تابعیەك بڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی وناوی ئەو هاوەڵە نەهێنێت کە بۆی گێڕاوەتەوە ، ئەو جۆرە فەرموودەیە یەکێکە لە جۆرەکانی فەرموودەی (ضعیف) چونکە نازانرێت ئەوەی لە نێوان تابعیەکە وپێغەمبەری خودادایە ﷺ تابعییە بۆی گێڕاوەتەوە یان هاوەڵە ، بەڵام هاوەڵان لەبەر ئەوەی هەموویان (عدل)ن بە کۆڕای ئەهلی سوننەت لەبەرئەوە ئەگەر هاوەڵێك لە هاوەڵێکی ترەوە فەرموودە بگرێتەوە فەرموودەکە صحیحە .

بوایە هیچ کام لە ئێمە هاوتای نەدەبووین ، یەکێکە لەو هاوەڵانەی کە فەرموودەی زۆری گێڕاوەتەوە ، وە یەکێکە لە (العبادلة) وە لە زانایانی هاوەڵانە .

(أَنَّهُ أَتَاهُ رَجُلٌ فَقَالَ: إِنِّي خَطَبْتُ امْرَأَةً ، فَأَبَتْ أَنْ تَنْكِحَنِي) پیاوێك هات بۆلای پێی وت : من خوازبێنی ئافرەتێکم کرد ، بەڵام ڕازی نەبوو هاوسەرگیریم لەگەڵ بکات ، (وَخَطَبَهَا غَيْرِي ، فَأَحَبَّتْ أَنْ تَنْكِحَهُ) وە کەسێکی تر چووە خوازبێنی ، ئافرەتەکە حەزی کرد هاوسەرگیری لەگەڵ بکات ، (فَغِرْتُ عَلَيْهَا فَقَتَلْتُهَا) غیرەتم کرد وپێم ناخۆش ئافرەتەکەم کوشت ، (فَهَلْ لِي مِنْ تَوْبَةٍ ؟) ئایا تەوبە وپەشیمان بوونەوەم بۆ هەیە ؟ (قَالَ: أُمُّكَ حَيَّةٌ ؟) ئیبن عباس وتی : ئایا دایکت لە ژیاندا ماوە ؟ (قَالَ: لَا) وتی : نەخێر ، (قَالَ : تُبْ إِلَى اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ، وَتَقَرَّبْ إِلَيْهِ مَا اسْتَطَعْتَ) وتی : تەوبە بکە وبگەڕێرەوە بۆ لای خودا ﷻ ونزیکبەرەوە لێی ئەوەندەی دەتوانیت ، (قال: عطاء بن يسار:) الهلالي أبو محمدی مەدنی یە یەکێکە لە ناوداران ، ئیبن عدی دەڵێت : لە ساڵی ٩٧ مردووە ، وە عەمری کوڕی علی دەڵێت : لە ساڵی ١٠٣ مردووە کەسێکی باوەڕپێکراو وخاوەن ئامۆژگاری وپەرستش بووە .

(فَذَهَبْتُ، فَسَأَلْتُ ابْنَ عَبَّاسٍ: لِمَ سَأَلْتَهُ عَنْ حَيَاةِ أُمِّهِ ؟) ڕۆیشتم پرسیارم لە ئیبن عباس کرد : بۆچی پرسیاری ئەوەت لێکرد کە دایکی لە ژیاندا ماوە ؟ (فَقَالَ: "إِنِّي لَا أَعْلَمُ عَمَلًا أَقْرَبَ إِلَى اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ مِنْ بِرِّ الْوَالِدَةِ") وتی : هیچ

كردەوەیەك نازانم مرۆڤ نزیك بكاتەوە لە خودا ﷻ وەك چاكەكردن لەگەڵ دایكدا .

(أتاه رجل) شاردنەوەی كەموكورتیەكانی موسڵمانی لێوەردەگیرێت چونكە پێغەمبەر ﷺ فەرمووبەتی : (من سَتَرَ مسلماً سَتَرَه الله في الدُّنيا والآخرة) رواه مسلم ، (فغرت عليها فقتلتها) ترسناكی غیرەتكردن دەردەخات كە سەردەكێشێت بۆ غەیبەتكردن وئیرەیی بردن ودرۆكردن وتێكدانی نێوان خەڵك هەتا كوشتنی نەفسی بێتاوان ، بەڵام ئەگەر غیرەتكردن بۆ كارێكی شەرعی بوو دروستە لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خود ﷺ فەرموویەتی : ((اسْمَعُوا إِلَى مَا يَقُولُ سَيِّدُكُمْ إِنَّهُ غَيُورٌ وَأَنَا أَغْيَرُ مِنْهُ وَاللَّهُ أَغْيَرُ مِنِّي ))رَوَاهُ مُسْلِمٌ ، وە ئەو فەرموودەی كە دەفەرموێت : (إِن من الْغيرَة مَا يحب الله ، وَمِنْهَا مَا يبغض الله) ، (فهل لي من توبة؟) نائومێد نەبوون لە تەوبە وپەشیمان بوون وبێ هیوا نەبوون لە ڕەحمەتی خودای تێدایە كە چەندەها بەڵگەی قورئان وسوننەت لەو بارەوە هاتووە خودا ﷻ دەفەرموێت : ﴿ قُلْ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُواْ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًاۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ٥٣ ﴾(الزمر) ، هەروەها ئەوەشی تێدایە كە پێویستە ئەگەر پرسیارێكی شەرعی هەبوو بە دوای كەسێكی شارەزادا بگەڕێیت بۆ ئەوەی پرسیاری لێبكات بۆ ئەوەی بەلاڕێیدا نەبەن وەك بەسەرهاتی ئەو كەسەی نەوەد ونۆ كەسی كوشت بوو یەكەم جار بۆ پرسیاری تەوبەكردن ڕوویكردە

کابرایەکی خواپەرست ئەویش وەلاَمێکی هەڵەی دایەوە بووە مایەی کوشتن ولە ناوچوونی خۆیشی ، بەلاَم جاری دووەم پرسیاری لە زانایەك کرد وتی سەد کەسم کوشتووە ئایە تەوبەم بۆ هەیە ئەویش وەلاَمی بە ئەرێنی دایەوە ، (تب إلى الله عز وجل، وتقرب إليه ما استطعت) ئەم باسە ئەوە دەگەیەنێت کە ئیبن عباس بۆچوونی وابووە کە بکوژ دەتوانێت تەوبەبکات ولە ئاگری دۆزەخدا بەهەمیشەیی نامێنێتەوە ، الألباني ﵀ ئەو باسەی بەدرێژی لە (الصحيحة) کردووە کە بەکورتی لە دەربارەی ئەم فەرموودەیە (عن زيد بن ثابت" قال لما نزلت هذه الآية التي في الفرقان ﴿وَٱلَّذِينَ لَا يَدۡعُونَ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ وَلَا يَقۡتُلُونَ ٱلنَّفۡسَ ٱلَّتِي حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلۡحَقِّ ﴿٦٨﴾﴾ (الفرقان) ، عجبنا للينها سبعة أشهر ثم نزلت التي في النساء ﴿وَمَن يَقۡتُلۡ مُؤۡمِنٗا مُّتَعَمِّدٗا فَجَزَآؤُهُۥ جَهَنَّمُ خَٰلِدٗا فِيهَا وَغَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَلَعَنَهُۥ ﴿٩٣﴾﴾ (النساء) حتى فرغ ) ، ئەوەی کە باوە لە ئیبن عباسەوە بکوژی ئەنقەست تەوبەی بۆ نییە وەك ئیبن کپیر وئیبن حجر ئەوەیان باسکردووە ، بەلاَم جمهوری زانایان پێچەوانەی ئەوەن ، کەوەش بۆچوونی ڕاستە وگومانی تێدا نییە ، وە ئەو ئایەتەی سورەتی (الفرقان) بەڕاشکاوی باسی ئەوە دەکات ، وە ئایەتەکەی سورەتی (النساء)پێچەوانەی نییە ، چونکە ئەم ئایەتە سزای بکوژەکەیە نەك باسی تەوبەکردنی ، ئەوەش بە ئاشکرا دیارە ، ، لەبەر ئەوەیە کە گەڕاوەتە سەر ئەم بۆچوونە وەك لە هەندێك ڕیوایەتدا لە ئیبن عباسەوە بینیومە ، وە

لەبەر ئەوەی ناوازەیە دەبینیم باسیان بکەم ، یەکەم (ئەم فەرموودەی ژمارە٤) باسدەکات ، دووەم ئەوەی کە سعید لە ئیبن عباسی گێڕاوەتەوە کە لە ڕاڤەی ئەم ئایەتەدا : ﴿ وَمَن يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُّتَعَمِّدًا ﴿٩٣﴾ ﴾ ، گوتویەتی : بکوژ تەوبەی بۆ نییە مەگەر داوای لێخۆشبوون لە خودا بکات ، کە ئیبن جریر الطبری گێڕاویەتیەوە بە سەنەدێکی باش ، وەك ئەوەی بڵێت لێخۆشبوونی بۆ نییە ، پاشان ئەوەی بۆ خۆی ڕاستکردەوە ووتی مەگەر ئەوەی خودا لێی ببورێت ، وە هەروەها ترسناکی وخراپی کوشتنی لێوەردەگیرێت بەوەی تاوانێکی گەورەیە بۆیە لە بری لێخۆشبوونی پێویستی بە تەوبەی ڕاستەقینە وهەوڵدانی زۆر هەیە بۆ ئەوەی خودا لێیخۆش ببێت ، (فذهبت ، فسألت ابن عباس: لم سألته عن حياة أمه؟) ئەم بڕگەیە وانەی ئەوەی تێدایە کە ئەگەر کەسێك لە شتێکدا نەیزانی پێویستە پرسیار بکات بۆ ئەوەی بۆی ڕوون بکرێتەوە ، (فقال: إني لا أعلم عملاً أقرب إلى الله عز وجل من بر الوالدة) ، ئەمە خاکی بوون وسادەی وبێ فیزی ئیبن عباس رضي الله عنهما دەردەخات کە بەم شێوازە وەڵام دەداتەوە ودەڵێت : هیچ کردەوەیەك نازانم وە نەیوتووە تەنها دەبێت ئەو کردارە ئەنجام بدەیت ، وە ئەوەشی تێدایە کە چاکەکاری لەگەڵ دایك دەبێتە کەفارەتی تاوانی گەورەی وەك کوشتن بە مەرجی تەوبەکردن وپەشیمان بوونەوە لێی .

# بَابُ بِرِّ الْأَبِ

## فەرموودەی پێنجەم

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ : ((قِيلَ : يَا رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ! مَنْ أَبَرُّ؟ قَالَ: "أُمَّكَ". قَالَ: ثُمَّ مَنْ؟ قَالَ: "أُمَّكَ" ، قَالَ: ثُمَّ مَنْ ؟ قَالَ : "أمك" ، قال: ثم من؟ (ثم عاد الرابعةَ ف) قال : "أباك")).

(بَابُ بِرِّ الْأَبِ) چاكەكاری لەگەڵ باوك (عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ) هاوەڵی بەڕێزی پێغەمبەری خودا ﷺ ، ناكۆكیەكی زۆر هەیە لەسەر ئەوەی كەناوی خۆی وباوكی چییە ، وتراوە عبدالرحمن كوڕی صخر وە وتراوە عبدالله كوڕی عائذ الدوسی یە ، النووی لە چەند شوێنێك لە كتێبەكانیدا دەڵێت : ناوی أبو هریرە عبدالرحمن كوڕی صخرە ئەوە بۆچوونی دروستە لە نێوان سی بۆچوون ، هەموو فەرموودە ناسان كۆكن لەسەر ئەوەی كە هیچ هاوەڵێك هێندەی ئەبوهریرە فەرموودەی نەگێڕاوەتەوە ، ٥٣٧٤ فەرموودەی هەیە ، لە نێوان كاتی حودەیبیە وساڵی خیبر دا موسڵمان بووە ، وە كۆچی كردووە بۆ مەدینە

ولە (الصفه)[١] دانیشتووە ، دەڵێت : ئێوە دەڵێن ئەبو هریرە زۆر فەرموودە لە پێغەمبەری خوداوە ﷺ دەگێڕێتەوە ، لە حزوری خودادا یەکتر دەبینینەوە ، من پیاوێکی هەژاربووم ، لەگەڵ پێغەمبەری خودا ﷺ دەمامەوە تەنها بەوەی سکم برسی نەبێت ڕازی بووم ، کۆچەرییەکان لە بازاڕ سەرقاڵی کڕین وفرۆشتن بوون ، وە پشتیوانە کانیش بەڕێوەبردنی ماڵ وسامانەکانیان سەرقاڵی کردبوون ، ئامادەی کۆڕێکی پێغەمبەری خودابووم ﷺ فەرمووی : کێ چارۆکەکەی ڕادەخات هەتا لە وتەکەم دەبمەوە ، پاشان بۆ خۆی کۆی بکاتەوە ، ئیدی هەرگیز ئەوەی لە منی بیستووە هیچی لە بیرناچێت ، من چارۆکەکەم ڕاخست هەتا لە وتەکانی بوویەوە ، پاشان کۆمکردەوە ، سوێند بەو نەفسەی گیانی منی بەدەستە لە دوای ئەوە هیچ شتێکم لە بیر نەچوو کە لێم دەبیست ، ئیبن إسحاق دەڵێت : هەندێك لە هاوەڵەکانم لە ئەبوهریرەوە بۆیانگێڕامەوە کە وتویەتی : ناوم لەسەردەمی نەفامیدا عبدشمس کوڕی صخر بوو ، پێغەمبەری خودا ﷺ ناوی عبدالرحمن لێنام ، وە نازناوی ئەبوهریرەشم بۆیە لێنراوە چونکە من پشیلەیەکم دۆزییەوە خستمە نێو مەچەکی جلەکەمەوە ئیدی پێم وترا ئەبوهریرە ، الترمذی

---

(١) . شوێنێکی تایبەت بوو بەو هاوەڵانەی پێغەمبەری خودا ﷺ کە هەژار ونەداربوون وبێ ماڵ وحاڵبوون لە کۆتای مزگەوتەکەی پێغەمبەری خودا ﷺ بوو ، ، وتیایدا دەمانەوە .

بەسەنەدێكی حسن لە عبیداللە كوڕی رافع گێڕاویەتییەوە دەڵێت : نازناوی ئەبوهریرەم لەبەر ئەوە لێنراوە كاتێك كە شوانی مەڕ ومالاتی ماڵی باوكم بووم ، پشیلەیەكی بچكۆلەم هەبوو بە شەو دەمخستە سەردارێك ، ئەگەر رۆژ هەڵهاتبا لەگەڵ خۆم دەمبرد ، یاریم پێدەكرد ، ئیدی نازنای ئەبوهریرەیان لێنام ، وە نوێژی لەسەر عائشە رضي الله عنها كردووە ، بوخاری دەڵێت لە ساڵی ٥٧ مردووە لە كۆشكەكەی خۆی لە العقیق وگواستیانەوە بۆ مەدینە .

(قَالَ: قِيلَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ! مَنْ أَبَرُّ؟ قَالَ: "أُمَّكَ". قَالَ: ثُمَّ مَنْ؟ قَالَ: "أُمَّكَ". قَالَ: ثُمَّ مَنْ؟ قَالَ: "أمك".)، دەڵێت : وترا : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ لەگەڵ كێ چاكبم ، فەرموی : دایكت ، وتی پاشان كێ ، فەرمووی دایكت ، وتی : پاشان كێ ، فەرمووی : دایكت ، (قال: ثم من؟ (ثم عاد الرابعةَ ف) قال : "أباك".) ، وتی پاشان كێ (جاری چوارەم دووبارەی كردەوە) فەرمووی باوكت .

ئەم فەرموودەیە گەورەیی فەزڵی دایك وپاشان باوك دەسەلمێنێت كە بە درێژی لە فەرموودەكانی پێشتر باسكرا .

## باب لين الكلام لوالديه

## فەرموودەی شەشەم

عن طَيْسَلَةُ بْنُ مَيَّاسٍ قَالَ : كُنْتُ مَعَ النَّجدَاتِ ، فَأَصَبْتُ ذُنُوبًا لَا أَرَاهَا إِلَّا مِنَ الْكَبَائِرِ، فَذَكَرْتُ ذَلِكَ لِابْنِ عُمَرَ ، قَالَ : مَا هِيَ ؟ قُلْتُ : كَذَا وَكَذَا ، قَالَ : لَيْسَتْ هَذِهِ مِنَ الْكَبَائِرِ ، هُنَّ تِسْعٌ : الْإِشْرَاكُ بِاللَّهِ ، وَقَتْلُ نَسَمَةٍ ، وَالْفِرَارُ مِنَ الزَّحْفِ ، وَقَذْفُ الْمُحْصَنَةِ ، وَأَكْلُ الرِّبَا ، وَأَكْلُ مَالِ الْيَتِيمِ ، وَإِلْحَادٌ فِي الْمَسْجِدِ ، وَالَّذِي يَسْتَسْخِرُ ، وَبُكَاءُ الْوَالِدَيْنِ مِنَ الْعُقُوقِ ، قَالَ : لِي ابْنُ عُمَرَ : أَتَفْرَقُ النَّارَ ، وَتُحِبُّ أَنْ تَدْخُلَ الْجَنَّةَ ؟ قُلْتُ : إِي ، والله ! قال: أحيٌّ والداك ؟ قُلْتُ : عِنْدِي أُمِّي ، قَالَ : فَوَاللَّهِ ! لَوْ أَلَنْتَ لَهَا الْكَلَامَ ، وَأَطْعَمْتَهَا الطَّعَامَ ، لَتَدْخُلَنَّ الْجَنَّةَ مَا اجْتَنَبْتَ الكبائر.

(باب لين الكلام لوالديه) بە نەرمی قسەکردن لـەگەڵ دایك وباوك ، ( عن طَيْسَلَةُ بْنُ مَيَّاسٍ) الـسلمی یە وە دەگوترێت الهذلی یە ، و میاس نازناوە وخۆی ناوی علی یە ویەمەنییە ،(كُنْتُ مَعَ النَّجدَاتِ) دەڵێت : من لە شوێنکەوتووانی نجدە کوڕی عامر بووم کە خەوارج بوون ، لـە بنچینەکانی بۆچوونەکەیان ئەوەیە : هەرکەسێك درۆیەکی بچووك بکات یان تاوانێکی بچووك ئەنجامبدات وپێداگربێت لـەسەری ئەوە بە هۆیەوە دەبێتە بێباوەڕ

وهاوەڵبڕیاردەر ، وە هەروەها ئەگەر تاوانێكی گەورە ئەنجامبدات ، وە دەڵێن : هەركەس هەڵگری بیری ئێمەبێت تاوانی گەورەش ئەنجامبدات پێی كافر نابێت ، بەڵام ئەو كەسانەی جگە لە ئێمەن وتاوانی گەورە ئەنجام دەدەن كافرن .

(فَأَصَبْتُ ذُنُوبًا لَا أَرَاهَا إِلَّا مِنَ الْكَبَائِرِ) هەندێك تاوانم كرد وام دەبینی كە لە تاوانە گەورەكانە ، لەبەر ئەوەی كەوتبووە ژێر كاریگەری بیری خەوارجەكان كە موسڵمان بە تاوان لە ئاینی ئیسلام دەردەكەن .

(فَذَكَرْتُ ذَلِكَ لِابْنِ عُمَرَ. قَالَ: مَا هِيَ ؟ قُلْتُ : كَذَا وَكَذَا) ئەوەم باسكرد بۆ عبداللەی كوڕی عمری كوڕی خەتاب رضي الله عنهما وتی : چین ئەو تاوانانەی ئەنجامتداوون ؟ وتم : ئەو تاوانە وئەو تاوانە ، ئەمە پۆشینی تاوان وباسنەكردنی تێدایە كە ئەگەر پێویست نەبوو باشتروایە بەشاراوەی بمێنێتەوە ، (قَالَ: لَيْسَتْ هَذِهِ مِنَ الْكَبَائِرِ ، هُنَّ تِسْعٌ : الْإِشْرَاكُ بِاللَّهِ ، وَقَتْلُ نَسَمَةٍ ، وَالْفِرَارُ مِنَ الزَّحْفِ ، وَقَذْفُ الْمُحْصَنَةِ ، وَأَكْلُ الرِّبَا ، وَأَكْلُ مَالِ الْيَتِيمِ ، وَإِلْحَادٌ فِي الْمَسْجِدِ ، وَالَّذِي يَسْتَسْخِرُ ، وَبُكَاءُ الْوَالِدَيْنِ مِنَ الْعُقُوقِ) وتی : ئەمە لە تاوانە گەورەكان نییە ، تاوانە گەورەكان نۆ تاوانن : هاوەڵبڕیاردان بۆ خودا جل جلاله ، وكوشتنی نەفس ، وهەڵهاتن لە ڕۆژی ڕووبەڕوو بوونەوەی دوژمنان لە مەیدانی شەڕ ، وتۆمەتباركردنی ئافرەتی داوێن پاك بە زینا ، وخواردنی سوو ، وخواردنیماڵی هەتیوو ، وستەم ودەستدرێژیكردنە سەر خەڵك لە نێو مزگەوتدا ، وبەكرێ گرتنی كرێكار وپێنەدانی كرێكەی یان گاڵتەكردن بە مرۆڤ

وسوكایەتی پێكردنی كە هەردوو ماناكە لە یەكەوە نزیكن چونكە كەسێك كە كرێكارێك بۆ ئیشێك بە كرێ بگرێت ومافی نەدات ئەوە گاڵتە پێكردن وسوكایەتی كردنە بەرامبەری ، وگریانی دایك وباوك لەبەر خراپ بوونی منداڵەكەیان لەگەڵیان .

(قَالَ: لِي ابْنُ عُمَرَ: أَتَفْرَقُ النَّارَ، وَتُحِبُّ أَنْ تَدْخُلَ الْجَنَّةَ؟) ئیبن عمر رضي الله عنهما پێی وتم : ئایا دەترسیت لە ئاگر ، مەبەست ئاگری دۆزەخە ، وحەزدەكەیت بچیتە نێو بەهەشتەوە ؟ ئەمە هاندان وئومێد بەخشین وبێ هیوانەكردنی تاوانبارە ، (قُلْتُ : إِي، واللهِ!) وتم : بەڵێ سوێند بەخودا ! ، (قال: أحيٌّ والداك؟) ، وتی : دایك وباوكت لە ژیاندا ماون (قُلْتُ: عِنْدِي أُمِّي) وتم : دایكم ماوە ولای من دەژی ، (قَالَ: فَوَاللَّهِ! لَوْ أَلَنْتَ لَهَا الْكَلَامَ ، وَأَطْعَمْتَهَا الطَّعَامَ، لَتَدْخُلَنَّ الْجَنَّةَ مَا اجْتَنَبْتَ الكبائر) وتی : سوێند بە خودا ئەگەر بە نەرمی قسەی لەگەڵدا بكەیت ونانی بدەیت ، بە دڵنیاییەوە دەچیتە بەهەشتەوە ، ئەمەش هاندانی تێدایە بۆ كاری باش ، وە سووربوونی مرۆڤ لەسەر بۆچوونەكانی چونكە ئیبن عمر رضي الله عنهما جەختی لەو وتانەی خۆی كردووەتەوە بەوەی سوێندی خواردووە كە ئەگەر ئەو كردەوە باشانە لەگەڵ دایكیدا ئەنجامبدات دەچێتە بەهەشتەوە .

ئەم ئەثرە سوودی ئەوەی لێدەكرێت كە زانایان دەتوانن ئەو كێشانە بە هۆی توندڕەوییەوە سەرهەڵدەدەن بەزانستی قورئان وسوننەت چارەسەری بكەن ، ئەوەش بەڕاستكردنەوەی بۆچوونی هەڵەی كەسانی نەفام ونەشارەزا

لە ئاینی خودا ، وە بە مژدەی پێغەمبەری خودا ﷺ زانای خوداناس تا ڕۆژی دوایی لەم ئوممەتە بەردەوام بوونیان دەبێت بە بەڵگەی ئەو فەرموودەی كە دەفەرموێت : ((يَحْمِلُ هَذَا الْعِلْمَ مِنْ كُلِّ خَلَفٍ عُدُولُهُ يَنْفُونَ عَنْهُ تَأْوِيلَ الْجَاهِلِينَ وَانْتِحَالَ الْمُبْطِلِينَ وَتَحْرِيفَ الْغَالِينَ)) ، وە هەروەها ئەوەی كە پێویستە كەسانی ناشارەزا نەكرێنە پێشەوای موسڵمان بۆ ئەوەی بە نەفامی فەتوای چەواشەكارانەیان بۆ نەدەن ، وە پێویستە لەسەر خەڵكیش هۆشیاربن وبزانن پێداویستی ئاینەكەیان لای چ جۆرە كەسانێكەوە دەست دەخەن ، وە بەڵگەی ئەوەشی تێدایە كە تاوانەكان دابەش دەبن بۆ تاوانی گەورە وتاوانی بچووك ، بەڵام دیاریكردنی سنوری تاوانی گەورە وبچووك زانایان زۆر ناكۆن لەسەری ، تا ڕادەیەك هەندێك زانا بە باشیان دانەناوە كە هیچ تاوانێك بە بچووك دابنرێت لە ڕوانگەی ئەوەی سەرپێچی خودای بالآدەستە ، وە كە دەڵێن ئەم تاوانە بچووكە مەبەستیان ئەوەیە لە ئاست تاوانێكی لە خۆی گەورەترە ، بەڵام ئەوەی ڕاستی یە كۆمەڵێك زۆر بەڵگە لە قورئان وسوننەتدا هاتووە بە ڕوونی بەڵگەن لەسەر ئەوەی تاوانەكان جیاوازیان هەیە وهەندێكیان پێیان دەگوترێت (الكبائر) خودا ﷻ دەفەرموێت : ﴿إِن تَجْتَنِبُوا۟ كَبَآئِرَ مَا تُنْهَوْنَ عَنْهُ نُكَفِّرْ عَنكُمْ سَيِّـَٔاتِكُمْ وَنُدْخِلْكُم مُّدْخَلًا كَرِيمًا ﴿٣١﴾﴾ (النساء) ، وە دەفەرموێت :﴿وَٱلَّذِينَ يَجْتَنِبُونَ كَبَٰٓئِرَ ٱلْإِثْمِ وَٱلْفَوَٰحِشَ وَإِذَا مَا غَضِبُوا۟ هُمْ يَغْفِرُونَ ﴿٣٧﴾﴾(الشوری) ، وە دەفەرموێت :﴿ٱلَّذِينَ يَجْتَنِبُونَ كَبَٰٓئِرَ

ٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡفَوَٰحِشَ إِلَّا ٱللَّمَمَۚ إِنَّ رَبَّكَ وَٰسِعُ ٱلۡمَغۡفِرَةِۚ ﴿٣٢﴾ (النجم) ، دیسان ناكۆكن لەوەی پێناسەی تاوانی گەورە بكەن : وتراوە : ئەو تاوانە گەورەیە كە حەدی بۆ دیاریكراوە ، وە وتراوە : ئەو تاوانە گەورەیە هەڕەشەی توند لە ئەنجامدەرانی كراوە ، وە تراوە : ئەو تاوانەی لە قورئاندا دەقی لەسەر هاتبێت كە حەرامە تاوانی گەورەیە ، وە چەندان بۆچوونی تریش كە هەریەكە لە خاوەنی ئەو بۆچوونانە هەندێك تاوانی گەورەیان باسكردووە ، دیسان ناكۆكیەكی زۆر هەیە ئایا تاوانەگەورەكان دەتوانرێت بژمێردرێت یانا ، الواحدی دەڵێت : ئەوەی ڕاستی یە تاوانە گەورەكان چوارچێوەیەكی دیاریكراوی نییە خەڵكی بیزانن ، وە ئەوەی كە دەڵێت نۆ تاوانن مانای سنورداركردنی ناگەیەنێت چونكە ئاشكرایە كە تاوانە گەورەكان زۆر لەو ژمارەیە زیاترە وەك دزیكردن ودرۆكردن وزیناكردن وجادوگەری ....، وە خراپی وگەورەیی هەریەكە لەو تاوانانە كە پێویستە موسڵمان خۆیانی لێ بپارێزێت ، وە بوخاری رَحِمَهُ اللَّهُ ئەم ئەثرەی بۆیە لێرە باسكردووە بۆ ئەوەی پیشانی بدات خراپبوون لەگەڵ دایك وباوك لە ڕیزی تاوانە گەورەكانە ، وە ئەوەی چاكەكردن لەگەڵ دایك وباوك هۆكارێكە بۆ چوونە بەهەشت ، وە ئەوەی كە دەتواندرێت سوێند بخورێت بەبێ ئەوەی داوای ئەوەی لێبكرێت .

# فەرموودەی حەوتەم

عن عروة قالَ : ﴿ وَٱخۡفِضۡ لَهُمَا جَنَاحَ ٱلذُّلِّ مِنَ ٱلرَّحۡمَةِ ﴿٢٤﴾ ﴾(الإسراء) قَالَ: "لَا تَمْتَنِعْ مِنْ شَيْءٍ أَحَبَّاهُ".

(عن عروة) كوڕی زبير كوڕی العوام الأسدی يه نازناوی ئەبوعبدالله يه ، ساڵی ٢٩ لە سەرەتای خەلافەتی عمر الفاروقدا لە دايك بووە ، يەكێكە لە حەوت فقيهەكەی مەدينە ، وە يەكێكە لە زانايانی تابعيەكان خوشكەزانی عائشەی دايكی ئيمانداران رضي الله عنها ، العجلی دەڵێت : خۆی بە هيچ فيتنەيەكەوە سەرقاڵ نەكردووە ، والزهری دەڵێت : عروە دەريايە بە دۆڵكە لەكەدار نابێت ، وە ئيبن شوذب دەڵێت : هەموو شەوێك چارەكێكی قورئانی دەخوێند ، وە كاتێك مرد بە ڕۆژوو بوو ، وساڵی ٩٤ مردووە .

قَالَ :﴿ وَٱخۡفِضۡ لَهُمَا جَنَاحَ ٱلذُّلِّ مِنَ ٱلرَّحۡمَةِ ﴿٢٤﴾ ﴾ ، ئيبن كثير رحمه الله دەڵێت : بەكردەوە خاكی بوونی خۆتيان بۆ بسەلمێنە ، السعدی رحمه الله دەڵێت : خاكی بە بەرامبەريان ، سەركز وبە بەزەيی بە بەرامبەريان ، لە وەشدا چاوەڕوانی پاداشی خودابە ، نەوەك بە هۆی ترس بێت لێيان يان چاوەڕوانی ماڵ وسامانيان بيت ، يان هەرشتێكی تری هاوشێوەی ئەوانە كە مرۆڤ لەسەری پاداشت نادرێتەوە ،(قَالَ:"لَا تَمْتَنِعْ مِنْ شَيْءٍ أَحَبَّاهُ") عروە رحمه الله لە لێكدانەوەی مانای ئەو ئايەتەدا وتی : هەرشتێك كە دايك وباوك پێيان خۆشە

بۆیانی دابین بکە ومەبە ڕێگر لەبەر بەدەستهێنانی بۆیان ، بەمەرجێك ئەو شتەی دەیانەوێت وداوای دەکەی سەرپێچی خودا نەبێت یان بۆ سەرپێچی خودا بە کارنەهێنرێت .

ئیبن القیم رَحِمَهُ اللهُ دەڵێت : مانای ئەوەی باڵ دراوەتە پاڵ خاکیبوون وزەلیلی ئەوەیە کە خاکی بوون باڵکی معنوی هەیە بەو شێوەیە کە گونجاوە نەوەك باڵ لە پەڕ ، الشنقیطی رَحِمَهُ اللهُ دەڵێت : دەست لێرە بە ڕاستی بەکارهێنراوە ، چونکە (جناح) لە ڕاستیدا بە مەچەك وباڵ وبازوش دەوترێت ، (الخفض)یش بە مانای ڕاستەقینەی خۆی بەکارهاتووە کە دژی بەرزکردنەوەیە ، لەبەر ئەوەی ئەو کەسەی دەیەوێت لە کەسێك بدات دەستەکانی بەرزدەکاتەوە ، وە ئەو کەسەی دەیەوێت خاکیبوون وبەزەیی بنوێنێت دەستەکانی نزمدەکاتەوە ، بەوەش فەرمانکردن بە داگرتنی دەستەکان لە ئاست دایك وباوك خوازراوە بۆ نەرم ونیانی نواندن وخاکیبوون لەگەڵیان .

## بَابُ جزاء الوالدين

## فەرمودەی هەشتەم

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ  عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: ((لَا يَجْزِي وَلَدٌ وَالِدَهُ، إِلَّا أَنْ يَجِدَهُ مَمْلُوكًا فَيَشْتَرِيَهُ فَيُعْتِقَهُ)).

(بَابُ جزاء الوالدين) ، پاداشتی دایك وباوك ، (عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ : ((لَا يَجْزِي وَلَدٌ وَالِدَهُ، إِلَّا أَنْ يَجِدَهُ مَمْلُوكًا فَيَشْتَرِيَهُ فَيُعْتِقَهُ")) ، ئەبوهريره ﵁ دەڵێت : پێغەمبەر خودا ﷺ فەرمووی : منداڵ پاداشتی باوكی ناداتەوە ئیلا بەوە نەبێت ببینێت بە كۆیلەی وبیكڕێتەوە وئازادی بكات ، السندی ﵀ دەڵێت : ئەم فەرموودەیە بەڵگەی ئەوەی تێدایە كە كۆیلە وەك تیاچوو وایە ، وەك ئەوە وایە بە كڕینی ورزگاركردنی لەو تیاچوونە گەڕابێتەوە بۆ ژیان ، منداڵ بەو كردەوەی هاوتای كرداری باوكی دەكات ، چونكە باوك هۆكاری بوونیەتی ، بە هۆیەوە منداڵ لە نەبوونەوە هاتووەتە بوون .

الجزری ﵀ دەڵێت : مانای ئەوە نییە كە دەبێت دوای كڕینی ئازادی بكات ، چونكە زانایان كۆڕان كە باوك ئەگەر كوڕەكەی بوو بە خاوەنی

یەکسەر ئازاد دەبێت ، بەڵکو مانای ئەوەیە ئەگەر کڕی وبوو بەخاوەنی بەو خاوەنداریەتیە باوکە ئازاد دەبێت ، لەبەر ئەوەی کڕینەکە هۆکاری ئازاد بوونەکەیەتی وئازادکرنەکە دراوەتەپاڵی ... المبارکفوری رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێت : ئەوەی دەڵێت زانایان کۆڕان کە ئەگەر کوڕ بوو بەخاوەنی باوکی باوکەکە یەکسەر ئازاد دەبێت جێگەی تێڕامانە ، چونکە هەندێك لە ظاهریەکان بۆچوونیان وایە باوك ئازاد نابێت تەنها بەوەی کوڕەکەی ببێت بەخاوەنی بەڵکو دەبێت کوڕەکە ئازادی بکات بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە .

الصنعانی رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێت : بەڵگەی ئەوەی تێدایە بە تەنها کڕینی ئازاد نابێت بەڵکو پێویستە دوای کڕینی ئازادی بکات ، ئەوەش بۆچوونی ظاهریەکانە ، وە جمهور دەڵێن : باوك تەنها بەکڕینی ئازاد دەبێت ، وە وشەی (فَيُعْتِقَهُ)یان بەوە لێکداوەتەوە لەبەر ئەوەی کڕینەکەی هۆکاری ئازادبوونەکەیە بە مجاز دراوەتە پاڵی ، شاراوە نییە کە ڕاستی ڕەواڵەتی وشەکان بنچینەیە ومانای تری لای لێناکرێتەوە مەگەر بەڵگەیەکی تر هەبێت دەریبخات کە ڕەواڵەتەکە مەبەست نییە ، بەڵام ئەم فەرموودەی سمرە دەڵێت پێغەمبەر خودا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی : (مَنْ مَلَكَ ذَا رَحِمٍ مَحْرَمٍ فَهُوَ حُرٌّ) ئەو ڕەواڵەتەی گۆڕیوە ، ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئازادکردنی باوك وە هەروەها بۆ دایکیش جگە لای داود رَحِمَهُ ٱللَّهُ .

# فەرموودەی نۆیەم

عن أبي بردة ؛ أَنَّهُ شَهِدَ ابْنَ عُمَرَ، ورجلٌ يمانيٌ يَطُوفُ بِالْبَيْتِ حَمَلَ أُمَّهُ وراء ظهره يقول:

إِنِّي لَهَا بَعِيرُهَا الْمُذَلَّلُ ... ... إِنْ أُذْعِرَتْ رِكَابُهَا لَمْ أُذْعَرِ

ثُمَّ قَالَ: يَا ابْنَ عُمَرَ! أَتُرَانِي جَزَيْتُهَا ؟ قَالَ : لَا. وَلَا بِزَفْرَةٍ واحدة ، ثم طَافَ ابْنُ عُمَرَ، فَأَتَى الْمَقَامَ، فَصَلَّى رَكْعَتَيْنِ. ثُمَّ قَالَ: يَا ابْنَ أَبِي مُوسَى! إِنَّ كُلَّ ركعتين تكفران ما أمامهما.

(عن أبي بردة) :کوڕی أبوموسى الأشعرية ، ئیبن حبان دەڵێت : ناوی عامره شەرعزان وقازی کوفه بووه ، له ساڵی ١٠٤ مردووه که تەمەنی لەو کاته له٨٠ساڵ زیاتر بوو ، ئیبن المدائنی دەڵێت : ئەبوموسى ئەم کوڕەی له دایك بوو له سەردەمی خەلافەتی عثماندا ﷺ یان له خەلافەتی عمردا ﷺ کاتێك ئەمیری شاری بەصره بوو ، (أَنَّهُ شَهِدَ ابْنَ عُمَرَ) ئیبن عمری بینی (ورجلٌ يمانيٌ يَطُوفُ بِالْبَيْتِ حَمَلَ أُمَّهُ وراء ظهره يقول:) پیاوێکی یەمەنی تەوافی دەکرد بەدەوری کەعبەدا ــ ودایکی به کۆڵەوه گرتبووــ دەیگوت : (إِنِّي لَهَا بَعِيرُهَا الْمُذَلَّلُ ...... إِنْ أُذْعِرَتْ رِكَابُهَا لَمْ أُذْعَرِ) من حوشتری سەرکرز کراوم بۆی ، ئەگەر حوشتر سوارییەکە بترسێنێت من دایکم ناترسێنم وگوێڕایەڵی دەکەم ، (ثُمَّ قَالَ: يَا ابْنَ عُمَرَ! أَتُرَانِي جَزَيْتُهَا؟) پاشان وتی ئەی ئیبن عمر : وا

دەبینی بەم کردەوەیەم پاداشتی دایکمم دابیتەوە ، (قَالَ : لَا، وَلَا بِزَفْرَةٍ واحدة) وتی : نەخێر ، تەنها پاداشتی هەڵکێشانی یەك هەناسەی بە ئازاریت نەداوەتەوە ، ئەو جۆرە ئازارەی هەڵکێشانی هەناسە بە تایبەت لە کاتی منداڵبووندا بۆ دایك دێت زۆر بە ئێش وئازارە ، (فَأَتَى الْمَقَامَ ، فَصَلَّى رَكْعَتَيْنِ) هاتە لای مەقامی إبراهیم عليه السلام دوو ڕکات نوێژی کرد ، (ثُمَّ قَالَ) پاشان وتی ، (يَا ابْنَ أَبِي مُوسَى!) : عبدالله کوڕی قیس کوڕی سلیم الأشعریه ، هاوەڵێکی ناسراوی پێغەمبەری خودایە رضي الله عنه ، عمر وعثمان رضي الله عنهما کردویانە بە کاربەدەست ، وە ئەبو موسی یەکێك بوو لە دوو داوەرەکەی ڕۆژی صفین ساڵی ٥٠ مردووە وە وتراشە دوای ئەوە مردووە ، وە کۆچی حەبەشەی کردووە وبووەتە کاربەدەستی زبید وعدن لەیەمەن وکوفە وبەصرە بۆ عمر رضي الله عنه وە لەسەر دەستی شاری (تستر) وچەند شارێکی تر ئازادکراون ، ٣٦٠ فەرموودەی هەیە ، (إِنَّ كُلَّ ركعتين تكفران ما أمامهما) هەموو دوڕکات نوێژێك دەبنە کەفارەتی پێش خۆیان .

(مقام) فقیهەکان وڕاڤەکارانی قورئان ناکۆکن کە ئایا مەبەست لە (مقام إبراهیم) چی یە ؟ هەندێکیان دەڵێن : بریتی یە لەو بەردەی کە ناسراوە لای خەڵك لە پشتیەوە دوو ڕکات نوێژی سوننەتی تەواف دەکەن وە ئەو ئایەتەی خودا دەفەرموێت : ﴿وَٱتَّخِذُواْ مِن مَّقَامِ إِبْرَٰهِـۧمَ مُصَلًّىۖ ١٢٥﴾(البقرة) ، ئاماژەی دروستی ئەم بۆچوونەی تێدایە ، وە هەندێکی دیکەیان دەڵێن : ئەو بەردەیە کە پێغەمبەر إبراهیم عليه السلام کاتێك دیواری کەعبە بەرزبوویەوە

نەیدەتوانی بەردەكانی دیوارەكە بەرز بكاتەوە چووە سەری بەردەكانی لە إسماعیلی كوڕی عليه السلام وەردەگرت ـ پێیەكانی پێغەمبەر إبراهیم عليه السلام شوێنەواری لەسەر بەردەكان كەوت ، السدی رحمه الله دەڵێت : (مقام) ئەو بەردەیە كە خێزانەكی إسماعیل عليه السلام خستیە ژێر پێی إبراهیم عليه السلام كاتێك سەری شۆرد ، الحسن وقتادە والربیع كوڕی ئەنەس وادەڵێن ، القرطبی رحمه الله دەڵێت : بۆچوونی ڕاست لە دیاریكردنی مقام دا بۆچوونی یەكەمە .

# فەرموودەی دەیەم

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يُبَايِعُهُ عَلَى الْهِجْرَةِ، وَتَرَكَ أَبَوَيْهِ يَبْكِيَانِ، فقال: "ارْجِعْ إِلَيْهِمَا، وَأَضْحِكْهُمَا كَمَا أَبْكَيْتَهُمَا".

(عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو) کوڕی العاص کوڕی وائل کوڕی هاشم کوڕی سعید القرشی یە ، نازناوی ئەبومحمدە وە وتراوە ئەبوعبدالرحمن ، وە دایکی ناوی رائطە کچی منبە ، وە تراوە ناوی العاص بووە کاتێك موسڵمان بووە ناوەکەی گۆڕیوە بۆ عبداللە ، تەنها ١١ ساڵ لە باوکی منداڵ تربوو ، پێش باوکی موسڵمان بووە ، کەسێك بووە زۆر لە پەرستشدا خۆی ماندوو کردووە وهەوڵیداوە ، وزانستێکی زۆری هەبووە ، ئەبوهریرە " دەڵێت : هیچ کەس لە من زیاتر فەرموودەی لە پێغەمبەری خوداوە ﷺ نەگێڕاوەتەوە عبداللە کوڕی عمرو رضي الله عنهما نەبێت ، چونکە ئەو دەینوسیەوە من نەمدەنوسیەوە ، ئەحمەد کوڕی حەنبل رحمه الله دەڵێت : لە شەوگاری (الحرة) مردووە ، کە مانگی ذوالحجەی ساڵی ٦٣ بووە ، وە لە شوێنێکی تردا دەڵێت ساڵی ٦٨ مردووە ، وە چەند ساڵێکی تر دەربارەی مردنی وتراوە ، وە هەروەها ناکۆکی هەیە لە شوێنی مردنەکەی وتراوە لە مەککە مردووە وە تائف ومصر وفەلستینیش وتراوە ، ٧٠٠ فەرموودەی گێڕاوەتەوە ، وبە

ئەدەب وئارامیەوە سەرزەنشتی باوكی دەكرد لەوەی لە فیتنەدا جەنگاوە ، وە دەیگوت : من چیم داوە لە شەڕی صفین ؟ یان چیم داوە لە شەڕ لەگەڵ موسڵمانان ، یان بریا ٢٠ساڵ پێش ئەم كێشانە مردبام .

(قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يُبَايِعُهُ عَلَى الْهِجْرَةِ) وتی : پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەر ﷺ بەیعەتی بداتێ لەسەر ئەوەی كۆچ بكات ، (وَتَرَكَ أَبَوَيْهِ يَبْكِيَانِ) وە دایك وباوكی بەجێهێشت بوو دەگریان ، (فقال: "ارْجِعْ إِلَيْهِمَا، وَأَضْحِكْهُمَا كَمَا أَبْكَيْتَهُمَا") پێغەمبەر چ پێی فەرموو : بگەڕێرەوە بۆ لایان ، بیانهێنە پێكەنین ، وەك چۆن بوویتە مایەی گریانیان .

بەیعەت پێدان گوزارشتە لە گرێبەستێك لەنێوان دووكەسدا یان دوو لایەندا بەوەی هەریەكەیان ئەوەی بەرامبەری ویستویەتی بیداتێ ، زید المدخلی رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت : هیجرەت بریتییە لە گواستنەوە لە شارێكەوە بۆ شارێكی تر ، هیجرەتی یەكەم لە شاری كوفرەوە بۆ شاری كوفر بوو ، كە هەندێك لە هاوەڵانی پێغەمبەرخودا ﷺ لە مەككەوە كۆچیان كرد بۆ حەبەشە كە گاوربوون ، لەبەر ئەوەی پادشایەكیان هەبوو لە مەملەكەتەكەیدا خەڵك ستەمی لێنەدەكرا ، كە تووشی نارەحەتی وئێش وئازاركرابوون لە لایەن كافرەكانی قورەیش وهاوپەیمانەكانیانەوە ئەو چوون بۆ حەبەشەیە ناونرا هجرەت ، بەڵام هجرەت بە مانای شەرعی كە ناوی هێنرا بە بیری مرۆڤدا دێت بریتی یە لە گواستنەوە لە وڵاتی كوفرەوە بۆ وڵاتی ئیسلام ، وە لەبەر ئەوەی مەككە وڵاتی كوفربوو پێغەمبەری خودا ﷺ

فەرمانی کرد بە هاوەڵانی کۆچ بکەن بۆ مەدینە ، وە هەرکەس بیویستایە لە مەککەوە یان لەهەر شوێنێکی ترەوە کۆچ بکات کۆچی دەکرد بۆ مەدینە ، بۆ ئەوەی پەیوەندی بکات بە پێغەمبەری ئیسلامەوە ﷺ ، بۆ ئەوەی لەوێ فێری ئەحکامەکانی ئیسلام ببێت ولە پێناوی خودا تێبکۆشێت ، وە حوکمی کۆچ کردن نەسڕاوەتەوە وهەڵنەگیراوە بەڵکو پێویستە هەرکات ئەو هۆکارانە بوونیان هەبێت کە هۆکاری کۆچی پێغەمبەر ﷺ وهاوەڵانی بوو پێویستە موسڵمان لەو شار وجێگەیە کۆچ بکات بۆ شوێنێك کە بتوانێت حوکمەکانی ئایینەکەی پیادە بکات ، النووی رَحِمَهُ ٱللَّٰهُ دەڵێت : ئەمە هەمووی بەڵگەیە لەسەر گەورەی چاکەکردن لەگەڵ دایك وباوك ، وە ئەوەی کە لە جیهاد پێویستترە ، وە بەڵگەی ئەوەی تێدایە بۆ ئەو زانایانەی کە دەڵێن : دروست نییە مرۆڤ بچێت بۆ جیهاد بەبێ پرسی دایك وباوکی بەو مەرجەی موسڵمانبن .

وە پێویستی گوێرایەڵی دایك وباوك وحەرامی ئازاردانیان بەهەرشێوەیەك وپەلەکردن لە بەدەستهێنانی ڕەزامەندیانی تێدایە .

# فەرمووداەی بازدەیەم

عن أبي مُرَّةَ مَوْلَى أُمّ هَانِئِ ابْنَةِ أَبِي طَالِبٍ أَخْبَرَهُ أَنَّهُ رَكِبَ مَعَ أَبِي هُرَيْرَةَ إِلَى أَرْضِهِ بـ (العقيق) فَإِذَا دَخَلَ أَرْضَهُ صَاحَ بِأَعْلَى صوته: السَّلَامُ عَلَيْكِ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ يَا أُمَّتَاهُ! تَقُولُ: وَعَلَيْكَ السَّلَامُ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ. يَقُولُ: رَحِمَكِ اللَّهُ كَمَا رَبَّيْتِنِي صَغِيرًا. فَتَقُولُ: يَا بُنَيَّ! وَأَنْتَ. فَجَزَاكَ اللَّهُ خَيْرًا وَرَضِيَ عَنْكَ، كَمَا بَرَرْتَنِي كَبِيرًا" قَالَ: مُوسَى: كَانَ اسْمُ أَبِي هُرَيْرَةَ: عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عمرو .

(عن أبي مُرَّةَ) مولای أم هانیء ، وه دەوترێت مولای عقیله ، ناوی یزید الهاشمی حجازی یه به نازناوەکەیەوه ناسراوه ، (أُمّ هَانِئِ ابْنَةِ أَبِي طَالِبٍ) الهاشمی یه ، ناوی فاختەیه ، وەوتراوه هند ، خوشكی دایك وباوكی علی یه رضي الله عنه ، وئامۆزای پێغەمبەری خودایه ﷺ ، خێزانی هبیره كوڕی أبو وهب المخزومی یه ، ماوەیەك دوای مردنی علی برای مردووه لـه خەلافەتی معاویەی كوڕی أبوسفیان رضي الله عنهما ، لـه ڕۆژی ئازاد كردنی شاری مەككه موسڵمان بووه ، الأثیوبی دەڵێت : پێغەمبەر خودا ﷺ خوازبێنی كردووه .

(أَخْبَرَهُ "أَنَّهُ رَكِبَ مَعَ أَبِي هُرَيْرَةَ إِلَى أَرْضِهِ بـ (العقيق)) ئەبومره بۆ أم هانئی گێڕاوه كه لـەگەڵ ئەبوهریره دا سواربوو چوو بۆ سەردانی زەویەكەی لە (العقیق) ، (فَإِذَا دَخَلَ أَرْضَهُ صَاحَ بِأَعْلَى صوته: السَّلَامُ عَلَيْكِ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ

يَا أُمَّتَاهُ) ئەگەر بچوایەتە نێو زەویەکەیەوە ، بە دەنگی بەرز هاواری دەکرد ، (السَّلَامُ عَلَيْكِ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ يَا أُمَّتَاهُ) ئەی دایکە ، ئەوەی تێدایە کە سەلام کردنە لەسەر ئەوەیە کەدێت ، (تَقُولُ: وَعَلَيْكَ السَّلَامُ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ) دایکی لەوەڵامیدا دەیگوت : (وَعَلَيْكَ السَّلَامُ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ) ، ئەوەی تێدایە کە سەلام دەبێت بە باشترین شێوە یان وەکو خۆی وەڵام بدرێتەوە چونکە خودای باڵادەست دەفەرموێت : ﴿ وَإِذَا حُيِّيتُم بِتَحِيَّةٍ فَحَيُّوا بِأَحْسَنَ مِنْهَا أَوْ رُدُّوهَا ﴿٨٦﴾ ﴾(النساء) ، (يَقُولُ: رَحِمَكِ اللَّهُ كَمَا رَبَّيْتِنِي صَغِيرًا.) ئەبوهریرە " دەیگوت : خودا ڕەحمت لێبکات ئەی دایکە لەبەر ئەوەی بە منداڵی پەروەردەت کردم ، ئەمە دانپێدانانی فەزڵ وچاکەی دایکە ، (فَتَقُولُ: يَا بُنَيَّ! وَأَنْتَ ، فَجَزَاكَ اللَّهُ خَيْرًا وَرَضِيَ عَنْكَ، كَمَا بَرَرْتَنِي كَبِيرًا") ، دایکی دەیگوت : ئەی کوڕەکەم تۆش خودا پاداشتی چاکەت بداتەوە ولێت ڕازی بێت لەبەر ئەوەی بە چاکە کردەوەم لەگەڵدا دەکەیت کە گەورە بوویت ، ئەمەش نکوڵی نەکردنی دایکە بەرامبەر ئەو چاکەی نەوەکەی لەگەڵیدا دەیکات لە کاتی پیریدا ، (قَالَ: مُوسَى: كَانَ اسْمُ أَبِي هُرَيْرَةَ: عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عمرو) موسی کوڕی یەعقوب الزمعی یە ، دەڵێت : ناوی ئەبوهریرە عبدالله کوڕی عەمروە ، لە باسی ژیانی ئەبوهریرە باسی ناکۆکی زانایانمان کرد لەسەر ناوەکەی عبدالله کوڕی عەمرو یەکێکە لەو بۆ چوونانە .

ئەبو منصور رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێت : عەرەب بە هەموو ڕێڕەوێكی ئاو كە لافاو شەقی كردبێت وفراوانی كردبێتەوە دەڵێن (عقيق) ، لەوانەیە ئەم (عقيق)ەی ئێرە ئەو چەمەبێت كە پیرۆزە ولە شیوی ذوالحليفەوە نزیكە .

زانایان ناكۆكن لەوەی ئایا بە جگە لە (السلام عليكم) موسڵمانان دەتوانن كاتێك بەیەكگەیشتن گفتوگۆ دەست پێ بكەن بەوتنی (بەیانی باش وئێوارە باش) هەر شتێكی تری لەو بابەتە لەبری (السلام عليكم) ؟ (اللجنه الدائمه) (٩٩٠٨) دا دەڵێت : سەلامی ئیسلام بریتی یە لە (السلام عليكم ئەگەر (ورحمة الله وبركاته)شی بۆ زیاد بكات باشترە ، وە ئەگەر دوای ئەوە ئەو كەسەی پێی دەگات پێی بڵێت : بەیانیت باش بۆ نمونە هیچی تێدا نییە ، بەڵام ئەوەی لە كاتی بەیەكگەیشتندا تەنها بڵێت : بەیانیت باش بەبێ ئەوەی بڵێت : (السلام عليكم) ، كارێكی خراپی كردووە .

وە ئیبن عثيمين رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێت : ئەگەر كەسێك بەرێوەبەرەكەی كەسێكی بێباوەڕ بوو پێی گەیشت دەڵێت : بەیانی باش وە مەبەستیشی ئەوەبێت بەیانیەكی باش بۆ خۆی وبرا موسڵمانەكانی .

# باب عقوق الوالدين

## فەرموودەی دوازدەیەم

عَنْ أَبِي بَكْرَةَ قَالَ : قَالَ: رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: "أَلَا أُنَبِّئُكُمْ بِأَكْبَرِ الْكَبَائِرِ؟ " ثَلَاثًا. قَالُوا: بَلَى يَا رَسُولَ اللَّهِ! قَالَ: "الْإِشْرَاكُ بِاللَّهِ، وَعُقُوقُ الْوَالِدَيْنِ وَجَلَسَ وَكَانَ مُتَّكِئًا أَلَا وَقَوْلُ الزُّورِ" مَا زَالَ يُكَرِّرُهَا حتى قلت: ليته سكت.

(عقوق الوالدين) خراپە وسەرپێچیکردن لەگەڵ دایك وباوك وپێشێلکردنی مافەکانیان ، (عَنْ أَبِي بَكْرَةَ) ناوی نفیع کوڕی الحارثی کوڕی کلدە کوڕی عمرو کوڕی علاج أبوسلمە الثقفی یە ، هاوەڵی پێغەمبەری خودایە ﷺ ، وە وتراوە : ناوی (مسروح)ە وباوکی بەندەی الحارث کوڕی کلدە بوو ، وە بۆیە پێی وتراوە ئەبوبکرە چونکە لە کۆشکی تائفەوە بە چەرخەیەك هەڵهات بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ ولەو ڕۆژەدا ئازادی کرد ، حسن البصری دەڵێت : کەس لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ نەهاتووە بەصرە لە ئەبوبکرە وعمران کوڕی حصین باشتربێت ، العجلی دەڵێت : لە هاوەڵە زۆر بەڕێزەکانی پێغەمبەری خودا بوو ﷺ ، وە چل کوڕی هەبووە هەموویان کەسانی چاونەترس وقارەمان وبەجەرگ وزمانپاراو ودەستگوشادبوون ،

سعیدی کوڕی المسیب دەڵێت : عمر کوڕی الخطاب ﷺ جەڵدەی لە ئەبوبکرە ونافع کوڕی الحارث وشبل کوڕی معبدا داوە ، دواتر داوای تەوبەکردن وپەشیمان بوونەوەی لێکردن نافع وشبل تەوبەیانکرد وگەواهیدانی لێوەرگرتن ، بەڵام داوای تەوبەکردن وپەشیمان بوونەوەی لە ئەبوبکرە کرد ، ڕەتی کردەوە ئیدی گەواهیدانی وەرنەگرت[١] ، وە ئەبوبکرە

---

(١) ئەو باسە بەکورتی بەم شێوەیە : ئەبوبکرە وشبل کوڕی معبد والحارثی کوڕی کلدە وزیاد کوڕی أبیە پێکەوە لە ژوورێك لە سەربانی خانوویەك نوستبوون ومغیرە کوڕی شعبەش لە ژوورێکی نهۆمی خوارەوەی ئەو خانووەدا نوستبوو ، بایەك هەڵی کرد ، دەرگای ژوورەکەی مغیرەی کردەوە وپێخەوەکەی لەسەر لادا ، بینیان مغیرە لەگەڵ ئافرەتێکدا نوستووە ، وتیان تووشی فیتنەیەك بووین ، لەسەر ئەو باسە ئەبوبکرە وشبل ومعبد گەواهیاندا کە جووتبووە لەگەڵیدا ، بەڵام زیاد وتی : نازانم جووتبوو لەگەڵیدا یانا ، بەڵام دیم لەگەڵیدا نوستبوو ؟ ئیدی عمر کوڕی خەتاب ﷺ جەڵدەی لە هەموویاندا جگە لە زیاد نەبێت ، دوای ئەوەی جەڵدەی لێدان داوای تەبەکردن وپەشیمان بوونەوەی لێکردن شبل ومعبد پەشیمان بوونەوە ، بەڵام ئەبوبکرە شێلگیربوو لەسەر وتەکەی خۆی ، دەڵێن : ئەوەی مغیرە چووەتە لای ئافرەتێك بوو کە بە نهێنی مارەکردووە ، بۆیە دەچووە لای ولەگەڵیدا دەنوست ، وە لەبەر ئەوەی عمر وتبووی هەرکەسێکم بۆ بێنن کە ژنی بە نهێنی مارەکردبێت سزای دەدەم ، بۆیە بیانوی بەوە بۆ خۆی هێنایەوە ونەیتوانی بەڕاشکاوی لای عمر بڵێت بە نهێنی مارەم کردووە ، مرۆڤی سوننی دەبێت گومانی باش بە هاوەڵانی پێغەمبەری خودا ﷺ ببات ، چونکە فەرموویەتی

=

=

: ((إذا ذُكِرَ أصْحابِي فأمْسِكُوا وإذا ذُكِرَتِ النُّجُومُ فأَمْسِكُوا وَإذا ذُكِرَ القَدَرُ فأمْسِكُوا)) صححه الألباني في (صحيح الجامع) ، وە دەفەرموێت : ((لاَ تَسُبُّوا أَصْحَابِي فَوَالَّذِى نَفْسِى بِيَدِهِ لَوْ أَنَّ أَحَدَكُمْ أَنْفَقَ مِثْلَ أُحُدٍ ذَهَبًا مَا بَلَغَ مُدَّ أَحَدِهِمْ وَلاَ نَصِيفَهُ)) رواه مسلم ، وە ئەگەر هاوەڵێك تووشی هەڵە وتاوانێك بوو بێت ئەوا وەك مرۆڤ ئەو كارەیان ئەنجامداوە ، وئومێدی لێخۆشبوونی تاوان وهەڵەكانیان دەكەین ونابێت مرۆڤی سوننی تانە لە هاوەڵان بدات ، چونكە زانایانی ئەهلی سوننەت كۆڕان كە هەموو هاوەڵان عەدلن ئەمە وەك دیفاعێك لە مغیرە " ، بەڵام ئەبوبكرە " هاوەڵی لە خوداترس ودونیا نەویستی پێغەمبەری خودا ﷺ ، نابێت ئەوەی بۆ بكرێتە بیانوو كە عمر رضي الله عنه گەواهیدانی ڕەتكردووەتەوە بۆ ئەوەی فەرموودەی لێوەرنەگیرێت لەبەر ئەوەی گەواهیدان وگێڕانەوەی فەرموودە دوو شتی لە یەك جیاوازن ، وە مەرج نییە هەركەس جەڵدەی لێبدرێت كەسێكی درۆزن بێت ، لەبەر ئەوە بوخاری ١٣ فەرموودەی لە صەحیحەكەیدا لێوە گێڕاوەتەوە كە مسلم لە ٨ لەو فەرموودانە كۆكە لەگەڵی ، پێنج فەرموودە بوخاری بە تەنها لێوەی گێڕاوەتەوە ومسلم یەك فەرموودە ، لەبەر ئەوە دەبینیت موسڵمانان هەموو كۆڕان لەسەر ئەوەی كە فەرموودە لە ئەبوبكرە ڕیوایەت دەكرێت ، بەڵام ئەوەی كەسێكی گومڕای دڵنەخۆش بێت وبڵێت : ئەبوبكرە فەرموودەی لێوەرناگیرێت ، نە لەبەر ئەوەی بەزانست وئیجتهادەوە ئەوە بڵێت بەڵكو بۆ مەبەستێكی چەپەڵ ، چونكە ئەبوبكرە ئەو هاوەڵە بەڕێزەیە كە ئەو فەرموودەی گێڕاوەتەوە كە دەڵێت : ((قَدْ نَفَعَنِى اللَّهُ بِكَلِمَةٍ سَمِعْتُهَا مِنْ رَسُولِ اللَّهِ بَعْدَ مَا كِدْتُ أَنْ أَلْحَقَ بِأَصْحَابِ الْجَمَلِ فَأُقَاتِلُ مَعَهُمْ ، بَلَغَ رَسُولَ اللَّهِ أَنَّ أَهْلَ فَارِسَ مَلَّكُوا عَلَيْهِمُ ابْنَةَ كِسْرَى. فَقَالَ : لَنْ يُفْلِحَ قَوْمٌ وَلَّوْا أَمْرَهُمُ امْرَأَةً)) رَوَاهُ

=

لە هەموویان باشتر بوو ، ئیبن سعد رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت : لە بەصرە لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی زیاددا مردووە ، والمدائنی دەڵێت : ساڵی ٥٠ مردووە ، وە بوخاری رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت : مسدد وتی : ئەبوبكرە وحسنی كوڕی علی لە یەك ساڵدا مردوون ، دەڵێت : جگە لە ئەو دەڵێن : دوای حسن مردووە ساڵی ٥١ ، وە خەلیفە دەڵێت : ساڵی ٥٢ مردووە ، وئەبو برزە الأسلمی نوێژی لەسەر كردووە ، كە خۆی وەسیەتی بەوە كردبوو ، وتەمەنی نزیكەی ٦٣ ساڵ بوو ، پێغەمبەر ﷺ ئەبوبكرە وئەبوبرزەی كردبووە برا ، ١٣٢ فەرموودەی گێڕاوەتەوە.

---

=

الْبُخَارِيُّ فِي الصَّحِيحِ والترمذی والنسائي وحاكم وابن حبان ، جگە لەوانیش ئەو فەرموودەیان ڕیوایەتكردووە ، بەوەش دەیەوێت تانە لەو فەرموودەیە بدات ، بۆ ئەوەی بڵێت ئەو فەرموودەیە وەرناگیرێت لەبەر حاڵی ئەبوبكرە وبەشداریكردنی ئافرەتان لە هەموو جومگە وكایەكانی بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا دروستە هیچ شتێكی پێچەوانەی شەرع تێدا نییە وبەڵگەش بە پادشا ژنەكەی سبأ دەهێنێتەوە كە ئەوە شەریعەتی پێش ئیسلام بووە وئیسلام بە پێچەوانەی هاتووە لەو فەرموودە صەحیحەدا ، وە نمونە بە غاندی هیندوسی وگولدا مائیری جوولەكە وتاچەر ومیركلی گاور دەهێنێتەوە ! ، ئەوەندە بەسە بۆ كەسێك ئەندازەیەكی زۆر كەم زانستی شەرعی بزانێت .

(قَالَ: قَالَ: رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ:)دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ("أَلَا أُنَبِّئُكُمْ بِأَكْبَرِ الْكَبَائِرِ؟ ") ئایا ئاگادارتان نەکەمەوە لە گەورەترین تاوانە گەورەکان ، ئەم شێوازی دەربڕینە هاندان وسەرنج ڕاکێشانی بیسەری تێدایە بۆ گوێگرتن لەوەی دوای ئەوە دەگوترێت ، (ثَلَاثًا) سێ جار ئەو وتەیەی دووبارە کردەوە ، کە ئەمەش گرنگیدان وزیاتر هاندانی بەرامبەری تێدایە بۆ خۆ ئامادەکردنی ئەو شتە گرنگەی کە دەگوترێت ، (قَالُوا: بَلَى يَا رَسُولَ اللَّهِ!) وتیان : بەڵێ ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ، (قَالَ: "الْإِشْرَاكُ بِاللَّهِ) ، فەرمووی : هاوەڵ بۆ خودا بڕیاردان ، هاوەڵ بڕیاردان گەورەترین تاوانە بە ڕەهایی وتەنها تاوانێکە لای ئەهلی سوننە کە ئەگەر خاوەنەکەی تەوبەی لێنەکات بە هەمیشەیی لە دۆزەخدا بە هۆیەوە دەمێنێتەوە بە بەڵگەی ئەو ئایەتە پیرۆزەی خودا ﷻ دەفەرموێت : ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱفۡتَرَىٰٓ إِثۡمًا عَظِيمًا ٤٨ ﴾(النساء) ، وە ئەو ئایەتەی کە لە هەمان سوڕەتدا دەفەرموێت : ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدۡ ضَلَّ ضَلَٰلَۢا بَعِيدًا ١١٦ ﴾ (النساء) ، (وَعُقُوقُ الْوَالِدَيْنِ) وە خراپە کردن وسەرپێچیکردنی فەرمانی دایك وباوك وپێشێلکردنی مافەکانیان ، کە ئەوە پێچەوانەی چاکەکارییە لەگەڵیان ، وهاوکاریکردن وسەرپێچی نەکردنیان لە فەرمانەکانیان تەنها لەوەدا نەبێت پێچەوانەی ئاینی خودا وفەرمانەکانی بێت ،

چونکە کەس گوێڕایەڵی ناکرێت ئەگەر فەرمان بە سەرپێچی خودا بکات ، (وَجَلَسَ وَكَانَ مُتَّكِئًا) دانیشت دوای پاڵیدابووبوویەوە ، لەبەر گرنگی پێدانی زیاتری ئەوەی دواتر دەیفەرموێت ، وە لەبەر ئەوەی ئەنجامدانی ئەم کردارە ئاسانترە وەك لە دوو تاوانەکەی پێشووتر وخۆپاراستن لێی گرانترە ، وئەو زەرەر وزیانانەی بە هۆیەوە دەکەوێتەوە زۆر گەورەیە وتێپەڕە بۆ کەسانی تریش ، وە ئەو پاڵنەرانەی دەبنە هۆکاری زۆرن وە ڕق وکینە وئێرەیی پێبردن ودوژمنایەتی وخەڵکیش قسەی درۆکردن زۆر گەورە نییە بەلایانەوە ، لەبەر ئەوە زۆر خەڵك دووچاری دەبن وزۆریش بە لایانەوە گرنگ نییە ، (أَلَا وَقَوْلُ الزُّورِ) (ألا) پیتێکە لە زمانی عەرەبی دا بۆ بە ئاگاهێنانەوە ووریاییدان بەکاردەهێنرێت ، (وَقَوْلُ الزُّورِ) قسەی درۆ وە لە ڕیوایەتێکدا دەفەرموێت : (ألا وقول الزور وشهادة الزور) ، وشەی الزور : بریتییە لە ڕازاندنەوەی شتێك بەپێچەوانەی واقعی ووەسفکردنی بە دژەکەی ، بە شێوەیەکی گشتی قسەی درۆ گشتگیرترە لە گەواهیدانی درۆ ، چونکە قسەی درۆ گەواهیدان ودرۆکردن لە هەموو بوارێکدا دەگرێتەوە .

(مَا زَالَ يُكَرِّرُهَا حتى قلت: ليته سكت) بەردەوام دووبارەی دەکردەوە هەتا وتم : خۆزگە وازی هێنابا ، ئەوەی وتوە وەك بەزەیی هاتنەوەیەك بەحاڵی پێغەمبەردا ﷺ وپێناخۆش بوونی ئەوەی بێزار ودڵگرانی دەکات .

ئەم فەرموودەیە بە شێوەکی گشتی ئەم سود ووانەی لێوەردەگیرێت : تاوانەکان دەبنە دوو بەشەوە : گەورە وبچوك ، وە لە نێو گەورەکانیشدا

هەموویان لەیەك ئاستدانین بەڵکو هەندێکیان لەوانی تر گەورەترن ، وە پێشینان ناکۆکن لە بەشکردنی تاوان بۆ گەورە وبچووك ، زۆربەی زانایان دەڵێن : تاوانەکان هەندێکیان گەورەن وهەندێکی تریان بچوکن ، وە ئەبوإسحاق الإسفرايني دەڵێت : تاوانەکان بچوکیان تێدا نییە ، بەڵکو هەموو ئەوەی خودا یاساغی کردووە تاوانی گەورەیە ، وە ئەوەش لە ئیبن عباسەوە رضي الله عنهما گێڕراوەتەوە ، وقازی عیاض دەڵێت : ئەوە وتەی زانا لێکۆڵەرەکانە ، وە بەڵگە بەوە دەهێننەوە کە هەموو سەرپێچیەکی خودا لە ئاستی گەورەی وبالادەستی پەروەردگار گەورەیە ، النووی رحمه الله دەڵێت : بەڵگەی زۆر لە قورئان وسوننەتدا هاتووە پاڵپشتی بۆچوونی یەکەم دەکەن ، والقرطبی رحمه الله دەڵێت : گومان نابەم ئەوە صحيح بێت لە ئیبن عباس وە کە وتبێتی : هەموو ئەوەی خودا یاساغی کردووە تاوانی گەورەیە ، چونکە ئەوە پێچەوانەی ئاشکرای قورئانە کە جیاوازی کردووە لە نێوان تاوانی گەورە وبچوکدا لەو ئایەتەی کە دەفەرموێت : ﴿ ٱلَّذِينَ يَجۡتَنِبُونَ كَبَٰٓئِرَ ٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡفَوَٰحِشَ إِلَّا ٱللَّمَمَۚ ﴿٣٢﴾﴾ (النجم) ، وە ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت : ﴿ إِن تَجۡتَنِبُواْ كَبَآئِرَ مَا تُنۡهَوۡنَ عَنۡهُ نُكَفِّرۡ عَنكُمۡ سَيِّـَٔاتِكُمۡ ﴿٣١﴾﴾(النساء) ، ئەو ئایەتانە یاساغیکراوەکانیان بەشکردووە بۆ گەورە وبچوك ، وە حوکمەکەیانی بە جیاواز داناوە ، لەبەر ئەوەی لێخۆشبوونی تاوانە بچوکەکانی بە مەرجە داناوە کە تاوانی گەورە ئەنجام نەدات ولێیان دور بکەوێتەوە ، وە (اللمم)ی

لە تاوانە گەورە وخراپەكان جیاكردووەتەوە ، هەموو ئەوانە شاراوە نەبووە لە ڕاڤەكاری قورئان ؟.

وە هاوەڵبڕیاردان بە ڕەهایی لە هەموو تاوانێك گەورەترە ، وە خراپبوون لەگەڵ دایك وباوك ودرۆكردن لە ڕیزبەندنی سەرەوەی تاوانە زۆرگەورەكانن لەبەر ئەوەی لەگەڵ هاوەڵبڕیارداندا پێكەوە باسكراون ، ئەگەرچی وتراوە : كردنە بەڵگەی ئەوەی چەند شتێك پێكەوە باسكرابێت هەمان حوكمیان هەیە شتێكی لاوازە ، بەڵام خراپەكاری لەگەڵ دایك وباوك ودرۆكردن بە چەندین بەڵگەی تری سەربەخۆ لە قورئان وسوننەتدا جێگیربووە كە لە تاوانە زۆر گەورەكانن ، ئیبن دقیق العید رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێت : گرنگیدانی زۆری بە درۆكردن لەوانەیە لەبەر ئەوەبێت كە بەلای خەڵكەوە ئاسان بێت وزۆر كەمتەرخەمی تێدا دەكەن ، .... وە هاوەڵبڕیاردان موسڵمان لێی دوور دەكەوێتەوە ، وە خراپەكاریش لەگەڵ دایك وباوكدا بە سروشتی مرۆڤ خراپە ، بەڵام قسەی درۆ پاڵنەرەكانی زۆرن لەبەر ئەوە شایانە زۆرتر گرنگی پێبدات .

وە هەروەها ئەوەشی لێوەردەگیرێت كە دووبارەكردنەوەی وتە یان ئامۆژگارییەك كە گرنگ وپێویست بێت سێ جار سوننەتە ، چونكە پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی : ((كانَ إِذَا تَكَلَّمَ بِكَلِمَةٍ أَعَادَهَا ثَلاثاً حَتَّى تُفْهَمَ عَنْهُ وإِذَا أَتى عَلَى قَوْمٍ فَسَلَّمَ عَلَيْهِمْ سَلَّمَ عَلَيْهِمْ ثَلاَثاً)) رواه البخاری ، الحافظ دەڵێت : ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی سوننەتە ئامۆژگاری

سێ جار دووبارە بکرێتەوە بۆ ئەوەی لێی تێبگەن ، وە دەربڕینی تورەیی وسەغڵەتی ئامۆژگاریکار لە کاتی ئامۆژگاریکردن بۆ ئەوەی زیاتر ببێتە مایەی لێ تێگەیشتنی وسەرنج ڕاکێشانی بیسەرەکانی ، وببێتە هۆکاری قەدەغەکردنی ئەوەی یاساغی دەکات .

وە دیسان دەڵێت : وە هەروەها دوورکەوتنەوە لە تاوانە گەورەکان بۆ ئەوەی خودای پەروەردگار لە تاوانە بچوکەکانی خۆشبێت ، وەك ئەوەی بەڵێنی داوە ، وە هەروەها سۆز وبەزەیی قوتابی بەرامبەر مامۆستاکەی ئەگەر بینی مامۆستاکەی سەغڵەتە وشتێك نارەحەت ودڵگرانی دەکات ، وهیوا وئومێد خواستن بۆ تورە نەبوونی ، لەبەر ئەوەی تورەبوون دەبێتە هۆکاری تێکچوونی باری دەروونی مرۆڤ .

## بَابُ لَعَنَ اللَّهُ مَنْ لَعَنَ والديه

## فەرموودەی سیازدەیەم

عَنْ أَبِي الطُّفَيْلِ قَالَ: سُئِلَ عَلِيٌّ : هَلْ خصَّكُمُ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِشَيْءٍ لَمْ يَخُصَّ بِهِ النَّاسَ كَافَّةً؟ قَالَ: مَا خَصَّنَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِشَيْءٍ لَمْ يَخُصَّ بِهِ النَّاسَ ؛ إِلَّا مَا فِي قِرَابِ سَيْفِي ، ثُمَّ أَخْرَجَ صَحِيفَةً ، فَإِذَا فِيهَا مَكْتُوبٌ : "لَعَنَ اللَّهُ مَنْ ذَبَحَ لِغَيْرِ اللَّهِ، لَعَنَ اللَّهُ مَنْ سَرَقَ مَنَارَ الْأَرْضِ ، لَعَنَ اللَّهُ مَنْ لَعَنَ وَالِدَيْهِ، لَعَنَ اللَّهُ مَنْ آوَى مُحْدِثًا" .

(بَابُ لَعَنَ اللَّهُ مَنْ لَعَنَ والديه) نەفرەتی خودا لەو کەسەی نەفرەت لە دایك وباوکی دەکات ، (عَنْ أَبِي الطُّفَيْلِ) : ناوی عامر کوڕی واثلەی کوڕی عبداللە یە ، ساڵی ئوحد لە دایك بووە ، مسلم رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت : ساڵی ١٠٠ مردووە ، وە ساڵەکانی ١٠٢ و ١٠٧ و ١١٠ وتراوە لە کاتی مردنەکەیدا ، دەڵێن : کۆتا هاوەڵی پێغەمبەری خودایە ﷺ مردووە ، ( عن الجريري قال : كنت أنا وأبو الطفيل عامر بن واثلة الكناني نطوف بالبيت ، قال أبو الطفيل : "ما بقي أحدٌ رأى النبي غيري ، قلت: ورأيته ؟ قال: نعم ، قلت : كيف كان ؟ قال: "كان أبيض مليحاً مقصداً ) ، وە نزیکەی ٢٠ فەرموودەی گێڕاوەتەوە .

(سُئِلَ عَلِيٌّ) : پرسیار کرا لە علی کوڕی أبو طالب کوڕی عبد المطلب کوڕی هاشم الهاشمی یە کونیەی أبوالحسنە وکونیەی أبوترابیش هەیە ، ئامۆزای پێغەمبەری خودا ﷺ وزاوایەتی مێردی فاطمە کچیەتی وباوکی حسن وحسینە ، ئەمیری باوەڕدارانە چوارەم خەلیفەی ڕاشدیە ویەکێکە لەو دە هاوەڵەی کە مژدەی بەهەشتی پێدراوە ، ٥٨٦ فەرموودەی گێڕاوەتەوە ، یەکەم منداڵە کە موسڵمان بوویێت ، ئامادەی بەدر هەموو ڕووبەڕوو بوونەکانی تربووە جگە لە تبوك چونکە پێغەمبەر ﷺ لەلای کەسوکاری لە مەدینە بەجێی هێشت ، پێغەمبەر ﷺ پێی فەرمووە : ﴿ أَنْتَ مِنِّي بِمَنْزِلَةِ هَارُونَ مِنْ مُوسَى إِلاَّ أَنَّهُ لاَ نَبِيَّ بَعْدِي ﴾ ، فەزڵێکی زۆری هەیە ٢١ کوڕ و١٨ کچی هەبووە ، ئیمام ئەحمەد رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت : هیچ هاوەڵێك هێندەی علی رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ فەرموودە لە فەزڵ وچاکەی نەگێڕراوەتەوە ، شەوی هەینی ١٩ڕەمەزان یان ١١ڕەمەزان لە کوفە ساڵی ٤٠ لە تەمەنی ٦٣ ساڵیدا بە دەستی خەوارجەکان شەهیدکرا ، کە ئەو کات باشترین مرۆڤی سەر زەوی بوو .

(سُئِلَ عَلِيٌّ : هَلْ خَصَّكُمُ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِشَيْءٍ لَمْ يَخُصَّ بِهِ النَّاسَ كَافَّةً؟) ئایا پێغەمبەری خودا ﷺ هیچ شتێکی بە ئێوە تایبەت کردووە ، کە ئەو شتە بۆ خەڵك هەموویان نەبێت ؟ وە لە ڕیوایەتی مسلم دا دەڵێت : ﴿مَا كَانَ النَّبِيُّ يُسِرُّ إِلَيْكَ ؟ قَالَ فَغَضِبَ وَقَالَ : مَا كَانَ النَّبِيُّ يُسِرُّ إِلَيَّ شَيْئًا كَتَمَهُ النَّاسَ غَيْرَ أَنَّهُ حَدَّثَنِي بِكَلِمَاتٍ أَرْبَعٍ قَالَ فَقَالَ : مَا هُنَّ يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ؟﴾ ، (قَالَ: مَا خَصَّنَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِشَيْءٍ لَمْ يَخُصَّ بِهِ النَّاسَ) وتی :

پێغەمبەری خودا ﷺ هیچ شتێکی بە ئێمە تایبەت نەکردووە کە بۆ خەڵك نەبێت ، (إِلَّا مَا فِي قِرَابِ سَيْفِي، ثُمَّ أَخْرَجَ صَحِيفَةً، فَإِذَا فِيهَا مَكْتُوبٌ) ئەوە نەبێت لە کێلانی شمشێرەکەمدایە ، پاشان نوسراوێکی دەرهێنا ، کە تێیدا نوسرابوو : (لَعَنَ اللَّهُ مَنْ ذَبَحَ لِغَيْرِ اللَّهِ، لَعَنَ اللَّهُ مَنْ سَرَقَ مَنَارَ الْأَرْضِ، لَعَنَ اللَّهُ مَنْ لَعَنَ وَالِدَيْهِ، لَعَنَ اللَّهُ مَنْ آوَى مُحْدِثًا) نەفرەتی خودا لەو کەسەی بۆ جگە لە خودا سەردەبڕێت ، وە نەفرەتی خودا لەو کەسەی نیشانە وپەرێزی سنوری نێوان زەوی دەدزێت ولای دەبات وە لە ڕیواتی النسائی دا (غیَّر) بۆ ئەوەی سنوری نێوان زەویەکەی خۆی دراوسێکەی تێکبدات وبەشێك لە زەوی دراوسێکەی بۆ خۆی ببات ، وە نەفرەتی خودا لەو کەسەی نەفرەت لە دایك وباوکی دەکات ، جا ئەو نەفرەتکردنە بەڕاشکاوی بێت یان ئەوەی ببێتە هۆکاری نەفرەت کردن لە دایك وباوکی پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت : ﴿مِنَ الكَبائِرِ شَتْمُ الرَّجُلِ وَالِدَيهِ ! ، قالوا : يَا رَسُول الله ، وَهَلْ يَشْتُمُ الرَّجُلُ وَالِدَيْهِ ؟! قَالَ : نَعَمْ ، يَسُبُّ أَبَا الرَّجُلِ ، فَيَسُبُّ أباه ، وَيَسُبُّ أُمَّهُ ، فَيَسُبُّ أُمَّهُ . مُتَّفَقٌ عَلَيهِ .وفي رواية : (( إنَّ مِنْ أكْبَرِ الكَبَائِرِ أنْ يَلْعَنَ الرَّجُلُ وَالِدَيْهِ ! )) ، قِيلَ : يَا رَسُول الله ، كَيْفَ يَلْعَنُ الرَّجُلُ وَالِدَيه ؟! قَالَ: (( يَسُبُّ أَبَا الرَّجُلِ ، فَيَسُبُّ أباهُ ، وَيَسُبُّ أُمَّهُ ، فَيَسُبُّ أُمَّهُ ))﴾ ، (لعن الله من آوى محدثا) وە نەفرەتی خودا لەو کەسی داڵدادەی (محدِث) خراپەکارێك دەدات ویارمەتی دەدات ودەبێتە ڕێگری ئەوەی بە سزای خۆی نەگات لەو کەسەی مافی بەسەریەوەیە دەیشارێتەوە وپەنای دەدات ، وە بە (محدَث)یش

گێڕڕاوەتەوە : ئەو کات بە مانای خودی ئەو شتە دێت کە داهێنراوە وئەوە دەگەیەنێت کە پێی ڕازبێت وپێداگربێت لەسەری ، چونکە ئەگەر بە بیدعە ڕازی بوو نکولی لە خاوەنەکەی نەکرد وقەدەغەی ئەوەی لێنەکات کە دایهێناوە وەك ئەوەیە لە ئەستۆی گرتبێت ودالدەی دابێت .

ئەم فەرموودەیە بەگشتی ئەم وانانەی تێدایە : پرسیارکردن لە کەسێکی زانا دەربارەی هەر پرسێکی ئاینی کە گومانی لێی هەبێت ، ووەلامدانەی ئەو کەسی پرسیاری لێدەکرێت ئەگەر شارەزای لەو پرسەدا هەبوو ونەشاردنەوەی ڕاستیەکان چونکە خودای بالادەست هەڕەشەی کردووە لەو کەسانەی کە ڕاستیەکان دەشارنەوە وبۆ خەلکی ڕوونانەکەوە وەك دەفەرموێت : ﴿وَإِذْ أَخَذَ ٱللَّهُ مِيثَٰقَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ لَتُبَيِّنُنَّهُۥ لِلنَّاسِ وَلَا تَكْتُمُونَهُۥ فَنَبَذُوهُ وَرَآءَ ظُهُورِهِمْ وَٱشْتَرَوْا۟ بِهِۦ ثَمَنًا قَلِيلًا ۖ فَبِئْسَ مَا يَشْتَرُونَ ﴿١٨٧﴾﴾(آل عمران) ، وە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت : ﴿مَنْ سُئِلَ عَنْ عِلْمٍ ثُمَّ كَتَمَهُ أُلْجِمَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ بِلِجَامٍ مِنْ نَارٍ﴾ رواه أحمد وأبوداود والترمذی وصححه الألبانی في (المشكاة)(٢٢٣) .

النووی رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەلێت : ئەم فەرموودە ئەوە پوچەل دەکاتەوە کە ڕافیزە وشیعە وئیمامیەکان بانگەشەی بۆ دەکەن کە پێغەمبەر ﷺ دوای خۆی وەسیەتی بە علی رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ کردبێت .

چونكە بەئاشكرا علی رضي الله عنه ئەوە ڕەتدەكاتەوە وتوڕە دەبێت لەو كەسەی پرسیارەكەی لێدەكات وبە نەرێنی وەڵامی دەداتەوە .

وە سەربڕین بۆ جگە لە خودا سبحانه وتعالى تاوانێكی گەورەیە جا ئەو سەربڕینە بۆ گۆڕێك یان پیاو چاكێك یان دارێك یان بەردێك یان هەرشتێكی تربێت ، هاوەڵبڕیاردانە بۆ خودا سبحانه وتعالى چونكە كردارێكە تایبەتی بە خودا جل جلاله نابێت بۆ هیچ كەس وشتێكی تر ئەنجام بدرێت .

وە گوڕینی نیشانە سنوری نێوان زەوی جا ئەو زەویە كشتوكاڵی بێت یان شوێنی نیشتەجێبوون یان بۆ هەر مەبەستێكی تر ، هەركەسێك ئەو كارەبكات دووچاری ئەو تاوانە گەورە دەبێت كە نەفرەتی خودا ودوورخستنەوە دەركردنییەتی لە سۆز وبەزەیی خودا ، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی : ﴿ مَنْ اِقْتَطَعَ شِبْرًا مِنْ اَلْأَرْضِ ظُلْماً طَوَّقَهُ اَللَّهُ إِيَّاهُ يَوْمَ اَلْقِيَامَةِ مِنْ سَبْعِ أَرَضِينَ ﴾ مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ .

نەفرەت كردن لە دایك وباوك یەكێكە لە تاوانە گەورەكان كە ئەمەش مەبەستی هێنانی فەرموودەكەیە جا ئەو نەفرەت كردنە بەڕاشكاوی بێت یان ئەوەی ببێتە هۆكاری ئەوەی نەفرەت لە دایك وباوكی بكرێت ، جا ئەو كارە تەنها بەرامبەر دایك وباوك قێزەون وخراپ نییە بەڵكو بەرامبەر هەموو كەسێكی باوەڕدار تاوانێكی گەورەیە چونكە پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی : ﴿لَعْنُ الْمُؤْمِنِ كَقَتْلِهِ﴾ رواه البخاری ومسلم ، وە دەفەرموێت : ﴿لا يَنْبَغِي لِلمؤمن أنْ يَكُونَ لَعَّاناً ﴾رواه البخاري في (الأدب المفرد) والترمذي

والحاكم ، وصححه الألباني في الصحيحة (٢٦٣٦) ، وە دەفەرموێت : ﴿ لَيْسَ الْمُؤْمِنُ بالطَّعَّانِ وَلا اللَّعَّانِ وَلا الفاحِشِ وَلا البَذِيءِ﴾ رواه أحمد والبخاري في (الأدب المفرد) والترمذي والحاكم ، وصححه الألباني في الصحيحة(٣٢٠) ، وە نابێت مرۆڤی موسڵمان نەفرەت لە ئاژەڵ وگیانلەبەرانیش بکات بە بەڵگەی ئەو فەرموودەی ئەو کەسەی کە نەفرەتی لە حوشترەکەی کردووە پیغەمبەر ﷺ پێی فەرمووە : ﴿ مَنْ هَذَا اللاَّعِنُ بَعِيرَهُ ؟ قَالَ أَنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ ، قَالَ : انْزِلْ عَنْهُ فَلاَ تَصْحَبْنَا بِمَلْعُونٍ لاَ تَدْعُوا عَلَى أَنْفُسِكُمْ وَلاَ تَدْعُوا عَلَى أَوْلاَدِكُمْ وَلاَ تَدْعُوا عَلَى أَمْوَالِكُمْ لاَ تُوَافِقُوا مِنَ اللَّهِ سَاعَةً يُسْأَلُ فِيهَا عَطَاءٌ فَيَسْتَجِيبُ لَكُمْ ﴾ رواه مسلم .

زيد المدخلی رحمه الله دەڵێت : مەبەست لە داڵدەدان وشاردنەوە تاوانباران ئەوانەی ناسراون بە سەرپێچی وخراپەکاری ئەوەیە کەسێك داکۆکیان لێبکات ، یان ماڵ وسامانی ببەخشێت بۆ ئەوەی سزای شەرعی نەدرێت ، وە ئەو کارەش لە بابەتی چاکە وهاوکاریکردنی ئەو کەسە لێکبدرێتەوە ، ئەوە وانییە ، بەڵکو ئەو کەسەی خراپەکارە وەك ئەوەی مەی دروست دەکات ، یان بازرگانی بەماددە هۆشبەرەکانەوە دەکات بە هەموو جۆرەکانیەوە ، وە ئەو کەسانەی ئازاری خەڵك دەدەن وماڵ وسامانیان بە ناحەق دەخۆن وکەرامەتیان لەکەداردەکەن ، هەموو ئەو جۆرە کەسانە دروست نییە بۆ کەس دیفاعیان لێبکات وداڵدەیان بدات ، وە لەو جۆر کەسانەش ئەو تاقمە گومڕانەیە لەم سەردەمە دروستبوون ، دروست نییە بۆ هیچ کەس داڵدەیان

بدات وبیانشارێتەوە وبیانویان بۆ بێنێتەوە بەوەی هەڵخەڵەتاوە ونەفامە وهەژار وكەمدەرامەت ودەوڵەت یارمەتی نەداوە یان هەرشتێكی تری لەو بابەتە ، هەموو ئەوانە دەچێتە چوارچێوەی داڵدەدانی خراپەكارانەوە ، ئەوەی بەو كارە هەسێت ئەوە نەفسی خۆی دووچاری نەفرەتی خودا ﷻ كردووەتەوە .

بَابُ يَبَرُّ وَالِدَيْهِ مَا لم يكن معصية

# فەرموودەی چواردەیەم

عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ قَالَ : أَوْصَانِي رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِتِسْعٍ : "لَا تُشْرِكْ بِاللَّهِ شَيْئًا وَإِنْ قُطِّعْتَ أَوْ حُرِّقْتَ ، وَلَا تَتْرُكَنَّ الصَّلَاةَ الْمَكْتُوبَةَ مُتَعَمِّدًا ؛ وَمَنْ تَرَكَهَا مُتَعَمِّدًا بَرِئَتْ مِنْهُ الذِّمَّةُ ، وَلَا تَشْرَبَنَّ الْخَمْرَ؛ فَإِنَّهَا مِفْتَاحُ كُلِّ شَرٍّ، وَأَطِعْ وَالِدَيْكَ، وَإِنْ أَمَرَاكَ أَنْ تَخْرُجَ مِنْ دنياك ؛ فاخرج لهما ، ولا تُنَازِعَنَّ وُلَاةَ الْأَمْرِ، وَإِنْ رَأَيْتَ أَنَّكَ أَنْتَ ، وَلَا تفرر مِنَ الزَّحْفِ؛ وَإِنْ هَلَكْتَ وَفَرَّ أَصْحَابُكَ، وَأَنْفِقْ مِنْ طَولك عَلَى أَهْلِكَ، وَلَا تَرْفَعْ عَصَاكَ عَنْ أَهْلِكَ، وَأَخِفْهُمْ فِي اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ" .

(يَبَرُّ وَالِدَيْهِ مَا لم يكن معصية)چاكە دەكات لەگەڵ دایك وباوكی ئەگەر سەرپێچی فەرمانی خودا نەبێت ، (عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ) عویمر كوڕی مالك خەزرەجی ئەنصارییە بە كونیەكەیەوە بە ناوبانگە ، ڕۆژی بەدر موسڵمان بووە ، وە ئامادەی ئوحد بووە دەورێكی باشی بینیوە ، پێغەمبەری خودا ﷺ كردیە برای سلمان الفارسی رضي الله عنه ، دەڵێت : پێش هاتنی ئیسلام بازرگان بووم ، دوای ئەوەی موسڵمان بووم سەرقاڵی بازرگانی وپەرستش بووم ، نەمتوانی پێكەوە كۆیان بكەمەوە ، وازم لە بازرگانی هێنا ودەستم بە پەرستشەكەمەوە گرت ، فەزڵ وڕێز وپلە وپایەی زۆری هەیە یەكێكە لە زانا

ودانا وفەقیهەكانی هاوەڵان ، ئیبن الأثیر دەڵێت : لە سەرەمەرگدا گریا ئوم الدردائی خێزانی پێیوت تۆش دەگیرت ئەی هاوەڵی پێغەمبەری خودا ﷺ ، وتی : بۆ نەگریم كە من نازانم چۆن لە دەستی تاوانەكانم هەڵبێم .

دوو ساڵ پێش كۆتایی هاتنی فەرمانڕەوایەتی خەلافەتی عیثمان رضي الله عنه وەفاتی كردووە ، وە الواقدی جگە لە ئەویش دەڵێن : ساڵی ٣٢ وەفاتی كردووە ، وئیبن حبان دەڵێت : معاویه رضي الله عنه كردیه قازی دیمەش بە فەرمانی عمر رضي الله عنه .

(أَوْصَانِي رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِتِسْعٍ) پێغەمبەری خودا ﷺ وەسیەتی بە نۆ شت پێكردم ،( لَا تُشْرِكْ بِاللَّهِ شَيْئًا وَإِنْ قُطِّعْتَ أَوْ حُرِّقْتَ) هیچ هاوەڵ بۆ خودا دامەنێ ئەگەر پارچە پارچە كرایت یان سوتێنرایت .

ئەم فەرموودەیە پێچەوانەی ئەو ئایەتە نییە كە دەفەرموێت : ﴿ مَن كَفَرَ بِٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ إِيمَٰنِهِۦٓ إِلَّا مَنۡ أُكۡرِهَ وَقَلۡبُهُۥ مُطۡمَئِنُّۢ بِٱلۡإِيمَٰنِ وَلَٰكِن مَّن شَرَحَ بِٱلۡكُفۡرِ صَدۡرٗا فَعَلَيۡهِمۡ غَضَبٞ مِّنَ ٱللَّهِ وَلَهُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ ١٠٦ ﴾ (النحل) ، دەڵێن ئەم ئایەتە لەسەر عمار كوڕی یاسر رضي الله عنهما دابەزیوە كاتێك كافرەكانی قورەیش دایك وباوكیان شەهیدكرد وئازار وئەشكەنجەیەكی زۆری عماریشاندا تا ئەوەی باسی بتەكانی قورەیشی بەباشی كرد ، كە پێغەمبەر ﷺ بینی شەرمەزای خۆی دەربڕی ، پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو : حاڵی دڵت چۆنە ؟ وتی : ئاسودە وئارامە بە باوەڕ ، پێی فەرموو : ﴿فإن عادوا فعد﴾ ،

چونکە ئەوە ڕووخستە تەنها بەقسە نەك بەکردەوە وکرداری دڵ ، القرطبی ﵀ دەڵێت : زانایان کۆڕان لەسەر ئەوەی کەسێك ناچار بکرێت کوفر بکات یان دەیکوژن ، ئەگەر کوشتنەکەی هەڵبژارد ئەوە پاداشتی گەورەترە لای خودا لەو کەسەی ڕووخستی هەڵبژێرێت ، وئیبن کثیر ﵀ دەڵێت : باشترو وشایانترەر موسڵمان لەسەر ئاینەکەی خۆڕاگربێت ، ئەگەرچی ئەو دانبەخۆداگرتنەی سەربکێشێت بۆ کوشتنی وەك حافظ ئیبن عەساکر لە ژیاننامەی عبداللە کوڕی حذافە السهمی دا باسیدەکات کە یەکێکە لە هاوەڵانی پێغەمبەری خودا ﷺ ، ڕۆمەکان بەدیل گرتیان وهێنایان بۆ لای پادشاکەیان ، پادشاکە پێی وت : ببە گاور دەتکەمە هاوبەشی خۆم لە دەسەڵات ومەملەکەتەم وکچەکەمت لێ مارە دەکەم ، لە وەڵامیدا وتی : ئەگەر هەموو ئەوەی لە ژێر دەسەڵاتی وتۆ عەرەبیشدایە پێم ببەخشی بۆ ئەوەی ماوەی چاوترکانێك لە ئاینەی محمد پاشگەز ببمەوە ڕازی نابم ! وتی : کەوابێ دەتکوژم ، عبداللە وتی : دەتوانی بمکوژیت ؟....تاکۆتای بەسەرهاتەکەی ، وە ئارامگرتنی بلال وعاصم وخبیب و ئەحمد کوڕی حنبل ئەوەی تووشیانکردن زانراوە وشاراوە نییە لای زانستخوازان .

(وَلَا تَتْرُكَنَّ الصَّلَاةَ الْمَكْتُوبَةَ مُتَعَمِّدًا؛ وَمَنْ تَرَكَهَا مُتَعَمِّدًا بَرِئَتْ مِنْهُ الذِّمَّةُ)

وە نوێژی فەرز وازلێ مەهێنە وپشتگوێی مەخە بە ئەنقەست ، ئەو کەسەی بە ئەنقەست نوێژی فەرز ئەنجام نەدات بێبەش دەبێت لە چاودێری وپاراستنی خودا .

(وَلَا تَشْرَبَنَّ الْخَمْرَ ؛ فَإِنَّهَا مِفْتَاحُ كُلِّ شَرٍّ) وە مەی مەخۆرەوە ، چونکە کلیلی هەموو شەڕ وخراپەیەکە ، چونکە مرۆڤ بە هۆیە عەقڵ وژیری لە دەست دەدات وبەهۆیەوە لەوانەیە تووشی شیرك وکوفر زینا وکوشتن وهەرچی کردەوەی قێزەون وخراپە ببێت ، وە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت : ﴿ الخَمْرُ أُمُّ الفَواحِشِ وأكْبَرُ الكَبائِرِ مَنْ شَرِبَهَا وَقَعَ على أُمِّهِ وخالَتِهِ وعَمَّتِهِ ﴾ رواه الطبراني وحسنه الألباني في الصحيحة (١٨٥٣) ، وە دەفەرموێت : ﴿ الخَمْرُ أُمُّ الخَبائِثِ فَمَنْ شَرِبَهَا لَمْ تُقْبَلْ صَلاتُهُ أرْبَعِينَ يَوْماً فإنْ ماتَ وَهِيَ في بَطْنِهِ ماتَ مِيتَةً جاهِلِيَّةً ﴾ رواه الطبراني في (الأوسط) وحسنه الألباني في الصحيحة (١٨٥٤) ، (وَأَطِعْ وَالِدَيْكَ وَإِنْ أَمَرَاكَ أَنْ تَخْرُجَ مِنْ دنياك ؛ فاخرج لهما) وە گوێڕایەڵی دایك وباوکت بکە ، ئەگەر فەرمانیان پێکردیت لەو ژیانەی تیایدا دەژیت دەربچیت ، گوێڕایەڵیان بکە ودەرچۆ ، ئەم بڕگەی فەرموودەکە مەبەستی بابەتەکەیە کە بەڵگەی ئەوەی تێدایە گوێڕایەڵی دایك وباوك فەرز وپێویستە ، ئەگەر ئەو گوێڕایەڵیە پێچەوانەی فەرمانی خودا نەبوو ، پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت : ﴿إن أولادكم هبة الله لكم ، ﴿يَهَبُ لِمَن يَشَآءُ إِنَٰثٗا وَيَهَبُ لِمَن يَشَآءُ ٱلذُّكُورَ ٤٩﴾ (الشورى) ، فهم وأموالهم لكم إذا احتجتم إليها﴾ رواه الحاكم والبيهقي وصححه الألباني في الصحيحة (٢٥٦٤) ، (ولا تُنازِعَنَّ وُلَاةَ الْأَمْرِ، وَإِنْ رَأَيْتَ أَنَّكَ أَنْتَ) وە بەربەرەکانێ وململانێ مەکە لەگەڵ کاربەدەستان ، ئەگەرچی وابببینیت کە ئەو کەسانە شایەنی ئەو پلە وپۆستەنین

وتۆ لەوان شایانتر ولە پێشتری ، ئەم پرسە پرسێکە ئەهلی سوننە گرنگیەکی زۆریان پێداوە وبووتە بابەتێك لە بیروباوەڕی ئەهلی سوننە ، بە جۆرێك هەرکەس لەو حاڵەدا ناکۆك بێت بە دەرچوو لە ڕێبازی سوننە ئەژمار دەکرێت ، ئەویش لەبەر گرنگی ئەو لێکەوتانەی لەو پرسە دەکەوێتەوە کە خۆی لە پاراستنی سەر وماڵ وئاسایش وباروگوزەرانی خەڵك وهەموو جومگەکانی ژیانی دونیا وئاینی موسڵماناندا خۆی دەبینێتەوە ، ئەوەش لەبەر خاتری خودی کاربەدەستەکان نییە بەڵکو لەبەر ئەوەی خودا ﷻ وپێغەمبەرەکەی ﷺ بەو شێوەیە فەرمانیان بە موسڵمان کردووە وئیش وکاری دونیای موسڵمانان وتێکنەچوونی بانگەواز بۆ ئاینی خودا وپەرستشی موسڵمانانی پێوە بەندە ، خودا دەفەرموێت : ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا ٥٩ ﴾ (النساء) ، وە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت : ﴿ إِنَّهَا سَتَكُونُ هَنَاتٌ وَهَنَاتٌ فَمَنْ أَرَادَ أَنْ يُفَرِّقَ أَمْرَ هَذِهِ الأُمَّةِ وَهُمْ جَمِيعٌ فَاضْرِبُوا رَأْسَهُ بِالسَّيْفِ كَائِنًا مَنْ كَانَ ﴾ رواه مسلم ، وە دەفەرموێت : ﴿ يَكُونُ بَعْدِى أَئِمَّةٌ لاَ يَهْتَدُونَ بِهُدَاىَ وَلاَ يَسْتَنُّونَ بِسُنَّتِى وَسَيَقُومُ فِيهِمْ رِجَالٌ قُلُوبُهُمْ قُلُوبُ الشَّيَاطِينِ فِى جُثْمَانِ إِنْسٍ ، قُلْتُ : كَيْفَ أَصْنَعُ يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنْ أَدْرَكْتُ ذَلِكَ؟ قَالَ : تَسْمَعُ وَتُطِيعُ لِلأَمِيرِ وَإِنْ ضُرِبَ ظَهْرُكَ وَأُخِذَ مَالُكَ فَاسْمَعْ وَأَطِعْ ﴾ رَوَاهُ مُسْلِمٌ ، وەدەفەرموێت : ﴿ إِنَّهَا سَتَكُونُ

بَعْدِي أَثَرَةٌ وأُمورٌ تُنْكِرُونَهَا ! » قَالُوا : يَا رَسُول الله ، فَمَّا تَأْمُرُنا ؟ قَالَ : تُؤَدُّون الْحَقَّ الَّذِي عَلَيْكُمْ ، وَتَسأَلُونَ الله الَّذِي لَكُمْ ﴾ مُتَّفَقٌ عَلَيهِ ، وەدەفەرموێت : ﴿ إنكُمْ سَتَلْقَونَ بَعْدِي أَثَرَةً فَاصْبِرُوا حَتَّى تَلْقَوني عَلَى الحَوْضِ ﴾ . مُتَّفَقٌ عَلَيهِ .

وه چەندین فەرموودەی تر لەو بارەیەوە هاتووە كە هەر هەموویان جەخت لەسەر ئەوە دەكەنەوە كە موسڵمان دەبێت ئارامگربێت لەسەر دژواری وئەو نارەحەتیانەی دێنە ڕێگەی ودەبێت چاروانی پاداشتی خودا بكات .

(وَلَا تفرِر مِنَ الزَّحْفِ ؛ وَإِنْ هَلَكْتَ وَفرَّ أَصْحَابُكَ) وه لە كاتی ڕووبەڕوو بوونەوەی دوژمندا هەڵمەیە خۆت مەدزەرەوە ، ئەگەر لەوەشدا تیابچیت وهاوەڵەكانیشت هەڵبێن ، هەڵهاتن لە كاتی جەنگدا یەكێكە لەو تاوانانەی مرۆڤ بەهیلاكدان دەبن وتاوانێكی گەورەیە ، خودا ﷻ دەفەرموێت :

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا لَقِيتُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ زَحْفًا فَلَا تُوَلُّوهُمُ ٱلْأَدْبَارَ ﴿١٥﴾ وَمَن يُوَلِّهِمْ يَوْمَئِذٍ دُبُرَهُۥٓ إِلَّا مُتَحَرِّفًا لِّقِتَالٍ أَوْ مُتَحَيِّزًا إِلَىٰ فِئَةٍ فَقَدْ بَآءَ بِغَضَبٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَمَأْوَىٰهُ جَهَنَّمُ ۖ وَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ ﴿١٦﴾ ﴾ (الأنفال) ، وه پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت : ﴿ اجْتَنِبُوا السَّبْعَ المُوبِقَاتِ ! قالُوا : يَا رَسُولَ اللهِ ، وَمَا هُنَّ ؟ قَالَ : الشِّرْكُ باللهِ ، والسِّحْرُ ، وَقَتْلُ النَّفْسِ الَّتِي حَرَّمَ اللهُ إِلا بالحَقّ ، وأكلُ الرِّبَا ، وأَكْلُ مَالِ اليَتِيم ، والتَّوَلِّي يَوْمَ الزَّحْفِ ، وقَذْفُ المُحْصَنَاتِ المُؤْمنَاتِ الغَافِلاَتِ ﴾ متفق عَلَيْهِ .

(وَأَنْفِقْ مِنْ طَولك عَلَى أَهْلِكَ) وە ببەخشە وخەرجی ماڵ ومنداڵ دابین بکە لەو ماڵ وسامانەی خودا پێی بەخشیویت ، ئەمە بەڵگەیە کە دابین کردنی بژێوی ژن ومنداڵ وپێداویستیە بنەڕەتیەکانی ژیان بەو ئەندازی لە تواناداھەیە لەسەر پیاوان پێویستە .

(وَلَا تَرْفَعْ عَصَاكَ عَنْ أَهْلِكَ ، وَأَخِفْهُمْ فِي اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ) وە کۆچانەکەت ھەڵمەگرە لەسەر خێزان ومنداڵەکانت ، وە بە تۆڵە وسزای خودا بیانترسێنە ، بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە پیاو بەرپرسە لە خێزان ومنداڵەکانی ونابێت لە کاتی سەرپێچی فەرمانی خودا کەمتەرخەمی بکات ولێیان نەپرسێتەوە ، بەڵکو دەبێت سەرزەنشتیان بکات ئەگەر خراپەیەکیان ئەنجامدا وئامۆژگاریان بکا بۆ باشتر ئەگەر پێویستیشکرد بۆ چارەسەی ئەو حاڵەتە لێدان بەکاربھێنێت دەبێت بەو شێوەیە چارەسەری بکات ، خودا دەفەرموێت :

﴿وَٱلَّٰتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَٱهۡجُرُوهُنَّ فِي ٱلۡمَضَاجِعِ وَٱضۡرِبُوهُنَّۖ فَإِنۡ أَطَعۡنَكُمۡ فَلَا تَبۡغُواْ عَلَيۡهِنَّ سَبِيلًاۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيّٗا كَبِيرٗا ٣٤﴾ (النساء) ، وە پێغەمبەری خودا ﷺ : ﴿ فَاتَّقُوا اللَّهَ فِي النِّسَاءِ فَإِنَّكُمْ أَخَذْتُمُوهُنَّ بِأَمَانَةِ اللَّهِ وَاسْتَحْلَلْتُمْ فُرُوجَهُنَّ بِكَلِمَةِ اللَّهِ وَإِنَّ لَكُمْ عَلَيْهِنَّ أَنْ لاَ يُوطِئْنَ فُرُشَكُمْ أَحَدًا تَكْرَهُونَهُ فَإِنْ فَعَلْنَ فَاضْرِبُوهُنَّ ضَرْبًا غَيْرَ مُبَرِّحٍ وَلَهُنَّ عَلَيْكُمْ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ﴾ أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ فِي الصَّحِيحِ ، وە دەفەرموێت : ﴿علقوا السوط حيث يراه أهل البيت فإنه لهم أدب﴾ أخرجه الطبراني في الكبير وصححه الألباني في الصحيحة(١٤٤٧) ، وە پێویستە ئەوە لە پێش چاو بگیرێت کە

لێدان كۆتا چارەسەرە ونابێت ئەو لێدانە ببێتە هۆكار دیاری كردن وئازاری زۆر پێگەیاندیان ، وە ئەوەش كە ئەو كەسانەی لێدان بەكاردەهێنن لە باشترینەكانین وە دەفەرموێت : (( لاَ تَضْرِبُوا إِمَاء الله )) فجاء عُمَرُ إِلَى رسولِ الله ، فَقَالَ :ذَئِرْنَ النّسَاءُ عَلَى أَزْوَاجِهِنَّ ، فَرَخَّصَ فِي ضَرْبِهِنَّ ، فَأَطَافَ بِآلِ رَسُولِ الله نِسَاءٌ كَثِيرٌ يَشْكُونَ أَزْوَاجَهُنَّ ، فَقَالَ رَسُولِ الله : (( لَقَدْ أطَافَ بِآلِ بَيتِ مُحَمَّدٍ نِسَاءٌ كَثِيرٌ يَشْكُونَ أَزْوَاجَهُنَّ لَيسَ أولَئِكَ بِخِيَارِكُمْ )) رواه أَبُو داود وصححه الألباني .

ئەم فەرموودەیە كۆمەڵێك وانەی گرنگی تێدایە : لەوانە : خراپی وترسناكی هاوەڵ بڕیاردا بۆ خودا ﷻ بە جۆرێك گەر مرۆڤ لە نێوان دوو ئەگەردابێت كە ئەوانیش كفر وهاوەڵبڕیاردان یان تیاچوون وپارچە پارچەكردن وسوتاندنی باشتروایە بۆی یەكەمیان هەڵبژێرێت ، وە هەروەها گەورەی نوێژە فەرزەكان و ترسناكی زایەكردن وئەنجامنەدانی نوێژە فەرزەكان ، لە دەستدانی نوێژە فەرزەكان تاوانێكی گەورەیە ونابێت موسڵمان نوێژەكانی لە كاتی خۆیدا ئەنجامنەدا ، چونكە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت : ((إِذَا رَقَدَ أَحَدُكُمْ عَنِ الصَّلاَةِ أَوْ غَفَلَ عَنْهَا فَلْيُصَلِّهَا إِذَا ذَكَرَهَا فَإِنَّ اللَّهَ يَقُولُ أَقِمِ الصَّلاَةَ لِذِكْرِى)) أخرجه مسلم ، وە دیسان دەفەرموێت : (( مَنْ نَسِيَ صَلاَةً فَلْيُصَلِّهَا إِذَا ذَكَرَهَا لاَ كَفَّارَةَ لَهَا إِلاَّ ذَلِكَ )) أخرجه مسلم ، وە ئەوەی مەی ومادده هۆشبەرەكان كلیلی تاوانە زۆر گەورەكانن وشایان نییە بە موسڵمان بە دەستی خۆی بیر وهۆشی لە دەستبدات وتووشی هەموو جۆرە

تاوانە قێزەونەکانی بکات ، وە گوێڕایەڵی دایك وباوك وەسیەتی پێغەمبەر ﷺ بۆ ئوممەتەکەی وزۆرجار لە زۆر بۆنەدا جەتی لەسەر کردووتەوە ودووبارەی کردووتەوە لەبەر گەورەی ڕێزی دایك وباوك لە ئیسلامدا ، وە هەروەها ڕکەبەرایەتی نەکردن وبەربەرەکانێ نەکردن کاربەدەستان ، چونکە بەڕاستی ئەوەی ئەمڕۆ لەدونیا موسڵماناندا دەگوزەرێت کارەسات وناهەموارە وهەموو ئەوەش تەنها لەبەر پێشبڕکێ وهەوڵدانی کەسانێکە بۆ پلە وپۆست دونیا هاوبەشکردنیانە لە کێکی دەسەلآت ــ وەك دەڵێن ــ ، نەوەك بۆ پیادەکردنی ئاینەی خودای پەروەردگار ، وەك لەواقعدا ئەوە سەلماوە هەموو ئەو کەسانەی فیشاڵ لێدەدەن وبانگەشەی بریقەدار دەکەن بەوەی گەر دەسەلآت بگرنە دەست ئاینی خودا پیادە دەکەن وحوکمی جاهلی لە ناودەبەن ، هەموو ئەوانە چەواشە ودرۆن بۆ ئەوەی سۆزی ئاینی خەڵکی بجوولێن ، گەر کەسێك لە ژیانی تایبەتی خۆی وخێزان ومنداڵەکانی ئاینی خودا پیادە نەکات وپێی ڕازی نەبێت چۆن ئاینی خودا لەسەر زەوی پیادە دەکات وجاهلییەت ــ وەك دەڵێن ــ لە ناو دەبات ، خودا ﷻ دەفەرموێت ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوۡمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنفُسِهِمۡۗ ١١ ﴾ (الرعد) ، وە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت : (( إِذَا تَبَايَعْتُمْ بِالْعِينَةِ وَأَخَذْتُمْ أَذْنَابَ الْبَقَرِ وَرَضِيتُمْ بِالزَّرْعِ وَتَرَكْتُمُ الْجِهَادَ سَلَّطَ اللَّهُ عَلَيْكُمْ ذُلاًّ لاَ يَنْزِعُهُ حَتَّى تَرْجِعُوا إِلَى دِينِكُمْ )) أخرجه أبو داود وصححه الألباني ، وە ئەوەی کە پێویستە موسڵمان چاونەترس وبەجەرگ بێت ولە ڕووبەڕووبوونەی دوژمنان نەترسێت

وهەڵنەیەت ، وه سەخاوەت ودەستگوشادی كه سیفەتی موسڵمانه ودەبێت دووربێت لە چروكی وپیسكەی وئەوەی لەسەری پێویستە لە بژێوی دابینی بكات بەو شێوەی دەتوانێت ، كۆتا سود ئەوەیە كە پیاوی موسڵمان دەبێت جڵەوی خێزانەكەی بگرێت وبێئاگا نەبێت لێیان وە بەرپرسە بەرامبەر خودا لە خێزان ومالّ ومندالّی ودەبێت سەرزەنشتیان بكات لەكاتی سەرپێچی وبەجێنەهێنانی فەرمانە شەرعیەكان وكەمتەرخەمی نەكات لەوەدا ، چونكە گەر بە مندالّی لەسەر گوێڕایەڵی ئاین پەروەردە نەبێت كە گەورەبوون لە دەست دەردەچن .

# فەرموودەی پازدەیەم

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو قَالَ : "جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يُرِيدُ الْجِهَادَ ، فَقَالَ: "أَحَيٌّ وَالِدَاكَ ؟ " فَقَالَ: نَعَمْ ، فَقَالَ: "فَفِيهِمَا فَجَاهِدْ".

(عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو قَالَ : "جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يُرِيدُ الْجِهَادَ) ، عبد الله کوڕی عەمر رضي الله عنهما دەڵێت : پیاوێك هات بۆی پێغەمبەری خودا ﷺ دەیویست جیهاد بکات ، (فَقَالَ: "أَحَيٌّ وَالِدَاكَ ؟ " فَقَالَ: نَعَمْ . فَقَالَ : "فَفِيهِمَا فَجَاهِدْ") ، پێی فەرموو : دایك وباوکت زیندوون ، وتی : بەڵێ ، فەرموو : لە پێناوی ڕەزامەندی دایك وباوکدتدا تێبکۆشە ، الحافظ دەڵێت : واتە : ئەگەر دایك وباوکت لە ژیاندان خۆت ماندوو بکە لە چاکەکردن لەگەڵیاندا ، چونکە ئەوە وەك ڕووبەڕوو بوونەوەی دوژمنانە ، النووی رحمه الله دەڵێت : هەموو ئەمانە بەڵگەن لەسەر گەورەی چاکەکاری لەگەڵ دایك وباك ، وە ئەوەشی تێدایە کە لەجیهاد وتێکۆشان زیاتر جەختی لەسەر کراوتەوە ، وە بەڵگەی ئەوەشی تیادایە بۆ ئەوەی زانایان دەڵێن : دروست نییە جیهاد بکرێت ئیلا بە ڕەزامەندی دایك وباوك نەبێت ئەگەر موسڵمانبن ، والحافظ دەڵێت : زۆربەی زانایان دەڵێن : حەرامە کەسێك

بچێت بۆ جیهاد ئەگەر دایك وباوكی یان یەكێك لەوان نارِازیبن ، بەو مەرجەی موسڵمانبن .

ئەم فەرمووده بەڵگەی ئەوەشی تێدایە كە كاربەدەستان پێویستە ئامۆژگاری ئەو كەسانە بكەن كە بەرِێوەیان دەبەن وئاراستەیان بكەن بۆ ئەوەی باشترینە ورِێنماییان بكە بەوەی پێویستر وسودی زیارتره .

## بَابُ مَنْ أَدْرَكَ وَالِدَيْهِ فَلَمْ يَدْخُلِ الجنة

## فەرموودەی شازدەیەم

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ : "رَغِمَ أَنْفُهُ ، رَغِمَ أَنْفُهُ ، رَغِمَ أَنْفُهُ". قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ! مَنْ؟ قَالَ: "مَنْ أَدْرَكَ وَالِدَيْهِ عنده الْكِبَرِ ، أَوْ أَحَدَهُما، فَدَخلَ النَّارَ".

(مَنْ أَدْرَكَ وَالِدَيْهِ فَلَمْ يَدْخُلِ الجنة) هەرکەس بگاتە دایك وباوکی ونەچێتە بەهەشتەوە ، (عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ) : لە ئەبوهریرە ﷺ لە پێغەمبەری خوداوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی : ("رَغِمَ أَنْفُهُ ، رَغِمَ أَنْفُهُ ، رَغِمَ أَنْفُهُ") لووتی بە خۆڵدا بێت سێجار ، ئەو وشەیە کینایەیە بە مانای ڕیسوا وسەرشۆڕبێت بەکاردەهێنرێت ، (قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ! مَنْ؟) وتیا : ئەی پێغەمبەری خودا ! کێ ؟ ("مَنْ أَدْرَكَ وَالِدَيْهِ عنده الْكِبَرِ ، أَوْ أَحَدَهُما ، فَدَخلَ النَّارَ") فەرمووی : هەرکەسێك دایك وباوکی لە تەمەنی پیردا لەگەڵیدا بژین ، یان یەکێك لەوان ، وبچێتە ئاگرەوە ، چونکە خزمەتکردنی دایك وباوك لەو کاتەدا زیاتر پێویستترە ، ودەرگایەکی گرنگە کە لە ڕێگەیەوە مرۆڤ دەتوانێت ڕەزامەندی پەروەردگاری بەدەست بهێنێت ، وە لە ڕیواتی ئیمام مسلم دا رَحِمَهُ اللهُ دەفەرموێت : ((لَمْ يَدْخُلِ الجَنَّةَ)) ، ئەم

فەرموودەیە بەڵگەیەكی زۆر ڕاشكاوە كە چاكەكاری لەگەڵ دایك وباوك هۆكارێكی گرنگە بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی پەروەردگار وبەپێچەوانەشە دەبێتە هۆكاری زەلیلی وسەرشۆڕی ئەو كەسانەی خراپەكارن بەرامبەریان لە دۆڕۆژدا .

## بَابُ لَا يَسْتَغْفِرُ لِأَبِيهِ الْمُشْرِكِ

## فەرموودەی حەفتاوچوارەم

عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ فِي قَوْلِهِ عَزَّ وَجَلَّ : ﴿إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِندَكَ ٱلْكِبَرَ أَحَدُهُمَآ أَوْ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُل لَّهُمَآ أُفٍّ وَلَا تَنْهَرْهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا ﴿٢٣﴾ وَٱخْفِضْ لَهُمَا جَنَاحَ ٱلذُّلِّ مِنَ ٱلرَّحْمَةِ وَقُل رَّبِّ ٱرْحَمْهُمَا كَمَا رَبَّيَانِى صَغِيرًا ﴿٢٤﴾﴾(الإسراء) ، فنسختها الآية في براءة : ﴿مَا كَانَ لِلنَّبِىِّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَن يَسْتَغْفِرُوا۟ لِلْمُشْرِكِينَ وَلَوْ كَانُوٓا۟ أُو۟لِى قُرْبَىٰ مِنۢ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُمْ أَصْحَـٰبُ ٱلْجَحِيمِ ﴿١١٣﴾﴾(التوبة).

(لَا يَسْتَغْفِرُ لِأَبِيهِ الْمُشْرِكِ) داوای لێخۆشبوون ناکات بۆ باوکی کە هاوەڵبڕیاردەرە بوو ، (عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ فِي قَوْلِهِ عَزَّ وَجَلَّ) ئیبن عباس رضي الله عنهما لە ڕاڤەی ئەم ئایەتەدا : ﴿إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِندَكَ ٱلْكِبَرَ أَحَدُهُمَآ أَوْ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُل لَّهُمَآ أُفٍّ وَلَا تَنْهَرْهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا ﴿٢٣﴾ وَٱخْفِضْ لَهُمَا جَنَاحَ ٱلذُّلِّ مِنَ ٱلرَّحْمَةِ وَقُل رَّبِّ ٱرْحَمْهُمَا كَمَا رَبَّيَانِى صَغِيرًا ﴿٢٤﴾﴾(الإسراء) ، دەڵێت : ئەگەر یەکێك لە دایك وباوکت یان هەردووکیان لە تەمەنە پیریدا لای تۆ

ژیان ، ئۆفیان پێمەڵێ وقسەی زبریان لەگەڵ مەكەن وپیایاندا هەڵمەشاخێ ، وە بەجوانی وبەنەرمونیانی قسەیان لەگەڵ بكە ، وە دەستی میهربانیان بۆ دابخە وبەكردەوە خاكیبوونی خۆتیان بۆ بسەلمێنە ، وبپارێرەوە وبلێ پەروەردگارا لێیان خۆشبە چونكە ئەوان منیان بە مندالی پەروەردەكرد ، دەلێت : (فنسختها الآیة في براءة) ئەو ئایەتەی سورەتی البراء نەسخی كردووەتەوە ، كە دەفەرمویت : ﴿ مَا كَانَ لِلنَّبِيِّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَن يَسۡتَغۡفِرُواْ لِلۡمُشۡرِكِينَ وَلَوۡ كَانُوٓاْ أُوْلِي قُرۡبَىٰ مِنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمۡ أَنَّهُمۡ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَحِيمِ ١١٣ ﴾ (التوبة) ، پێغەمبەری خودا ﷺ ئەو كەسانەشی باوەڕیان هێناوە بۆیان نییە داوای لێخۆشبوون بكەن بۆ مشریك وهاوەڵبڕیاردەران ئەگەرچی خزمی نزیكیشبن ، دوای ئەوەی بۆیان ڕوون بووەوە كە ئەهلی دۆزەخن .

ئەم ئەثرە خراپی هاوەڵبڕیاردان دەردەخات ، كە دەبێتە ڕێگری ئەوەی خزم وكەسی بۆی بپاڕێنەوە ، وە نابێت موسڵمان پێچەوانەی فەرمانی خودا وپێغەمبەرەكەی ﷺ بكات ، وە ئەوەی ئیبن عباس رضي الله عنهما دەلێت ئایەتەكەی سورەتی بەرائە ئەو ئایەتانی سورەتی ئیسرائی نەسخ كردووەتەوە ، پێویستە ئەوە بزانرێت كە زۆر جار لە زاراوەی پێشینانی سەلەفدا نەسخ بۆ تایبەتكردنی دەقێكی گشتی یان پەیوەندكردنی دەقێكی ڕەها بە كاردەهێنرێت ، لێرەش وشەی نەسخ بەكارهێنراوە بۆ تایبەت كردنی داوای لێخۆشبوون بۆ دایك وباوكی باوەڕدار .

## باب بر الوالد المشرك

## فەرموودەی هەژدەیەم

عَنْ سَعْدِ بْنِ أَبِي وَقَّاصٍ قَالَ: نَزَلَتْ فِيَّ أَرْبَعُ آيَاتٍ مِنْ كِتَابِ اللَّهِ تَعَالَى : كَانَتْ أُمِّي حَلَفَتْ، أَنْ لَا تَأْكُلَ وَلَا تَشْرَبَ، حَتَّى أُفَارِقَ مُحَمَّدًا صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ، فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿ وَإِن جَٰهَدَاكَ عَلَىٰٓ أَن تُشْرِكَ بِى مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ فَلَا تُطِعْهُمَا ۖ وَصَاحِبْهُمَا فِى ٱلدُّنْيَا مَعْرُوفًا ۖ ﴿١٥﴾ ﴾ (لقمان) ، وَالثَّانِيَةُ: أَنِّي كُنْتُ أَخَذْتُ سَيْفًا أَعْجَبَنِي، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ! هَبْ لِي هَذَا. فَنَزَلَتْ: ﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْأَنفَالِ ۖ ﴿١﴾ ﴾ (الأنفال) ، وَالثَّالِثَةُ : أَنِّي مَرِضْتُ فَأَتَانِي رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ! إِنِّي أُرِيدُ أَنْ أَقْسِمَ مَالِي، أَفَأُوصِي بِالنِّصْفِ؟ فَقَالَ: "لَا". فَقُلْتُ: الثُّلُثُ؟ فَسَكَتَ، فَكَانَ الثُّلُثُ بَعْدَهُ جَائِزًا. وَالرَّابِعَةُ: إِنِّي شَرِبْتُ الْخَمْرَ مَعَ قَوْمٍ مِنَ الْأَنْصَارِ، فَضَرَبَ رجل منهم أَنْفِي بلحيِ جملٍ ، فَأَتَيْتُ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَأَنْزَلَ عز وجل تحريم الخمر.

(باب بر الوالد المشرك) چاکەکاری لەگەڵ باوکی موشرك وهاوەڵبڕیاردەر ، (عَنْ سَعْدِ بْنِ أَبِي وَقَّاصٍ) مالك کوڕی وهیب کوڕی عبدمناف الزهری یە ، کونییەی ئەبوإسحاقە ، یەکێکە لەو دە هاوەڵەی پێغەمبەری خودا ﷺ

مژدەی بەهەشتی پێداون ، وە یەكێكە لەو كەسانەی لە سەرەتای هاتنی ئیسلامدا موسڵمان بووە ، وئامادەیی بەدر وئوحد وخەندەق وهەموو ڕووبەڕووبوونەكانی تربووە لەگەڵ پێغەمبەری خودا ﷺ ، وە یەكەم كەس بووە كە تیری هاویشتبێت لە پێناوی خودا ، پێغەمبەر ﷺ پێی فەرمووە : بهاوە دایك وباوكم بە فیدات بێت ، وە عمر رضي الله عنه لەسەرە مەرگدا هەڵبژارد بەیەكێك لەو شەش كەسەی شورای پێسپاردن دوای خۆی وتی : ئەگەر سعد بووە بە كاربەدەست باشە ، ئەگەرنا وەسیەت دەكەم بەو كەسەی دەبێــە خەلیفە دوای من كاری پێبسپێرێت ، چونكە من لەسەر كار لام نەدا لەبەر نەتوانكاری وناپاكی ، وە فەرماندەی ئەو سوپایە بوو كە فارسیان تێكشكاند لە القادسیە وشاری مدائنی كیسرای لە عیراق ئازادكرد ، وە هەندێك لەو جەنگاوەرانەی لەگەڵیدابوون ناردنی بۆ جەنگان لەگەڵ فارس لە جلولاء وتێكیان شكاندن ، لە دوای شەهید كردنی عثمان رضي الله عنه بەشدار شەڕ وناكۆكیەكانی نەكرد ولەماڵەوە دانیشت ، ساڵی ٥٥ لە العقیق كە حەوت میل لە مەدینەوە دوورە مردووە وهێناویانە لە مەدینە ناشتویانە .

(قَالَ : نَزَلَتْ فِيَّ أَرْبَعُ آيَاتٍ مِنْ كِتَابِ اللَّهِ تَعَالَى: كَانَتْ أُمِّي حَلَفَتْ ، أَنْ لَا تَأْكُلَ وَلَا تَشْرَبَ، حَتَّى أُفَارِقَ مُحَمَّدًا صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ) وتی : چوار ئایەت دەربارەی من دابەزی لە كتێبەكەی خودای باڵادەست : دایكم سوێندی خودارد كە خواردن نەخوات وئاو نەخواتەوە تا ئەوكاتەی لە

ئاینەکە محمد ﷺ پاشگەز نەبمەوە ، خودا ﷻ ئەم ئایەتەی دابەزاند کە دەفەرمویٚت : ﴿ وَإِن جَٰهَدَاكَ عَلَىٰٓ أَن تُشۡرِكَ بِي مَا لَيۡسَ لَكَ بِهِۦ عِلۡمٞ فَلَا تُطِعۡهُمَاۖ وَصَاحِبۡهُمَا فِي ٱلدُّنۡيَا مَعۡرُوفٗاۖ ﴿١٥﴾ ﴾ (لقمان) ، واتە : ئەگەر دایك وباوکت کۆشان لەگەڵت وهەوڵی ئەوەیاندا کە هاوەڵ بۆ پەروەردگار بڕیار بدەیت کە زانیاریت نییە لەو بارەیەوە گوێڕایەڵیان مەکە ، وە لەودنیا بە باشی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکەن وڕێزیان لێبگرە .

وَالثَّانِيَةُ : أَنِّي كُنْتُ أَخَذْتُ سَيْفًا أَعْجَبَنِي، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ! هَبْ لِي هَذَا. فَنَزَلَتْ: ﴿ يَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلۡأَنفَالِۖ ﴿١﴾ ﴾ (الأنفال) ، وە ئایەتی دووەم : من شمشێرێکم بردبوو کە سەرنجی ڕاکێشابووم ، وتم : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ : ئەمەم پێببەخشە ، ئەو ئایەتە دابەزی : ﴿ يَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلۡأَنفَالِۖ ﴿١﴾ ﴾ (الأنفال) واتە : پرسیارت لێدەکەن ئەی محمد ﷺ دەربارەی دەستکەتەکانی جەنگ ... ، وە لە ڕیوایتێکدا دەڵیت : (( جِئْتُ إِلَى النَّبِيِّ يَوْمَ بَدْرٍ بِسَيْفٍ فَقُلْتُ : يَا رَسُولَ اللهِ إنَّ اللهَ قَدْ شَفَى صَدْرِي الْيَوْمَ مِنْ الْعَدُوِّ ، فَهَبْ لِي هَذَا السَّيْفَ ، فَقَالَ : إنَّ هَذَا السَّيْفَ لَيْسَ لِي وَلا لَكَ ، فَذَهَبْتُ وَأَنَا أَقُولُ : يُعْطَاهُ الْيَوْمَ مَنْ لَمْ يُبْلِ بَلائِي ، فَبَيْنَا أَنَا إِذْ جَاءَنِي رَسُولُ رَسُولِ اللهِ ؟ فَقَالَ : أَجِبْ ، فَظَنَنْتُ أَنَّهُ نَزَلَ فِي شَيْءٌ بِكَلامِي فَجِئْتُ ، فَقَالَ لِي النَّبِيُّ : إِنَّكَ سَأَلْتَنِي هَذَا السَّيْفَ وَلَيْسَ هُوَ لِي وَلا لَكَ ، وَإِنَّ اللهَ قَدْ جَعَلَهُ لِي فَهُوَ لَكَ ، ثُمَّ ﴿ يَسۡـَٔلُونَكَ

عَنِ ٱلۡأَنفَالِۖ قُلِ ٱلۡأَنفَالُ لِلَّهِ وَٱلرَّسُولِۖ ﴿١﴾ (الأنفال) إِلَى آخِرِ الآيَةِ )) رَوَاهُ أَحْمَدُ وَأَبُو دَاوُد وقال الألباني : حسن صحيح .

(وَالثَّالِثَةُ: أَنِّي مَرِضْتُ فَأَتَانِي رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ! إِنِّي أُرِيدُ أَنْ أَقْسِمَ مَالِي، أَفَأُوصِي بِالنِّصْفِ؟ فَقَالَ: "لَا". فَقُلْتُ: الثُّلُثُ؟ فَسَكَتَ، فَكَانَ الثُّلُثُ بَعْدَهُ جَائِزًا) وە سێیەم : من نەخۆش كەوتم پێغەمبەری خودا ﷺ سەردانی كردم ، وتم : من دەمەوێت ماڵەكەم دابەش بكەم ، ئایا وەسیەت بكەم نیوەی ماڵەكەم ببەخشن ؟ فەرمووی : نەخێر ، وتە : ئەی سێیەكی ماڵەكەم ؟ بێدەنگ بوو ، دوای ئەوەی بەخشینی سێیەكی ماڵ دورستبوو ، وە لە ڕیوایەتێكدا دەفەرموێت : (( الثُّلُث ، وَالثلث كثير ، إِنَّك أَن تذر وَرثتك أَغْنِيَاء خير من أَن تذرهم عَالَة يَتَكَفَّفُونَ النَّاس )) رواه البخاری ومسلم ، ئیبن عباس رضي الله عنهما دەڵێت : ﴿ لَوْ أَنَّ النَّاسَ غَضُّوا مِنَ الثُّلُثِ إِلَى الرُّبُعِ فَإِنَّ رَسُولَ اللَّهِ ؟ قَالَ : الثُّلُثُ وَالثُّلُثُ كَثِيرٌ ﴾ . مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ .

(وَالرَّابِعَةُ: إِنِّي شَرِبْتُ الْخَمْرَ مَعَ قَوْمٍ مِنَ الْأَنْصَارِ، فَضَرَبَ رجل منهم أَنْفِي بلحي جملٍ ، فَأَتَيْتُ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَأَنْزَلَ عز وجل تحريم الخمر) وە چوارەم : من لەگەڵ كۆمەڵێك لە پشتیوانەكان مەیم خواردەوە ، پیاوێكیان بە شەویلگەی حوشتر كێشای بە لوتمدا ، هاتم بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ ئەوەم بۆ گێڕایەوە ، خودا ﷻ ئایەتی حەرامكردنی مەیی دابەزاند ، لە صحیحی مسلمدا دەڵێت : ﴿ قَالَ وَأَتَيْتُ عَلَى نَفرٍ مِنَ الْأَنْصَارِ وَالْمُهَاجِرِينَ فَقَالُوا تَعَالَ نُطْعِمْكَ وَنَسْقِيكَ خَمْرًا ، وَذَلِكَ قَبْلَ أَنْ تُحَرَّمَ الْخَمْرُ ، قَالَ : فَأَتَيْتُهُمْ فِي

حَشٍّ . وَالْحَشُّ الْبُسْتَانُ . فَإِذَا رَأْسُ جَزُورٍ مَشْوِيٌّ عِنْدَهُمْ وَزِقٌّ مِنْ خَمْرٍ ، قَالَ . فَأَكَلْتُ وَشَرِبْتُ مَعَهُمْ . ، قَالَ : فَذُكِرَتِ الأَنْصَارُ وَالْمُهَاجِرُونَ عِنْدَهُمْ فَقُلْتُ الْمُهَاجِرُونَ خَيْرٌ مِنَ الأَنْصَارِ ، قَالَ : فَأَخَذَ رَجُلٌ أَحَدَ لَحْيَيِ الرَّأْسِ فَضَرَبَنِي بِهِ فَجَرَحَ بِأَنْفِي فَأَتَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ فَأَخْبَرْتُهُ فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ فِي شَأْنِ الْخَمْرِ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ وَٱلۡأَزۡلَٰمُ رِجۡسٞ مِّنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ ٩٠﴾(المائدة) .

ئەم فەرموودەیە پلە وپایەی سعد رضي الله عنه دەردەخات کە چوار ئایەت لە قورئانی پیرۆز بە هۆیەوە دابەزیوە ، وە گوێڕایەڵی نەکردنی هیچ کەس لە سەرپێچی فەرمانی پەروەردگار ئەگەرچی ئەو کەسە دایکیش بێت کە شایانتر ولە پێشرە زیاتر لە هەموو کەسێك چاکەی لەگەڵدا بکرێت ، وە چاکەکاری لەگەڵ دایك وباوکدا ئەگەرچی موسڵمانیش نەبن ، وە حەڵاڵی دەستکەوتی جەنگ بۆ ئەم ئوممەتە کە بۆ ئوممەتانی تر حەڵاڵ نەبووە ، وە سەردانی نەخۆش یەکێکە لە مافەکانی موسڵمان بەسەر براکەیەوە ، وە بێفیزی وخاکبوونی پێغەمبەری خودا ﷺ لەگەڵ سەرقاڵی زۆری وئاگابوونی لە حاڵی خزم وکەس ودوست وهاوەڵ وئوممەتەی لە بیری نەدەکردن ، وە پێشبڕکێی هاوەڵان بۆ چاکەکاری وسەخاوەتیان ، وستەم نەکردن لە میراتگران بە پێشێلکردنی ماف ومیراتەکەیان ، وە دروستی وەسیەیت بە سێیەکی ماڵ وسامان کەمتر ، حەرامی خراپی مەی ومادده خۆشبەرەکان کە دەبنە هۆکاری شەڕ وکێشە وئاژاوە وکوشتن وزۆرتاوانی تری قێزەون ، وە سڕینەوەی هەندێك کاروکردەوە کەپێشتر حەرامە نەبووە .

## فەرموودەی نۆزدەیەم

عن أَسْمَاءُ بِنْتُ أَبِي بَكْرٍ قَالَتْ : أَتَتْنِي أُمِّي رَاغِبَةً ، فِي عَهْدِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فَسَأَلْتُ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: أصِلُها؟ قَالَ: "نَعَمْ". قَالَ: ابْنُ عُيَيْنَةَ: فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ فِيهَا : ﴿لَا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ لَمْ يُقَٰتِلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوٓاْ إِلَيْهِمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ ٨﴾(الممتحنة).

(عن أَسْمَاءُ بِنْتُ أَبِي بَكْرٍ) ئەسماء كچی ئەبوبكری الصدیقه خوشكی عائشەی دایكی ئیماندارانه وخێزانی زبیری كوڕی العوام ودایكی عبدالله وعروه كوڕی الزبیره ، وه پێی وتراوه (ذات النطاقین) ، ئەسماء به حجاج كوڕی یوسف وتووه : چۆن تانه لـه عبدالله كوڕم دەدەیت وپێی دەڵێت كوڕی (ذات النطاقین) ؟ بەڵێ كەمەربەندێكم هەبوو ، كه هەموو ژنێك ئەوه لـه كەمەریان دەبەستن ، به بەشێك لـەو كەمەربەندە خواردنی پێغەمبەری خودا ﷺ پۆشیوه ، عروەی كوڕی دەڵێت : دایكم تەمەنی گەیشته ١٠٠ساڵ هیچ ددانێكی نەكەوت ، وعەقڵ وژیریشی لـەدەست نەدا لـەو تەمەنەدا ، ئیبن ئیسحاق دەڵێت : دوای ١٠ كەس موسڵمان بووه ، وه كۆچی كرد بۆ مەدینه عبدالله كوڕی لـه سكیدابوو ، وه لـه مەككه مردووه به چەند ڕۆژێك دوای كوشتنی عبدالله ، لـه مانگی جمادی الأولی ساڵی ٧٣ .

(قَالَتْ : أَتَتْنِي أُمِّي رَاغِبَةً، فِي عَهْدِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ، دەڵێت : دایکی دایکم سەردانی کردنم بە تەمای ئەوە بوو چاکەی لەگەڵ بکەم وهاوکاری بکەم لە کاتێکدا موسڵمان نەبوو لە سەردەمی پێغەمبەری خودا ﷺ ، وە لە ریوایەتێکدا دەڵێت : (أَتَتْنِي أُمِّي رَاغِبَةً فِي عَهْدِ قُرَيْشٍ وَهِيَ مُشْرِكَةٌ) متفق عليه ، واتە : ئەو سەردانی کردنە دوای پەیمانامەی حودەیبە وپێش ڕزگارکردنی مەککە بووە .

(فَسَأَلْتُ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: أَصِلُهَا؟ قَالَ: "نَعَمْ") ، پرسیار کرد لە پێغەمبەری خودا ﷺ سیلەی ڕەحم بگەینم وچاکەی لەگەڵدا بکەم لە کاتێکدا ئەو بێباوەڕە ، مەبەستی بوخاری رَحِمَهُ اللهُ لە هێنانی ئەم فەرموودەیە لێرە ئەمەیە ، فەرمووی : بەڵێ .

(ابْنُ عُيَيْنَةَ) سفیان کوڕی عیینە یەکێکە لە ناوداران ، وە بە یەکێك لە کەڵە پیاوانی فەرموودە دادەنرێت ، ساڵی ١٠٧ لە دایك بووە ، ولە مانگی ڕەجبی ساڵی ١٩٨ مردووە ، کەسێکی شارەزا ولە خوداترس ودونیانەویست وفەرموودەناسێکی گەورە بووە رَحِمَهُ اللهُ .

﴿ لَّا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ لَمْ يُقَٰتِلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوٓا۟ إِلَيْهِمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ ﴿٨﴾ ﴾ (الممتحنة) ، دەڵێت خودا عَزَّ وَجَلَّ ئەم ئایەتەی لەسەر ئەسماء ناردە خوارەوە کە دەفەرموێت : خودا سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ قەدەغە

وياساغی ئەوەتان لێناكات كە كە دادگەربن ورەفتاری چاك وهاوكاری ئەو كەسانە بكەن كە دژايەتيتان ناكەن وناجەنگن لەگەڵتان لەسەر ئايين ولەماڵ وحاڵی خۆتان دەرتان ناكەن ، بەڕاستی خودا دادگەرانی خۆش دەوێت .

ئەم فەرموودەيە : بەڵگەی ئەوەی تێدايە كە موسڵمان شارەزای نەبێت لەهەر پرسێك كە پەيوەندی بە ئاينەكەيەوە هەيە دەبێت پرسيار بكات لە زانا وشارەزا بۆ ئەوەی بەرچاوی ڕوونبێت وكارێك نەكات پێچەوانەی ئايينەكەی بێت ، چونكە خودا فەرمانی بەوە كردووە وەك دەفەرموێت :

﴿فَسْـَٔلُوٓاْ أَهْلَ ٱلذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴿٤٣﴾﴾ (النحل).

وە چاكەكردن لەگەڵ دايك وباوك ئەگەرچی بێباوەڕ وموشركيشبن ، لە (الفتح)دا هاتووە : الخطابی رَحِمَهُ اللَّه وتی : ئەم فەرموودەيە بەڵگەی ئەوەی تێدايە كە خزمی كافر چاكەی لەگەڵ دەكرێت بە پارە وهاوشێوەكانی وەك چۆن ئەوە لەگەڵ خزمێكی موسڵماندا دەكرێت ، وە ئەوەی لێوەردەگیرێت كە بژێوی دايك وباوكی كافر پێويستە لەسەر نەوەكان ئەگەرچی نەوەكان موسڵمانبن .

وە موسڵمان پێويستە دادگەربێت چونكە خودا سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى موسڵمانە داگەرەكانی خۆشدەوێت ، وە هيچ بەربەستێك نييە كە مرۆڤی موسڵمان ڕەفتاری جوان بێت وچاكەكاربێت بەرامبەر ئەو بێباوەڕانەی دژايەتی ئايينەكەی خودا ناكەن .

## فەرموودەی بیستەم

عن ابن عمر قال : رَأَى عُمَرُ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ حُلَّةً سِيَرَاءَ تُبَاعُ ، فقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ! ابْتَعْ هَذِهِ، فَالْبَسْهَا يَوْمَ الْجُمُعَةِ، وَإِذَا جَاءَكَ الْوُفُودُ. قَالَ: "إِنَّمَا يَلْبَسُ هَذِهِ مَنْ لا خلاق له". فَأُتِيَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مِنْهَا بِحُلَلٍ، فَأَرْسَلَ إِلَى عُمَرَ بِحُلَّةٍ، فَقَالَ: كَيْفَ أَلْبَسُهَا وَقَدْ قلت فِيهَا مَا قُلْت. قَالَ: "إِنِّي لَمْ أُعْطِكَهَا لِتَلْبَسَهَا، وَلَكِنْ تَبِيعَهَا أَوْ تَكْسُوَهَا". فَأَرْسَلَ بِهَا عُمَرُ إِلَى أَخٍ لَهُ مِنْ أَهْلِ مَكَّةَ، قَبْلَ أَنْ يُسْلِمَ.

(عن ابن عمر قال) لـه ئیبن عمر رضي الله عنهما وتی : (رَأَى عُمَرُ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) : عمر کوڕی الخطاب کوڕی نفیل کوڕی عبدالعزی العدوی قریشییه ، دوای ڕووداوی فیل به ١٣ ساڵ لـه دایکبووه ، ووەیەکێك بووە لـه پیاوماقوڵانی قورەیش وباڵیۆیزیان بووە لـه سەردەمی نەفامیدا ، عیکرمه دەڵێت : ئیسلام پەنهان وشاراوە بوو تا ئەو کاتەی عمر موسڵمان بوو ، وسعید کوڕی جبیر دەڵێت ئایەتی : ﴿ وَصَٰلِحُ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴾ (٤) (التحريم) ، لـەسەر عمر رضي الله عنه دابەزیووە ، وە پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی : ((اللَّهُمَّ أَعِزَّ الإِسْلاَمَ بِعُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ خَاصَّةً)) رواه ابن حبان في صحيحه والبيهقي وصححه الألباني في (الصحيحة)(٣٢٢٥) ، کونیەی (أبوحفص)ە ویەکێکه لـه زانایانی هاوەڵان ، ودووەم خەلیفەی ڕاشدییە ، ویەکێکه لـەو ١٠ کەسی مژدەی بەهەشتی

پێدراوە ، ویەكەم كەسە نازناوی ئەمیری باوەڕدارانی لێنراوە ، **٥٣٩** فەرموودەی گێڕاوەتەوە ، الأثیوبی دەڵێت : ئامادەی جەنگی بەدر وهەموو ڕووبەڕووبوونەوەكان بووە تەبوك نەبێت ، فەرمانڕەوای موسڵمانانی گرتەدەست دوای ئەبوبكر الصدیق ، ولەسەر دەستی قودس وچەندین شار وولآت ئازادكران ، دوای ٤٠ كەس موسڵمان بووە .

عبدالله كوڕی عمر رضي الله عنهما دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی : ((إِنَّ الله تعالى جَعَلَ الحقَّ على لسانِ عمرَ وقلبِهِ)) رواه أبو داود والترمذي ، وحسنه الألباني في (المشكاة) ، لە كۆتای ساڵی ٢٣ شەهیدكراوە وصهیب نوێژی لەسەركردووە ، ولە یەكەم ڕۆژی ساڵی ٢٤ دا لە ژوورەكەی عائشەی دایكی باوەڕداران لە تەنیشت پێغەمبەری خودا ﷺ وئەبوبكر الصدیق رضي الله عنه بەخاكسپێرراوە ، كاتێك ناشتیان ئینن مسعود رضي الله عنه وتی : ئەمڕۆ نۆیەكی زانست لە دەست چوو ، زۆر فەرموودە لە دەربارەی فەزڵ وڕێز وپلە وپایەی هاتووە .

(رَأَى عُمَرُ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ حُلَّةً سِيَرَاءَ تُبَاعُ) عمر رضي الله عنه بینی جلێكی یەمەنی دووپارچەی خەتخەت كە ئاوریشمی تێكەڵ بوو دەفرۆشرێت ــ چەند لێكدانەوەی تریش بۆ ماناكە (سیراء) كراوە ــ ، وە لە ڕیوایەتێكدا دەڵێت : ((تُبَاعُ عِنْدَ بَابِ الْمَسْجِدِ)) متفق علیه ، (فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ! ابْتَعْ هَذِهِ، فَالْبَسْهَا يَوْمَ الْجُمُعَةِ، وَإِذَا جَاءَكَ الْوُفُودُ) وتی : ئەی پێغەمبەری خودا ئەمەم

کڕیوە ، بۆ ئەوەی لەبەریکەیت بۆ ڕۆژی هەینی وپێشوازیکردنت لە وەفدەکان ، (قَالَ: "إِنَّمَا يَلْبَسُ هَذِهِ مَنْ لا خلاق له") ،وە لە ڕیوایەتی بوخاری لە صەحیحەکەیدا دەفەرموێت : ﴿إِنَّمَا يَلبَسُ الحَرِيرَ﴾ فەرمووی : کەسانێك ئەم جۆرە جلە دەپۆشن کە هیچ بەش وپاداشتێکیان نییە ، الطیبی دەڵێت : مەبەست بەشە ، وە بە حەرامیش دەوترێت ، وبێبەشی لە ئایینیشدا ، وە دەشێت مەبەست لێی ئەوەبێت کە هیچ بەشێکی نییە لە ڕۆژی قیامەتدا ، مەبەست ئەو کەسەیە کە جلی ئاوریشم لەبەر دەکات ، (فَأُتِيَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مِنْهَا بِحُلَلٍ) پاشان پێغەمبەری خودا ﷺ چەند جلێکی دووپارچەی بۆهات ، یەکێك لەو پۆشاکانەی نارد بۆ عمر وە لە ڕیوایەتی بوخاری لە صەحیحەکەیدا دەڵێت : ((وَأَنَّ النَّبِيَّ بَعَثَ بَعْدَ ذَلِكَ إِلَى عُمَرَ حُلَّةَ سِيَرَاءَ حَرِيرٍ)) ، ((فقال: كيف ألبسها وقد قلتَ فيها ما قلت)) ، عمر وتی : چۆن لەبەریکەم کە لە پێشتر ئەوەت فەرموو دەربارەی کە فەرمووت ، پێشەوا عمر ﵁ ئەوەی وتووە لەبەر ئەوە وا لێی تێگەیشتووە ، ئەگەرنا لە درێژەی فەرموودەکە ئەوە دەردەکەوێت پێی نەبەخشیوە بۆ ئەوەی لەبەری بکات ، ((قَالَ:"إِنِّي لَمْ أُعْطِكَهَا لِتَلْبَسَهَا، وَلَكِنْ تَبِيعَهَا أَوْ تَكْسُوَهَا")) فەرمووی : من پێم نەبەخشیویت بۆ ئەوەی لەبەری بکەیت ، بەڵکۆ بۆ ئەوەی بۆ خۆتی بفرۆشیت یان بۆ خێزانەکانت بەکاربهێنیت ، وە لە ڕیوایەتێکدا دەفەرموێت : ((بِعْهَا وَاقْضِ بِهَا حَاجَتَكَ أَوِ شَقِّقْهَا بَيْنَ نِسَائِكَ خُمُرًا)) أخرجه النسائی وصححه الألبانی ، وە بەشی دووەمی مسلمیش ڕیوایەتیکردووە ، (فَأَرْسَلَ بِهَا عُمَرُ إِلَى أَخٍ

لَهُ مِنْ أَهْلِ مَكَّةَ، قَبْلَ أَنْ يُسْلِمَ) عمر ﷺ ناردی بۆ برایەكی كە لـە شاری مەككە دادەنیشت ، پێش ئەوەی موسڵمانبێت ، النووی ﷺ دەڵێت : ئەوەی كە دەڵێت پێش ئەوەی موسڵمان بێت ئاماژەی ئەوەی تێدایە كە دواتر موسڵمان بووە ، الحافظ دەڵێت : ناوی ئەو برایەی عمرم نەدیوە ...ئەوە نەبێت كە ئیبن بشكوال دەڵێت : ناوی عثمان كوڕی حكیمە وبرای زیدی كوڕی خەتابە لـە دایكەوە ، دەشێت عمر شیری دایكی زیدی برای باوكی خواردبێت ، بەوەش ئەو كەسە دەبێتە برای شیری عمر ، وبرای زید لـە دایكەوە .

ئەم فەرموودەیە ئەوەی لێوەردەگیرێت : خۆڕازاندنەوە ولەبەركردنی جلی جوان ونوێ بۆ ڕۆژی هەینی وچەژن وپێشوازی كردنی وەفدەكان سوننەتە ، چونكە لـە ڕیوایەتێكدا هاتووە : (( يَا رَسُولَ اللَّهِ ابْتَعْ هَذِهِ فَتَجَمَّلْ بِهَا لِلْعِيدِ وَالْوَفْدِ )) متفق عليه ، لـەبەر ئەوەی پێغەمبەر ﷺ نكولی ئەوەی نەكرد لـە عمر ﷺ بەڵكو تەنها نكولی بەكارهێنانی جلی هاوریشمی لێكرد ، وە عبداللـە كوری سلام ﷺ دەڵێت لـە پێغەمبەری خودام ﷺ بیست لـەسەر مینبەرەوە دەیفەرموو : ((مَا عَلَى أَحَدِكُمْ لَوْ اشْتَرَى ثَوْبَيْنِ لِيَوْمِ الْجُمُعَةِ سِوَى ثَوْبَيْ مِهْنَتِهِ رَوَاهُ ابْنُ مَاجَهْ وَأَبُو دَاوُد )) رَوَاهُ ابْنُ مَاجَهْ وَأَبُو دَاوُد ، وصححه الألباني .

الأثیوبی دەڵێت : زاناکان خۆڕازاندنەوەیان بە سوننەت داناوە بۆ هەموو کۆبوونەوەیەکی خێر وچاکە ، ئیلا ئەو کۆبووانەوانە نەبێت کە پێویستە مرۆڤ سەرکرزی وزەلیلی خۆی دەربڕێت ، وەك نوێژە بارانە ونوێژی خۆرگیران ومانگگیران .

وە کەسی باش دەتوانێت پێشنیاری شتێك بکات بۆ کەسێکی باشتر کە وابیبێنیَ ئەو شتەی لەیاد نییە یان بۆی دەرنەکەوتووە یان هەر شتێکی تری لەو بابەتە .

وە دروستی کڕن وفرۆشتن لە پێش دەرگاری مزگەوت ، وە کەسی بەڕێز وباش دەتوانێت کڕین وفرۆشتن بکات .

وە حەرامی جلی هاوریشم بۆ پیاوان ، مەگەر بەکارهێنانی لەبەر نەخۆشییەکبێت  چونکە ئەنەس ﵁ دەڵێت پێغەمبەری خودا ﷺ : ((رَخَّصَ لِعَبْدِ اَلرَّحْمَنِ بْنِ عَوْفٍ، وَالزُّبَيْرِ فِي قَمِيصِ اَلْحَرِيرِ، فِي سَفَرٍ، مِنْ حَكَّةٍ كَانَتْ بِهِمَا )) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ ، الألبانی ﵀ دەڵێت : جلی هاوریشمی سروشتی حەرامە بۆ پیاوان بەڵام ئەوەی دروست دەکرێت وپێدەوترێت هاوریشم دروستە پیاوان بەکاربهێنن ، وە ئەو جۆرە جلە بۆ ئافرەتان دروستە .

وە دروستە بۆ پیاوان هاوریشم بفرۆشن ، وبیبەخشن وبیکەنە دیاری ، نەوەك بۆ لەبەرکرد .

دروستە سیلەی ڕەحمی خزمی بێباوەڕ بگەیەنرێت وچاکەی لەگەڵدا بکرێت ودیاری پێببەخشرێت .

وه كراواته بەڵگه بۆ ئەو كەسانەی كه دەڵێن : كەسی بێباوەڕ داوای لێناكرێت لقەكانی شەریعەت پەیڕەو بكات ، چونكه عمر ﷺ كاتێك ئەوەی لێ قەدەغەكرا لەبەری بكات ناردی بۆ برا موشریكەكەی ، ونكولی ئەوەی لێنەكرا ، وه وەڵامی ئەوه دراوەتەوه بەوەی : فەرمانی نەكردووه به براكەی لەبەری بكات ، دەشێت وەك چۆن رێگه درابوو به عمر ﷺ بیفرۆشێت وسود له پارەكەی ببێت یان خێزانەكانی بەكاریبهێنن ، ئەویش بەو شێوەیه بۆ براكەی ناردبێت نەك خۆی لەبەری بكات ، دیسان وەڵامی ئەم بۆچوونەش دراوەتەوه بەوەی موسڵمان پاڵنەری باوەڕ رێگری ئەوەی لێدەكات دوای ئەوەی زانی قەدەغەكراوه لەسەری گوێڕایەڵی دەكات ودەست لەوكاره هەڵدەگرێت ، بەپێچەوانەی كەسی بێباوەڕ كه بێباوەڕییەكەی پاڵنەری دەبێت بۆ دەستهەڵنەگرتن لەوەی حەرامه ، ئەگەر دروست نەبوایه لەبەركردنی به دیاری بۆ نەدەنارد ، لەبەر ئەوەی دەبێته یارمەتیدەری لەسەر سەرپێچیكردنی فەرمانی خودا حافظ ﷺ ئەوەی له الفتح دا باسكردووه .

## بَابُ لَا يَسُبُّ وَالِدَيْهِ

# فەرموودەی بیست ویەك

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو قَالَ: قَالَ: النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: " مِنَ الْكَبَائِرِ أَنْ يَشْتِمَ الرَّجُلُ وَالِدَيْهِ". فَقَالُوا: كَيْفَ يَشْتِمُ؟ قَالَ: "يَشْتِمِ الرَّجُلَ، فَيَشْتُمُ أباه وأمه".

(لَا يَسُبُّ وَالِدَيْهِ) جنێو ناداته دایك وباكی ، (عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو قَالَ) عبدالله كوڕی عەمر رضي الله عنهما باسی ژیانمانكرد لە فەرموودەی ژمار (١٠) ، وتی : (قَالَ: النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: " مِنَ الْكَبَائِرِ أَنْ يَشْتِمَ الرَّجُلُ وَالِدَيْهِ".) ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : لە تاوانە گەورەكانە پیاوێك جنێو بداتە دایك وباوكی ، (فَقَالُوا: كَيْفَ يَشْتِمُ؟) وتمان : چۆن جنێو دەدات ؟ (قَالَ: "يَشْتِمُ الرَّجُلَ ، فَيَشْتُمُ أباه وأمه") فەرمووی : جنێو بە پیاوێك دەدات ، ئەویش جنێو بە باوك ودایكی ئەم دەدات .

ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ ڕیسا فقهیەی كە دەڵێت : هۆكارەكانە حوكمە ئەنجامەكانیان هەیە .

# فەرموودەی بیست ودوو

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو بن العاص قال: "مِنَ الْكَبَائِرِ عِنْدَ اللَّهِ تَعَالَى أَنْ يَسْتَسِبَّ الرَّجُلُ لِوَالِدِهِ".

(عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو بن العاص قال: "مِنَ الْكَبَائِرِ عِنْدَ اللَّهِ تَعَالَى أَنْ يَسْتَسِبَّ الرَّجُلُ لِوَالِدِهِ") ، عبدالله کوڕی عەمر رضي الله عنهما وتی : لە تاوانە گەورەکانە لای خودا سبحانه وتعالى پیاوێك ببێتە هۆکاری جنێودان بە باوکی ، بەوەی جنێو بە باوك یان کەسوکاری خەڵك بدات وەك کاردانەوەك خەڵکیش جنێو بە باوك ودایکی بدەن .

ئەم دوو فەرموودەیە ئەم وانانەی تێدایە : (من الكبائر) سەرنج ڕاکێشانی بیسەری لێوەردەگیرێت ، وە ئەوەش کە تانەکان دووجۆرن تاوانی بچوك وتاوانی گەورە وەك پێشتر باسمانکرد ، جنێودان بەدایك وباوك لە تاوانە گەورەکانە جا ئەگەر ئەو جنێودانە ڕاستەوخۆبێت یان هۆکاری جنێودان بێت بەدایك وباوکی ، (کیف یشتم) سەرسوڕمانی هاوەڵان دەردەخات لەوەی کەسێك جنێو بەدایك وباوکی بدات ، سەیربوو بەلایانەوە کەسێك کارێکی خراپ وناشیرینی لەو شێوەیە ئەنجام بدات چونکە ئەو کردارە سروشتی مرۆڤی ئاسایی ڕەتی دەکاتەوە لەبەر ئەوەی دایك وباوك کە جێگەی ڕێز وپاداشت وچاکەکارین لەگەڵیان چۆن دەبێت کوتومت پێچەوانەی ئەوە

ڕەفتاریان لەگەڵ بکرێت ، وە هەوەرها ئەوەشی تێدایە گەر فێرخواز شتێکی بە جوانی بۆ ڕوونەبوویەوە دەتوانێت پرسیار لە مامۆستاکەی بکات وبۆی ڕوونبکاتەوە ، لە الفتح دا هاتووە ئیبن بطال دەڵێت : ئەم فەرموودەیە بنچینەی داخستنی دەرگای بەهانە وپەڵپە (سد الذرائع) ، وە ئەوەشی لێوەردەگیرێت ئەگەر کردەوەی کەسێك سەربکێشێت بۆ حەرام ئەو کردەوەیەی لەسەر حەرام دەبێت ، ئەگەرچی مەبەسیتشی نەبێت ئەو کارە حەرام ئەنجام بدات ، وە پاڵپشتی ئەم فەرموودەیەش ئەو ئەو ئایەتەیە کە خودا ﷻ دەفەرمویت ﴿ وَلَا تَسُبُّوا۟ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ فَيَسُبُّوا۟ ٱللَّهَ عَدْوًۢا بِغَيْرِ عِلْمٍ ﴿١٠٨﴾ ﴾ (الأنعام) ، وە هەرکەسێك ببێتە هۆکاری کردەوەیەك پاداشتی وەك بکەرەکەیەتی چ باشبێت یان خراپ .

زید المدخلی رحمه الله لەسەر (من الکبائر عند الله) دەڵێت : تاوانە گەورەکان بە تەوبە نەبێت خودا لێی خۆشنابێت ، وە خاوەنەکەی ترسی لەسەرە ، ئەگەر تەوبەیکرد خودا لێی خۆشدەبێت ، بەڵام ئەگەر لەسەر تاوانە گەورەکەی مرد لە ژێری ویستی پەروەردگاردایە وخاوەنەکەی ترسی لەسەرە ، خودا ﷻ دەفەرمویت ﴿ إِن تَجْتَنِبُوا۟ كَبَآئِرَ مَا تُنْهَوْنَ عَنْهُ نُكَفِّرْ عَنكُمْ سَيِّـَٔاتِكُمْ وَنُدْخِلْكُم مُّدْخَلًا كَرِيمًا ﴿٣١﴾ ﴾(النساء) ، مانای ئەوەیە ئەگەر کەسێك خۆی نەپارێزێن لە تاوانە گەورەکان تری لەسەرە .

## بَابُ عقوبة عقوق الوالدين

## فەرموودەی بیست وسێ

عَنْ أَبِي بَكْرَةَ عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: "مَا مِنْ ذَنْبٍ أَجْدَرُ أَنْ يُعَجَّلَ لِصَاحِبِهِ الْعُقُوبَةُ مَعَ مَا يدخر له؛ من البغى وقطيعة الرحم".

(عقوبة عقوق الوالدين) سزای سەرپێچی كردن وخراپبوون لەگەڵ دایك وباوك ، (عَنْ أَبِي بَكْرَةَ ، عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ) نفیع كوڕی الحارث رضي الله عنه ، لە پێغەمبەری خوداوە ﷺ دەگێڕێتەوە فەرموویەتی : (مَا مِنْ ذَنْبٍ أَجْدَرُ أَنْ يُعَجَّلَ لِصَاحِبِهِ الْعُقُوبَةُ مَعَ مَا يدخر له؛ من البغى وقطيعة الرحم) هیچ تاوانێك نییە كە شایانتر بێت سزاكەی بۆ خاوەكەی وپێش بخرێت لەگەڵ ئەوەی چاوەڕوانی دەكات لە ڕۆژی دوای لە ستەمكردن وپچڕانی سیلەی ڕەحم ، وە لە ڕیوایەتێكدا دەفەرموێت : ((إِنَّ أَعْجَلَ الطَّاعَةِ ثَوَاباً صِلَةُ الرَّحِمِ حَتَّى إِنَّ أَهْلَ الْبَيْتِ لَيَكُونُوا فَجَرَةً فَتَنْمُو أَمْوَالُهُمْ وَيَكْثُرُ عَدَدُهُمْ إِذَا تَوَاصَلُوا وَمَا مِنْ أَهْلِ بَيْتٍ يَتَوَاصَلَون فَيَحْتَاجُونَ)) أخرجه ابن حبان في صحيحه وقال الألباني : حسن لغيره .

ئەم فەرموودەیە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە سزای تاوانەکان لەیەك ئاستدانین وهەندێك تاوان لەبەر زۆرخراپی وگەورەییبان سزاکەیان پێشدەخرێت بۆ دونیا سەرەڕای سزای قیامەت وە تاوانی ستەمکردن وپێشلکردنی مافی خەڵك وخراپەکاری لەگەڵ دایك وباوك لەڕیزبەندی سەرەوەی ئەو تاوانانەن کە شایانن سزا وتۆڵەکەیان تووشی خاوەنەکانیان ببێت ، وە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە ستەمکردن وخراپەکاری لەگەڵ دایك وباوك دووتاوانی گەورەن وپێویستە موسڵمان بە هەموو شێوەیەك خۆی لێیان بەدووربگرێت بۆ ئەوەی نەبێتە مایەی نارەحەتی ودەریدسەری دونیا وسزای پاشەڕۆژی .

## باب دعوة الوالدين

# فەرموودەی بیست وچوار

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ : قَالَ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: "ثَلَاثُ دَعَوَاتٍ مُسْتَجَابَاتٌ لَهُنَّ، لَا شَكَّ فِيهِنَّ: دَعْوَةُ الْمَظْلُومِ، وَدَعْوَةُ الْمُسَافِرِ، وَدَعْوَةُ الْوَالِدِ عَلَى وَلَدِهِ".

(دعوة الوالدين) نزا وپاڕنەوەی دایك وباوك (عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەبوهریرە رضي الله عنه دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : (ثَلَاثُ دَعَوَاتٍ مُسْتَجَابَاتٌ لَهُنَّ، لَا شَكَّ فِيهِنَّ) سیٚ نزا وپاڕانەوە وەڵام دەدرێنەوە ، گومانی لەوەڵامدانەوەیاندا نییە ، (دَعْوَةُ الْمَظْلُومِ) نزا وپاڕانەوەی ستەملێكراو ، كە ستەمی لێدەكرێت لە ماڵی یان لە خوێنی یان لە كەرامەتی ، بپاڕێتەوە لەخودا وسكاڵای حاڵی لای خودا بكات ، خودا نزا وپاڕانەوەكەی وەردەگرێت ، پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت : (( وَاتَّقِ دَعْوَةَ الْمَظْلُوم ، فَإِنَّهُ لَيسَ بَينهَا وَبَين الله حجاب)) مُتَّفق عَلَيْهِ ، لەبەر ئەوەی ماڵ وخوێن وكەرامەتی موسڵمان لەسەر موسڵمان حەرامە ، ئەگەر كەسێك دەستدرێژی بكاتە سەر یەكێك لەو شتانەی برا موسڵمانەكەی ئەوە سنوری بەزاندووە وستەمی كردووە وشایانی ئەوەی نزا وپاڕانەوەی لێبكرێت

وخوداش ﷻ وەڵامی دەداتەوە ئەگەر ماوەیەکیش بخایەنێت ، (وَدَعْوَةُ الْمُسَافِرِ) ونزا وپاڕانەوەی ڕێبوار ، ئەو کەسەی سەفەری کردووە بۆ پەرستش وگوێڕیەڵی خودا وەك حەج وعومرە وجیهاد وتێکۆشان لە پێناوی خودا وخوێندنی زانست وە هەروەها سەفەری حەڵاڵ وەك هەوڵدان بۆ پەیداکردنی بژێوی دایك وباوك ومالّ ومنداڵ وهاوشێوی ئەوانە ، لەبەر ئەوەی سەفەر وڕێبواری نارەحەتە وماندووبوون ومرۆڤ هەست بەتەنهای ودڵ ناسك وسەرکزی دەکات ، (وَدَعْوَةُ الْوَالِدِ عَلَى وَلَدِهِ) وە نزاو پاڕانەوەی باوك لە منداڵەکەی ، هەروەها دایکیش ، ئەگەر نزایانکرد لە منداڵەکەیان لەبەر سەرپێچی وخراپبوونی لەگەڵیان ، خودای پەروەردگار نزا وپاڕانەوەکەیان وەردەگرێت .

ئەم فەرموودەیە ئەم سوودانەی لێدەکرێت : هەندێك کات وهۆکار هەیە زیاتر دەبنە مایەی گیرابوونی نزا وپاڕانەوەی موسڵمان ، پێویستە موسڵمان خۆی بپارێزێت لە ستەمکردن بە هەموو جۆرەکانییەوە ، چونکە ئەو کەسەی ستەمی لێدەکرێت خودا نزا وپاڕانەوەی ڕەتناکاتەوە ، هەروەها ئەگەر موسڵمان ڕێبواربوو پێویستە بەهەلی بزانێت زۆر لە خودا ﷻ بپارێتەوە لەبەر ئەوەی یەکێکە لەو کەسانەی نزا وپاڕانەوی ڕەتناکرێتەوە ووەڵام دەدرێتەوە ، وە خۆپاراستن لەوەی دایك وباوك نزا وپاڕانەوەت لێبکەن ، ئەوە جگە لەوەی یەکێکە لە تاوانە گەورەکان ولەگەڵ هاوەڵ بۆ خودا بڕیاردراندا باسکراوە ، دایك وباوك نزاکردنیان لە منداڵەکانیان خودا وەڵامی دەداتەوە .

# فەرمودەی بیست ویێنج

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: "مَا تَكَلَّمَ مَوْلُودٌ مِنَ النَّاسِ فِي مَهْدٍ إِلَّا عيسى بن مَرْيَمَ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ [وَسَلَّمَ] وَصَاحِبُ جُرَيْجٍ" قِيلَ: يَا نَبِيَّ اللَّهِ! وَمَا صَاحِبُ جُرَيْجٍ؟ قَالَ: "فَإِنَّ جُرَيْجًا كَانَ رَجُلًا رَاهِبًا فِي صَوْمَعَةٍ لَهُ، وَكَانَ رَاعِيَ بَقَرٍ يَأْوِي إِلَى أَسْفَلِ صَوْمَعَتِهِ، وَكَانَتِ امْرَأَةٌ مِنْ أَهْلِ الْقَرْيَةِ تَخْتَلِفُ إِلَى الرَّاعِي، فَأَتَتْ أُمُّهُ يَوْمًا فَقَالَتْ: يَا جُرَيْجُ! وَهُوَ يُصَلِّي، فَقَالَ فِي نَفْسِهِ – وَهُوَ يُصَلِّي – أُمِّي وَصَلَاتِي؟ فَرَأَى أَنْ يُؤْثِرَ صَلَاتَهُ، ثُمَّ صَرَخَتْ بِهِ الثَّانِيَةَ، فَقَالَ فِي نَفْسِهِ: أُمِّي وَصَلَاتِي؟ فَرَأَى أَنْ يُؤْثِرَ صَلَاتَهُ . ثُمَّ صَرَخَتْ بِهِ الثَّالِثَةَ فَقَالَ: أمي وصلاتى. فرأى أن يُؤْثِرَ صَلَاتَهُ ، فَلَمَّا لَمْ يُجِبْهَا قَالَتْ : لَا أَمَاتَكَ اللَّهُ يَا جُرَيْجُ! حَتَّى تَنْظُرَ فِي وَجْهِ الْمُومِسَاتِ. ثُمَّ انصَرَفَتْ فأُتِيَ الْمَلِكُ بتلك المرأة ولدت ، وَلَدَتْ فَقَالَ: مِمَّن ؟ قَالَتْ: مِنْ جُرَيْجٍ ، قَالَ : أَصَاحِبُ الصَّوْمَعَةِ ؟ قَالَتْ: نَعَمْ ، قَالَ : اهْدِمُوا صَوْمَعَتَهُ وَأْتُونِي بِهِ ، فَضَرَبُوا صَوْمَعَتَهُ بِالْفُئُوسِ ، حَتَّى وَقَعَتْ ، فَجعَلُوا يَدَهُ إِلَى عُنُقِهِ بِحَبْلٍ؛ ثُمَّ انْطُلِقَ بِهِ ، فَمَرَّ بِهِ عَلَى الْمُومِسَاتِ، فَرَآهُنَّ فَتَبَسَّمَ، وَهُنَّ يَنْظُرْنَ إِلَيْهِ فِي النَّاسِ. فَقَالَ الْمَلِكُ: مَا تَزْعُمُ هَذِهِ؟ قَالَ: مَا تَزْعُمُ؟ قَالَ: تَزْعُمُ أَنَّ وَلَدَهَا مِنْكَ. قَالَ: أَنْتِ تَزْعُمِينَ؟ قَالَتْ: نَعَمْ. قَالَ: أَيْنَ هذا الصغير؟ قالوا: هذا فِي حِجْرِهَا، فَأَقْبَلَ عَلَيْهِ. فَقَالَ: مَنْ أَبُوكَ؟ قَالَ: رَاعِي الْبَقَرِ. قَالَ الْمَلِكُ: أَنَجْعَلُ صَوْمَعَتَكَ مِنْ ذَهَبٍ؟ قَالَ: لَا. قَالَ: مِنْ فِضَّةٍ؟ قَالَ: لَا. قَالَ:

فَمَا نَجْعَلُهَا؟ قَالَ: رُدُّوهَا كَمَا كَانَتْ. قَالَ: فَمَا الَّذِي تَبَسَّمْتَ؟ قَالَ: أَمْرًا عَرَفْتُهُ، أَدْرَكَتْنِي دَعْوَةُ أُمِّي، ثُمَّ أَخْبَرَهُمْ".

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: "مَا تَكَلَّمَ مَوْلُودٌ مِنَ النَّاسِ فِي مَهْدٍ) ئەبوهریرە ﵁ دەڵێت : گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو ﷺ دەیفەرموو : هیچ تازە لە دایکبوویەك لە بێشکەدا قسەی نەکردووە ، ئەم فەرموودەیە لە صەحیحی بوخاری ومسلم دا هاتووە دەفەرموێت : ((لَمْ يَتَكَلَّمْ فِي المَهْدِ إلا ثَلاثَةٌ ..... وبَيْنَا صَبِيٌّ يَرْضَعُ من أُمِّهِ فَمَرَّ رَجُلٌ رَاكِبٌ عَلَى دَابَّةٍ فَارِهَةٍ وَشَارَةٍ حَسَنَةٍ ، فَقَالَتْ أُمُّهُ : اللَّهُمَّ اجْعَل ابْنِي مِثْلَ هَذَا ، فَتَرَكَ الثَّدْيَ وَأقْبَلَ إِلَيْهِ فَنظَرَ إِلَيْهِ ، فَقَالَ : اللَّهُمَّ لا تَجْعَلْنِي مِثْلَهُ ، ثُمَّ أقْبَلَ عَلَى ثَدْيه فَجَعَلَ يَرتَضِعُ )) ، الألبانى : دەڵێت : لە فەرموودەی صەحیحدا نەمبینیوە پێچەوانەی ئەم تایبەتکردنەبێت کە لە هەردوو صەحیحەکەدا هاتووە تەنها بەسەرهاتی منداڵەکەی (أصحاب الأخدود) نەبێت کە تێیدا هاتووە بە دایکی وتووە : ((يَا أُمهْ اصْبِرِي فَإِنَّكِ عَلَى الحَقِّ !)) أخرجه مسلم ،..... دەڵێت : ئەوەی لە هەندێك کتێبی تەفسیر وسەرچاوەکانی تردا هاتووە کە ئیبراهیم ویحیى ومحمد(عليهم الصلاه والسلام) لە بێشکەدا قسەیانکردووە ، هیچ بنەمایەکی نییە لە پێغەمبەری خوداوە ﷺ ، (إِلَّا عيسى بن مَرْيَمَ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ [وَسَلَّمَ]) جگە لە عیسى کوڕی مریم ﷺ ، الألبانى : دەڵێت : بۆ پێغەمبەران کاتێك ناویان هێنرا بەشێوەیەکی گشتی دەوترێت (عليه السلام) ،

وە بۆ پێغەمبەری خودا محمد (عليه الصلاة والسلام) باشترە ، (وَصَاحِبُ جُرَيْجٍ") وە منداڵەکەی سەردەمی جریجی نەبێت ، (قِيلَ: يَا نَبِيَّ اللَّهِ! وَمَا صَاحِبُ جُرَيْجٍ؟) ، وترا : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ منداڵەکەی سەردەمی جریج چییە وکێیە ؟ (قَالَ: "فَإِنَّ جُرَيْجًا كَانَ رَجُلًا رَاهِبًا فِي صَوْمَعَةٍ لَهُ، وَكَانَ رَاعِيَ بَقَرٍ يَأْوِي إِلَى أَسْفَلِ صَوْمَعَتِهِ، وَكَانَتِ امْرَأَةٌ مِنْ أَهْلِ الْقَرْيَةِ تَخْتَلِفُ إِلَى الرَّاعِي) ، فەرمووی : جریج قەشەیەکی لە دونیا دابڕابوو بۆ خودا پەرستی لە خەلوەتگاکەی ، ئەو کارە لە ئیسلامدا نییە چونکی پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : ((تزوجوا فإني مكاثر بكم الأمم يوم القيامة ، و لا تكونوا كرهبانية النصارى )) أخرجه البيهقي في (السنن الكبرى) وحسنه الألباني في (الصحيحة)(١٧٨٢) ، چونکە ئەو باوەڕدارەی تێکەڵاوی خەڵك دەکات وئارامدەگرێت لەسەر ئەو ئاستەنگ ونارەحەتیانەی دێتە ڕێگەی باشترە لەو باوەڕدارەی تێکەڵاوی خەڵك نابێت ، پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت : ((الْمُؤْمِنُ الَّذِى يُخَالِطُ النَّاسَ وَيَصْبِرُ عَلَى أَذَاهُمْ أَفْضَلُ مِنَ الْمُؤْمِنِ الَّذِى لاَ يُخَالِطُ النَّاسَ وَلاَ يَصْبِرُ عَلَى أَذَاهُمْ ))أخرجه البخاري في (الأدب المفرد) والترمذي وابن ماجه ، وحسنه الألباني في (الصحيحة)(٩٣٩) ، بەڵام ئەگەر موسڵمان ترسا لە ئایینەی وتێکەڵاوی خەڵك زیانی بە ئایینەی گەیاند ئەوکات گۆشەگیری ودابڕان لە خەڵك باشترە بە بەڵگەی ئەو فەرموودەی کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت : ((يُوشِكُ أَنْ يَكُونَ خَيْرُ مَالِ الْمُسْلِمِ غَنماً، يَتْبَعُ بِهَا شَعَفَ الْجِبَالِ وَمَوَاقِعَ الْقَطْرِ، يَفِرُّ بِدِينِهِ مِنَ الْفِتَنِ)) أخرجه البخاري .

(وَكَانَ رَاعِيَ بَقَرٍ يَأْوِي إِلَى أَسْفَلِ صَوْمَعَتِهِ، وَكَانَتِ امْرَأَةٌ مِنْ أَهْلِ الْقَرْيَةِ تَخْتَلِفُ إِلَى الرَّاعِي) وە گاوانێکیش دەهات لە پەنای خوارەوەی خەڵوەتگاکەیدا شەوان دەمایەوە ، وە ئافرەتێکی خەڵکی دێکە سەردانی گاوانەکەی دەکرد ، (فَأَتَتْ أُمُّهُ يَوْمًا فَقَالَتْ: يَا جُرَيْجُ! وَهُوَ يُصَلِّي، فَقَالَ فِي نَفْسِهِ – وَهُوَ يُصَلِّي – أُمِّي وَصَلَاتِي؟ فَرَأَى أَنْ يُؤْثِرَ صَلَاتَهُ، ثُمَّ صَرَخَتْ بِهِ الثَّانِيَةَ، فَقَالَ فِي نَفْسِهِ: أُمِّي وَصَلَاتِي؟ فَرَأَى أَنْ يُؤْثِرَ صَلَاتَهُ. ثُمَّ صَرَخَتْ بِهِ الثَّالِثَةَ فَقَالَ: أمي وصلاتي. فرأى أن يُؤْثِرَ صَلَاتَهُ) ، ڕۆژێك دایکی جریج هات بۆ لای وبانگی کرد ووتی : ئەی جریج ، کە لە نوێژدابوو ، لە نەفسی خۆیدا وتی : دایکم ونوێژەکەم ، وایبینی نوێژەکەی بدات بەسەر وەڵامدانەوەی دایکیدا ، پاشان دایکی بۆ جاری دووەم هاواریکرد بە دەنگێکی بەرز وبانگی کرد ، جریج لە نەفسی خۆیدا وتی : دایکم ونوێژەکەم ، وایبینی نوێژەکەی بدات بەسەر وەڵامدانەوەی دایکیدا ، پاشان دایکی بۆ جاری سێیەم هاواریکرد بە دەنگێکی بەرز وبانگی کرد ، جریج نەفسی خۆیدا وتی : دایکم ونوێژەکەم ، وایبینی نوێژەکەی بدات بەسەر وەڵامدانەوەی دایکیدا ، (فَلَمَّا لَمْ يُجِبْهَا قَالَتْ: لَا أَمَاتَكَ اللَّهُ يَا جُرَيْجُ ! حَتَّى تَنْظُرَ فِي وَجْهِ الْمُومِسَاتِ. ثُمَّ انْصَرَفَتْ) وە لە ڕیوایەتێکدا دەفەرموێت : ((فَقَالَتْ: اللّهُمَّ ! لاَ تُمِتْهُ حَتَّى تُرِيَهُ وُجُوهَ الْمُومِسَاتِ)) کە ئیدی وەڵامی نەدایەوە دایکی نزای لێکرد ووتی : خودا نەتمرێنێت ئەی جریج ! تا ئەوکاتەی سەیری ڕوومەتی سۆزانیەکان دەکەیت ، یان تا ئەو کاتەی خودا ﷻ ڕوومەتی سۆزانیەکانت پیشاندەدات ، پاشان

ڕۆیشت ، (فَأُتِيَ الْمَلِكُ بتلك المرأة ولدت ، وَلَدَتْ فَقَالَ: مِمَّنْ؟ قَالَتْ: مِنْ جُرَيْجٍ. قَالَ: أَصَاحِبُ الصَّوْمَعَةِ؟ قَالَتْ: نَعَمْ) ، ئەو ئافرەتەیان هێنا کە سەردانی گاوانەکەی دەکرد بۆ لای پادشا کاتێك منداڵێکی بوو ، پادشا وتی : ئەم منداڵەت لە کێ بووە ؟ ئافرەتەکە وتی : لە جریجە ! ، وتی خاوەن خەڵوەتگاکە ، وتی : بەڵێ ، (قَالَ: اهْدِمُوا صَوْمَعَتَهُ وَأْتُونِي بِهِ، فَضَرَبُوا صَوْمَعَتَهُ بِالْفُئُوسِ، حَتَّى وَقَعَتْ. فَجَعَلُوا يَدَهُ إِلَى عُنُقِهِ بِحَبْلٍ؛ ثُمَّ انْطُلِقَ بِهِ، فَمَرَّ بِهِ عَلَى الْمُومِسَاتِ، فَرَآهُنَّ فَتَبَسَّمَ، وَهُنَّ يَنْظُرْنَ إِلَيْهِ فِي النَّاسِ) ، پادشاکە وتی : خەڵوەتگاکەی بڕوخێنن ، وجریجم بۆ بهێنن ، خەڵوەتگاکەیەیان بەتەوەر ئەنجن ئەنجنکرد تاوەکو داڕووخا ، ودەستیان بە پەتێك بەگەردنیەوە بەستەوە ، پاشان هێنان ، بە لای ئافرەتە سۆزانیەکاندا تێیانپەڕاند ، جریج کاتێك بینیانی زەردە خەنەیەکی کرد ، ئەوانیش بەپێش چاوی خەڵکەوە بۆیان دەڕوانی ، (فَقَالَ الْمَلِكُ: مَا تَزْعُمُ هَذِهِ؟ قَالَ: مَا تَزْعُمُ؟ قَالَ: تَزْعُمُ أَنَّ وَلَدَهَا مِنْكَ. قَالَ: أَنْتِ تَزْعُمِينَ؟ قَالَتْ: نَعَمْ. قَالَ: أَيْنَ هذا الصغير؟ قالوا: هذا فِي حِجْرِهَا، فَأَقْبَلَ عَلَيْهِ. فَقَالَ: مَنْ أَبُوكَ؟ قَالَ: رَاعِي الْبَقَرِ) ، پادشاکە وتی : ئەم ئافرەتە بانگەشەی چی دەکات ، جریج وتی چی دەڵێت : پادشاکە وتی : دەڵێت ئەم منداڵەی لە تۆ بووە ، جریج بە ئافرەتەکەی وت : تۆ وادەڵێیت ؟ وتی : بەڵێ ، جریج وتی : منداڵەکە لە کوێیە ؟ وتیان : ئەوەیە کە لە ئامێزی دایە ، جریج لێی نزیکبوویەوە ووتی : باوکت کێیە ؟ منداڵە کۆرپەلەکە وتی : گاوانەکەیە ، النووی : لەسەر (مَنْ أَبُوكَ) دەڵێت : دەوترێت کەسی زیناکار

ئەو منداڵەی لە زینادەکەویتەوە نادرێتە پاڵی ، وەلآمی ئەوەش لە دوو ڕووە دەدرێتەوە ، یەکەمیان : لەوانەیە لە شەریعەتی ئەوان درابێتە پاڵی ، دووەم : مەبەست ئەوەیە لە تۆوی کێیت ؟ وە بە بەخواستن ناویناوە باوك ، (قَالَ الْمَلِكُ: أَنَجْعَلُ صَوْمَعَتَكَ مِنْ ذَهَبٍ؟ قَالَ: لَا. قَالَ: مِنْ فِضَّةٍ؟ قَالَ: لَا. قَالَ: فَمَا نَجْعَلُهَا؟ قَالَ: رُدُّوهَا كَمَا كَانَتْ) ، پادشاکە وتی : خەڵوەتگاکەت لە زێڕ بۆ دروست بکەینەوە ؟ جریج وتی : نەخێر ، پادشاکە وتی : ئەی لە زیو ؟ جریج وتی : نەخێر ، پادشاکە وتی ئەی چۆن دروستی بکەینەوە ؟ جریج وتی : پێشتر چۆنبوو بەوشێوەیە دروستی بکەنەوە ، (. قَالَ: فَمَا الَّذِي تَبَسَّمْتَ؟ قَالَ: أَمْرًا عَرَفْتُهُ، أَدْرَكَتْنِي دَعْوَةُ أُمِّي، ثُمَّ أَخْبَرَهُمْ".) ، پاشاکە وتی : هۆکاری ئەو زەردەخەیەنەیەت چی بوو ؟ جریج وتی : شتێکە کە دەیزانم ، نزا وپاڕانەوەکەی دایکم لە من گیرابوو ، پاشان بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕانەوە .

ئەم فەرموودەیە ئەم سوودانەی لێوەردەگیرێت : ئەوە دەسەلمێنێت کە (معجیزە)بۆ پێغەمبەران و(کرامات) بۆ پیاوچاکان بوونی هەیە وخودا لە تەنگانەدا بەهانی پیاوچاکانەوە دەچێت ، ئەو کەسەی لە کاتی ئاسودەیدا خودای لەبیربێت خودا ﷻ لەکاتی تەنگانەیدا بەهانایەوە دەچێت وەك دەفەرموێت : ﴿وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّهُۥ مَخۡرَجٗا ٢﴾ (الطلاق) ، وە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت : ((تَعَرَّفْ إِلَى اللَّهِ فِي الرَّخَاءِ يَعْرِفْكَ فِي الشِّدَّةِ)) أخرجه أحمد ، وقال الألباني صحيح لغيره .

الحافظ دەڵێت : ئەم فەرموودەیە بەڵگەی ئەوەی تێدایە كە دەبێت وەڵامدانەوەی دایك بدرێت بەسەر نوێژی سوننەتدا ، چونكە بەردەوامبوون لەسەری سوننەتە ، بەڵام وەڵامدانەوەی دایك وگوێڕایەڵیكردنی پێویست وواجبە .

وە هەروەها بەزەیی وسۆز ونەرمونیانی ئەوكەسەی پەروەردەگارە بەرامبەر ئەو كەسانەی پەروەردەیان دەكات ئەگەر كارەكەی وابخوازێت ، چونكە دایكی جریج لەگەڵ ئەوەی كە توڕەبوو نزای لێنەكرد كە تووشی داوێن پیسی وكوشتن ببێت .

وە ئەگەر كەسێك لەگەڵ خودا ڕاسگۆبێت فیتنە وبەڵا وئاشوب زیانی پێناگەیەنێت ، وە بەهێزی دڵنیای جریج وپشت بەستنی بە خودا دەردەخات ، لەبەر ئەوەی پرسیاری لە منداڵە كۆرپەلەكەكرد لەگەڵ ئەوەی كە نەریت وایە منداڵە لەو تەمەنە قسە ناكات ، وە ئەگەر بەباشی پشتی بەخودا نەبەستایە لەوەی بیهێنێتە قسە ، پرسیاری لێنەكرد .

وە ئەوەی ئەگەر دوو كردەوە دژیەكبوون بە گرنگەكەیان دەست پێدەكرێت ، وە خودا بۆ پیاوچاكان لە نارەحەتیەكانیان دەرگای سەرفرازبوونیان بۆ دەكاتەوە ، وە ئەوە هەندێك جار وهەندێك كات بەرامبەر هەندێك لە پیاوچاكان دوادەكەوێت ، بۆ پاكردنەوە وهەڵوەرینی تاوان وزیاتر پاداشت دانەوەیان .

بوخاری : ئەم فەرموودەی لە صحیحكەیدا لە ژێر بابەتی (باب : إذا هدم حائطاً فلیبن مثله) وەك ئاماژەیەك بۆ ئەوەی كە هەركەس هەرشتێكی خەڵك تێكبدات وزایەیبكات ئەوە پێویستە هاوشێوەی ئەوەی بۆ قەرەبوو بكاتەوە .

وە ئەوەی كە خاوەن مافەكان زیاتر لە مافی خۆیان داوانەكەن وبیانوی شتێكی ئەستەم ومەحاڵ نەگرن .

وە خۆپاراستن لەو هۆكارانەی دەبنە مایەی دڵڕەنجان وتورەبوونی دایك وباوك ، بۆ ئەوەی نزای لێنەكەن چونكە نزای دایك وباوك گیرایە وخودا وەڵامیان دەداتەوە .

وە دڵنیابوون پێش بڕیاردان ، چونكە پادشاكە پێش ئەوەی سۆراغ وبەدواداچوون بۆ وتەی ژنە سۆزانیەكە بكات فەرمانیكرد بە ڕووخانی خەڵوەتگاكەی جریج وئازاردانی ، چونكە خودا دەفەرمویێت ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن جَآءَكُمۡ فَاسِقُۢ بِنَبَإٖ فَتَبَيَّنُوٓاْ أَن تُصِيبُواْ قَوۡمَۢا بِجَهَٰلَةٖ فَتُصۡبِحُواْ عَلَىٰ مَا فَعَلۡتُمۡ نَٰدِمِينَ ٦ ﴾ (الحجرات) .

## بَابُ عَرْضِ الْإِسْلَامِ على الأم النصرانية

## فەرموودەی بیست وشەش

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: مَا سَمِعَ بِي أَحَدٌ، يَهُودِيٌّ وَلَا نَصْرَانِيٌّ إِلَّا أَحَبَّنِي، إِنَّ أُمِّي كُنْتُ أُرِيدُهَا عَلَى الْإِسْلَامِ فَتَأْبَى، فَقُلْتُ لَهَا فَأَبَتْ، فَأَتَيْتُ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقُلْتُ: ادع الله لَهَا، فدَعَا، فَأَتَيْتُهَا وقَدْ أَجَافَتْ عَلَيْهَا الْبَابَ – فَقَالَتْ: يَا أَبَا هُرَيْرَةَ! إِنِّي أَسْلَمْتُ، فَأَخْبَرْتُ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فَقُلْتُ: ادْعُ اللَّهَ لِي وَلِأُمِّي، فَقَالَ: "اللَّهُمَّ! عَبْدُكَ أَبُو هُرَيْرَةَ وَأُمُّهُ، أَحِبَّهُمَا إِلَى النَّاسِ".

(عَرْضِ الْإِسْلَامِ على الأم النصرانية) باسکردنی ئیسلام بۆ دایکی گاور ، بوخاری : ئەم سەرباسەی ئاماژەی ئەوەی تێدایە کە دایکی ئەبوهریرە گاوربووە ، (عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: مَا سَمِعَ بِي أَحَدٌ، يَهُودِيٌّ وَلَا نَصْرَانِيٌّ إِلَّا أَحَبَّنِي) ئەبوهریرە ﵁ وتی : هیچ کەس نییە ناوی من ببیستێت جوولەکەبێت یان گاور ئیللا خۆشمیدەوێت ، (إِنَّ أُمِّي كُنْتُ أُرِيدُهَا عَلَى الْإِسْلَامِ فَتَأْبَى، فَقُلْتُ لَهَا فَأَبَتْ) دیکم کە ناوی أمیمە کچی صبیح کوڕی الحارثە ، من دەمویست موسڵمانبێت ئەو ڕەتی دەکردەوە ، ئیسلامم بۆ باسکرد وەڵامی نەدایەوە وڕەتی کردەوە ، (فَأَتَيْتُ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقُلْتُ: ادع الله لَهَا، فدَعَا) هاتم بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ ووتم : لە خودا بۆ دایکم بپاڕێرەوە ونزای

بۆ بکە بۆ ئەوەی خودا ڕێنمونی بکات موسڵمان بێت ، ئیدی بۆی پاڕایەوە ، (فَأَتَيْتُهَا وَقَدْ أَجَافَتْ عَلَيْهَا الْبَابَ – فَقَالَتْ: يَا أَبَا هُرَيْرَةَ! إِنِّي أَسْلَمْتُ) هاتم بۆ لای دەرگاکەی لەسەر خۆی داخستبوو ، ووتی : ئەی ئەبوهریرە من موسڵمان بووم ! ، (فَأَخْبَرْتُ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فَقُلْتُ: ادْعُ اللَّهَ لِي وَلِأُمِّي، فَقَالَ: "اللَّهُمَّ! عَبْدُكَ أَبُو هُرَيْرَةَ وَأُمُّهُ، أَحِبَّهُمَا إِلَى النَّاسِ) هەواڵی موسڵمان بوونی دایکم گەیاندە پێغەمبەری خودا ﷺ ، وتم : بۆ من ودایکم بپاڕێرەوە ونزامان بۆ بکە ، فەرمووی : ئەی خودا بەندەکەت ئەبوهریرە ودایکی لای خەڵك خۆشەویستیان بکە ، ئیبن کثیر : دەڵێت : ئەم فەرموودەیە لە بەڵگەکانی ڕاستی پێغەمبەریێتی محمدە ﷺ ، چونکی ئەبوهریرە خۆشەویستە لای هەموو خەڵك ! .

دەڵێم : دەبێت چی وای لە ڕەوافز کردبێت جگە لە هەوا وئارەزوو وشەیتان ، هەموو خەڵك بەهۆی بەرەکەتی نزاکەی پێغەمبەری خوداوە ﷺ ئەبوهریەیان رضي الله عنه خۆشبوێت ، بەڵام ئەوان ڕقیان لێیەتی وبەخراپ باسیدەکەن ؟!.

ئەم فەرموودەیە ئەم سوودانەی لێوەردەگیرێت : باسی هەندێك لە فەزڵ وچاکە ئادەمیزاد لەبەر بەرژەوەندیەك ئەگەر ترسی ئەوەی لێنەدەکرا کە خۆی یان کەسانی تر بەهۆیەوە تووشی بەڵا وفیتنەبن ، وە سووربوونی ئەبوهریرە رضي الله عنه دەردەخات لەسەر موسڵمان بوونی دایکی ، وە ئەوەی

پێویستە موسڵمان هەوڵی موسڵمانبوونی کەسە نزیکەکانی بدات ئەگەر موسڵمان نەبوون بە هەموو ڕێگەیەکی شەرعی وگونجاو ، بەڵگەی ئەوەی تێدایە داوای دوعا ونزا وپاڕانەوە لە کەسێك کە گومان وابێت دوعای خودا ﷻ گیرای دەکات دروستە ، بەڵگەی زۆر هەیە لە قورئان وسوننەتدا لەسەر دروستی ، خودا ﷻ دەفەرمویت ﴿قَالُواْ يَـٰٓأَبَانَا ٱسْتَغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَآ إِنَّا كُنَّا خَـٰطِـِٔينَ ﴿٩٧﴾ قَالَ سَوْفَ أَسْتَغْفِرُ لَكُمْ رَبِّىٓ ۖ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٩٨﴾﴾ (يوسف) ، وە عوکاشە کوڕی محصن داوای لە پێغەمبەری خودا ﷺ کردووە داوای بۆ بکات لەو کەسانەبێت کە بەبێ لێپرسینەوە وسزادان دەچنە بەهەشتەوە ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : ﴿أَنْتَ مِنْهُم﴾ أخرجه مسلم ، وە ئەنەس رضي الله عنه دەڵێت : ﴿فَقَالَتْ أُمِّي : يَا رَسُولَ اللَّهِ خُوَيْدِمُكَ ادْعُ اللَّهَ لَهُ ، فَدَعَا لِي بِكُلِّ خَيْرٍ. فَكَانَ آخِرَ مَا دَعَا لِي ،اللَّهُمَّ أَكْثِرْ مَالَهُ وَوَلَدَهُ وَبَارِكْ لَهُ فِيهِ﴾ أخرجه البخاري ومسلم وهذا لفظ مسلم ، ئیبن عثیمین : دەڵێت : ئاساییە داوای نزا وپاڕانەوەکردن بکەیت لە کەسێك کە ئومێد هەیە وەڵامی دوعای بدرێتەوە ، بە مەرجی ئەوەی شتێکی قەدەغەکراو لە خۆ نەگرێت ، لەگەڵ ئەوەشدا وازهێنا لەوەی داوای دوعای خێر لەخەڵك بکەیت باشترە .

وە لە شوێنێکی تردا دەڵێت : داوای دوعا لە کەسێك ئەگەر بۆ بەرژەوەندی گشتی بێت ئاساییە ، وەك بەسەرهاتی ئەو کەسە دەشتەکیەی کە هاتە ناو مزگەوتەوە لە کاتێکدا پێغەمبەری خودا ﷺ وتاری دەخوێندەوە

وتی : ماڵ وسامانەکان تیاچوون ورێگەکان بڕان ، لە خودا بپاڕێرەوە بۆ ئەوەی بارانمان بۆ بباریێنیت .... ، بەڵام ئەگەر بۆ بەرژەوەندی تایبەت بێت ، ئەوا داواکردنی لە پێغەمبەری خودا ﷺ ئاساییە ، لەبەر ئەوەی دوعا وپاڕانەوەی پێغەمبەر ﷺ وەك دوعا وپاڕانەوەی کەس نییە ، بەڵام ئەگەر ئەو داوایە لە کەسانی تر بوو شیخ الإسلام ئیبن تیمیە : دەڵێت : ئەوە دەچێتە بابەتی داواکاری خراپەوە ، بە کەس مەڵێ : لە خودا بۆم بپاڕێرەوە ، مەگەر مەبەست بەرژەوەندی ئەو کەسەبێت کە داواکەی لێدەکەیت ، ئەی چۆن دەبێتە بەرژەوەندی بۆ ئەو کەسە ؟ دەبێتە بەرژەوەندی بۆی چونکە ئەگەر بۆ تۆ پاڕایەوە ئەوە چاکەی بەرامبەرکردوویت وخوداش چاکەکارانی خۆشدەویت ، وە دیسان ئەگەر بۆت پاڕایەوە فریشتە دەڵێن : ئامین خودا بەو شێوەش بۆ تۆ بکات ، بەوەش سودمەند دەبێت لەو دوعایەی کە بۆ تۆ پاڕاوەتەوە لە پەنهاندا .

بەڵام ئەگەر مەبەستی بەرژەوەندی خۆی بوو ــ ئەو کەسەی داوا دەکات ــ ترسی ئەوەی تێدایە کە پشت بە دوعای کەسانی تر ببەستێت وخۆی لە خودا نەپاڕێتەوە .

وە ترسێکی تریشی تێدایە : ئەویش ئەوەیە ئەو کەسەی داوای دوعای لێدەکرێت لەوانەیە تووشی لە خۆبایبوون ببێت ووابببینێت کە پیاوێکی چاکە وخەڵك داوای دوعای خێری لێدەکەن .

وە ئەم فەرموودەیە بەڵگەی ئەوەشی تێدایە كە نزا وپاڕانەوەكانی پێغەمبەر ﷺ گیرابووە وڕاستی پێغەمبەریێتی دەردەخات ، وە ئەوەی هاوەڵان دڵنیابوون لە گیرابوونی نزا وپاڕانەوەكانی پێغەمبەر ﷺ چونكە لە ڕیوایەتێكی ئەم فەرموودەیەدا هاتووە : ﴿فَخَرَجْتُ أَعْدُو أُبَشِّرُهَا بِدُعَاءِ رَسُولِ اللَّهِ فَلَمَّا أَتَيْتُ الْبَابَ إِذَا هُوَ مُجَافٍ وَسَمِعْتُ خَضْخَضَةَ الْمَاءِ وَسَمِعْتُ خَشْفَ رِجْلٍ يَعْنِي وَقْعَهَا فَقَالَتْ يَا أَبَا هُرَيْرَةَ كَمَا أَنْتَ ثُمَّ فَتَحَتْ الْبَابَ وَقَدْ لَبِسَتْ دِرْعَهَا وَعَجِلَتْ عَنْ خِمَارِهَا فَقَالَتْ إِنِّي أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ فَرَجَعْتُ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ أَبْكِي مِنْ الْفَرَحِ كَمَا بَكَيْتُ مِنْ الْحُزْنِ فَقُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ أَبْشِرْ فَقَدْ اسْتَجَابَ اللَّهُ دُعَاءَكَ وَقَدْ هَدَى أُمَّ أَبِي هُرَيْرَةَ﴾ أخرجه أحمد ، وصحح إسناده أحمد شاكر .

بَابُ بِرِّ الوالدين بعد موتهما

## فەرموودەی بیست وحەوت

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ : " تُرْفَعُ لِلْمَيِّتِ بَعْدَ مَوْتِهِ دَرَجَتُهُ ، فَيَقُولُ: أَيْ رَبِّ! أَيُّ شَيْءٍ هَذِهِ؟ فيقال: "ولدك استغفر لك".

(بَابُ بِرِّ الوالدين بعد موتهما ) چاکەکاری لەگەڵ دایك وباوك دوای مردنیان ، (عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ : " تُرْفَعُ لِلْمَيِّتِ بَعْدَ مَوْتِهِ دَرَجَتُهُ) لە أبوهریرەوە ﷺ وتی : مردوو پلەی بەرزدەکرێتەوە دوای مردنی ، (فَيَقُولُ: أَيْ رَبِّ! أَيُّ شَيْءٍ هَذِهِ؟) دەڵێت : پەروەردگارا ! ئەم شتە چییە ؟ چۆن دوای مردنم پلەم بەرز دەبێتەوە ؟ (فيقال: "ولدك استغفر لك") لە وەڵامیدا دەوترێت : منداڵەکەت داوای لێخۆشبوونی بۆ کردوویت ، ئەم ئەثرە لێرە بەوتەی ئەبوهریرە ڕیوایەتکراوە ، هەرچەندە ئەمە لەو بابەتانەیە کە زانایان دەڵێن : باس لە شتێکی پەنهان دەکات بۆیە حوکمی ئەوەی هەیە کە پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویێتی چونکە لە شتە پەنهانەکاندا بواری ئیجتهاد ورای خۆ دەربڕین نییە ، لەگەڵ ئەوەشدا لە پێغەمبەری خودا ﷺ هاتووە : ((إِنَّ الرَّجُلُ لَتُرْفَعُ

دَرَجَتُهُ في الجَنَّةِ فَيَقولِ أنىّ لي هذا ؟ فيقالُ باسْتِغْفارِ وَلَدِكَ لَكَ)) أخرجه أحمد وابن ماجة وابن أبي شيبة ، وحسنه الألباني في (الصحيحة)(١٥٩٨) .

ئەم فەرموودەیە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە مردوو خێر وچاکەی پێدەگات وپلەی بەرزدەبێتەوە بە هۆی کردەوەی نەوەکانییەوە چ کوڕبن یان کچ ، چونکە وشەی (ولد) کوڕ وکچیش دەگرێتەوە وەك (والدین) چۆن مانای دایك وباوکە.

وە ئەوەی دایك وباوك منداڵەکانیان لەسەر یەکتاپەرستی وسوننەت پەروەردە بکەن بەڵکو دوای مردنیان سوودیان لێببینن بە هۆی کردەوەی چاك وداوای لێخۆشبوونی نەوەکانەوە خودا دایك وباوکەکان ببەخشێت وپلەیان بەرزبکاتەوە .

وە هاندانی نەوەکانی تێدایە بۆ پاڕانەوە وداوای لێخۆشبوون خێر وچاکەکردن بۆ دایك وباوك دوای مردنیان .

# فەرموودەی بیست وهەشت

عن مُحَمَّد بن سيرين قال : كُنَّا عِنْدَ أَبِي هُرَيْرَةَ لَيْلَةً، فَقَالَ: "اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِأَبِي هُرَيْرَةَ، وَلِأُمِّي، وَلِمَنِ اسْتَغْفَرَ لَهُمَا" قَالَ لِي مُحَمَّدٌ: فَنَحْنُ نَسْتَغْفِرُ لَهُمَا؛ حَتَّى نَدْخُلَ فِي دَعْوَةِ أَبِي هريرة.

(مُحَمَّد بن سيرين) مولای ئەنصارە ، كونیەی ئەبوبكرە وبصرییە ، ئیمام وپێشەوای سەردەمی خۆی بووە ، دوو ساڵ پێش شەهیدكردنی پێشەوا عثمان كوڕی عفان ﵁ لە دایك بووە ، ئیبن سعد دەڵێت : كەسێكی باوەڕپێكرا وئەمین وبەرێز وشارەزا وپێشەوا بووە وخاوەن زانستێكی زۆربووە ، وە ئەبوعوانە دەڵێت : ئیبن سیرینم لە بازاڕ بینی ، هیچ كەس نەبوو بیبینێ ئیللا یادی خودای دەكرد ﷻ ، وە ئەبوبكر المزنی دەڵێت : سوێند بە خودا بەكەس نەگەیشتووین لە ئیبن سیرین دونیانەویست تربێت ، وجریری كوڕی حازم دەڵێت : گوێم لە محمد بوو دەیگوت : پیاوێكی ڕەشم بینی ، پاشان وتی : أستغفر الله ، وادەبینم غەیبەتمانكرد ، وە وتراوە ڕۆژێك نەڕۆژێك بەڕۆژوو دەبوو ، دوای الحسن البصری بە ١٠٠ ڕۆژ لە مانگی شوالی ساڵی ١١٠ لە تەمەنی ٧٧ ساڵیدا مردووە .

(قال : كُنَّا عِنْدَ أَبِي هُرَيْرَةَ لَيْلَةً، فَقَالَ: "اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِأَبِي هُرَيْرَةَ، وَلِأُمِّي، وَلِمَنِ اسْتَغْفَرَ لَهُمَا") وتی : شەوێك لای ئەبوهریرە بووین ، وتی : پەروەردگارا لە

ئەبوهریرە ودایكم وهەركەسێك داوای لێخۆشبوونیان بۆ دەكات خۆشبە ، (قال : كُنَّا عِنْدَ أَبِي هُرَيْرَةَ لَيْلَةً ، فَقَالَ: "اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِأَبِي هُرَيْرَةَ، وَلِأُمِّي، وَلِمَنِ اسْتَغْفَرَ لَهُمَا") ئەو كەسەی فەرمووده لـە محمد كوڕی سیرینەوە دەگێڕێتەوە كە ناوی (غالب كوڕی خطاف)ە ، دەڵێت : محمد پێی وتم : ئێمە داوای لێخۆشبوونمان دەكرد بۆ أئەبوهریرە ودایكی ئەبوهریرە ، بۆ ئەوەی دوعا وپاڕانەوەكەی ئەبوهریرە بمانگرێتەوە .

ئەم ئەثرە چاكە ووەفاداری أبوهریرە ﷺ دەسەلمێنێت بەرامبەر دایكی ، وهانی نەوەكان دەدات چاكەكاربن وبپاڕێنەوە بۆ دایك وباوكیان ، وە هەروەها لـەخۆ بابینەبوون وبەتامای لێخۆشبوونی تاوان وبێنیازنەبوون وپێویستی بەپەروەردگار.

وە تابعیەكان ڕێزی زۆریان لـە هاوەڵان ناوە وبەچاوی ڕێزەوە سەیریانكردوون وسووربوون لـەسەر ئەوەی نزا وپاڕانەوەی هاوەڵان بیانگرێتەوە ، ئێمەش دەڵێین : خودایە لـە تاوانی ئێمە هەموو باڕوەدارانی پێش ئێمە وئەبوهریرە ودایكی ئەبوهریرە خۆشبە.

# فەرموودەی بیست ونۆ

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: " إِذَا مَاتَ الْعَبْدُ انْقَطَعَ عَنْهُ عَمَلُهُ إِلَّا مِنْ ثَلَاثٍ : صَدَقَةٍ جَارِيَةٍ ، أَوْ عِلْمٍ يُنْتَفَعُ بِهِ ، أَوْ وَلَدٍ صَالِحٍ يَدْعُو لَه".

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ:) أبوهريره رضي الله عنه دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی : (إِذَا مَاتَ الْعَبْدُ انْقَطَعَ عَنْهُ عَمَلُهُ إِلَّا مِنْ ثَلَاثٍ) ئەگەر بەندە مرد کردەوەکانی لە دونیا دەبڕێتەوە جگە لە سێ شت نەبێت ، (صَدَقَةٍ جَارِيَةٍ) خێر وچاکەیەکی بەردەوام ، وەك دروستکردنی مزگەوتێك یان هەڵکەندنی بیرێك یان هەر خێر وچاکەیەك کە دەمێنێتەوە ودوای مردنی مرۆڤ موسڵمانان سوودی لێدەبینن ، (صَدَقَةٍ جَارِيَةٍ) یان زانستێك کە سوودی لێ ببینرێت ، وەك فێرکردنی فێرخوازان ونوسینەوەی کتێبی بەسود ، (أَوْ وَلَدٍ صَالِحٍ يَدْعُو لَه) یان منداڵێکی چاك نزا وپاڕانەوەی بۆ بکات ، ئەم فەرموودەیە پێچەوانەی ئەو فەرموودەی خودای پەروەردگار نییە کە دەفەرموێت ﴿ وَأَن لَّيْسَ لِلْإِنسَٰنِ إِلَّا مَا سَعَىٰ ﴿٣٩﴾ وَأَنَّ سَعْيَهُۥ سَوْفَ يُرَىٰ ﴿٤٠﴾ ﴾ (النجم) ، چونکە منداڵ بەرهەمی دایك وباوکییەتی ئەمە لەلایەك ، لە لایەکی ترەوە ئایەتەکە گشتییە وئەم فەرموودەیە تایبەتە ، کەوابوو مرۆڤ سوود لە هەوڵ وماندوونی کەسانی تر نابینێت جگە لە هەوڵ وماندووبوونی خۆی ونەوەکانی .

# فەرموودەی سێ

عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ أَنَّ رَجُلًا قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ! إِنَّ أُمِّي تُوُفِّيَتْ وَلَمْ تُوصِ، أَفَيَنْفَعُهَا أَنْ أَتَصَدَّقَ عَنْهَا؟ قَالَ: "نَعَمْ".

(عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ، أَنَّ رَجُلًا قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ!) ئیبن عباس رضي الله عنهما دەڵێت پیاوێك وتی ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ : ، (إِنَّ أُمِّي تُوُفِّيَتْ وَلَمْ تُوصِ) دایکم مرد وەسیەتی نەکرد ، (أَفَيَنْفَعُهَا أَنْ أَتَصَدَّقَ عَنْهَا؟) ئەگەر لە بری ئەو خێر ببەخشم سودی پێدەیەنێت ، (قَالَ: "نَعَمْ".) فەرمووی : بەڵێ سودی پێدەگەیەنێت ، کۆمەڵێك زۆر فەرموودە هاتووە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە خێر وچاکەی مندالٚ دەگاتە دایك وباوك لەوانە : عائشة رضي الله عنها : " أن رجلا قال للنبي ﷺ إن أمي افتلتت نفسها ، وأظنها لو تكلمت تصدقت ، فهل لها أجر إن تصدقت عنها ؟ قال : ( نَعَمْ ) " رواه البخاري ، ومسلم ، شیخی ئیسلام ئیبن تیمیە دەڵێت : خێر وچاکەکردن وهاوشێوە لە بری مردوو دەگاتە مردووەکان بە کۆڕای موسڵمانان ، بەڵام ئەو فەرموودەی کە لە عقبة بن عامر قال : أتى رجل النبي ﷺ فقال : إن أمي توفيت و تركت حليا ولم توص ، فهل ينفعها إن تصدقت عنها ؟ فقال : " احبس عليك مالك . قاله لمن أراد أن يتصدق بحلي أمه ولم توصه " . أخرجه أحمد والطبراني وصححه الألباني ، الألباني رحمه الله لەسەر ئەم فەرموودەیە دەڵێت : ڕواڵەتی فەرموودەکە بەڵگە لەسەر

ئەوەی کە منداڵ بۆی نییە خێر وچاکە بکات لە بری دایکی ئەگەر وەسیەتی نەکردبێت ، بەڵام چەند فەرموودەیەکی ڕاشکاو هاتووە بە پێچەوانەی لەوانە : ئەو فەرموودەی ئیبن عباس رضي الله عنهما دەڵێت : سعدی کوڕی عبادە وتی : یا رسول الله ! إن أمي توفيت وأنا غائب عنها فهل ينفعها إن تصدقت بشيء عنها ؟ قال : نعم .... دەڵێم : لەوانەیە ئەم فەرموودە لەگەڵ ئەو فەرموودەیە بەو شێوەکۆ بکرێنەوە بەوەی کە پرسیارکەرەکە خۆی هەژاربوو بێت وپێویستی بەو سامانە بووبێت ، لەبەر ئەوە فەرمانی پێکردووە ماڵەکەی بۆ خۆی بهێڵێتەوە ، ئەوەی پاڵپشتی ئەو قسەیە دەکات پێغەمبەر رضي الله عنه وەڵامی پرسیارەکەی نەدایەوە کاتێك پرسیاری کرد : ئایا سودی پێدەگەیەنێت ئەگەر خێر وچاکە بکەم بۆی ؟ بەوەی پێی بفەرمویێت : نەخێر ، بەڵکو پێی فەرموو : ماڵەکەت بۆ خۆت دابنێ ، واتە لەبەر ئەوەی پێویستی پێی هەبووە .

## بَابُ بِرِّ مِنْ كَانَ يَصِلُهُ أبوه

## فەرمودەی پێغەمبەر ﷺ

عَنِ ابْنِ عُمَرَ عَنْ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: "إِنَّ أَبَرَّ الْبِرِّ أَنْ يَصِلَ الرَّجُلُ أَهْلَ وُدِّ أَبِيهِ".

(بِرِّ مِنْ كَانَ يَصِلُهُ أبوه) چاکەکردن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە باوکی چاکەی لەگەڵ دەکرد وسیلەی ڕەحمی دەگەیاند ، (عَنِ ابْنِ عُمَرَ عَنْ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ : ) لە ئیبن عمرەوە پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم فەرمووی : (إِنَّ أَبَرَّ الْبِرِّ) باشترین چاکەکاری بریتیە لە : (أَنْ يَصِلَ الرَّجُلُ أَهْلَ وُدِّ أَبِيهِ) چاکەکاری مرۆڤە لەگەڵ ئەو کەسانەی دۆست وخۆشەویستی باوکی بوون ، ئەم فەرموودە وهاوشێوەکانی پەندی ئەوەی لێوەردەگیرێت کە چاکەکاری وڕێزگرتن لە دایك وباوك لە کارە زۆرگەورە ویستراوەکان لە ئیسلام هەتا بەشێوەیەك ڕێزگرتن لە دۆست وبرادەکانی دایك وباوکیش ئیسلام هانی موسڵمانیداوە ڕێزیان لێبگیرێت لەبەر گەورەی مافی دایك وباك وە پێیشنە باشەکانمان جوانترین وێنەیان لە بەرجەستەکردنی ئەم فەرمانە نیشانداوە : عبداللەی کوڕی دینار دەڵێت : ئیبن عمر گەیشتە پیاوێکی

دەشتەکی لە ڕێگەی مەککە ، ئیبن عمر سەلامی لێکرد وسواری کوێدرێژەکەی یکرد ، وە عەماکەی کە بەسەریەوە بوو پێی بەخشی ، عبداللەی کوڕی دینار دەڵێت : خودات لیٚ ڕازبێت ئەوانە دەشتەکین وبەکەمیش ڕازی دەبن ، ئیبن عمر وتی : باوکی ئەم پیاوە خۆشەویستی عمری کوڕی خەتاب بوو ، وە من گوێم لە پێغەمبەری خودا ﷺ بوو دەیفەرموو : باشترین چاکە ئەو چاکەیە کە مرۆڤ چاکبێت لەگەڵ دۆستەکانی باوکی .

## بَابُ لَا يُسَمِّي الرَّجُلُ أَبَاهُ، وَلَا يَجْلِسُ قَبْلَهُ وَلَا يَمْشِي أمامه

## فەرمووداەی سێ وداوو

عن عروة – أَوْ غَيْرِهِ – أَنَّ أَبَا هُرَيْرَةَ أَبْصرَ رَجُلَيْنِ. فَقَالَ لِأَحَدِهِمَا: مَا هَذَا مِنْكَ؟ فَقَالَ: أَبِي. فَقَالَ: " لَا تُسَمِّهِ بِاسْمِهِ، وَلَا تَمْشِ أمامه، ولا تجلس قبله".

(بَابُ لَا يُسَمِّي الرَّجُلُ أَبَاهُ، وَلَا يَجْلِسُ قَبْلَهُ وَلَا يَمْشِي أمامه ) بابەتی ناو نەهێنانی باوك بە ناوی خۆیەوە ، وە لە پێشی دانەنیشێت ، وە لە پێشیەوە ڕێنەكردن ، (عن عروة – أَوْ غَيْرِهِ – أَنَّ أَبَا هُرَيْرَةَ أَبْصرَ رَجُلَيْنِ) لە عروەی كوڕی زبیرەوە یان كەسێكی تر دەڵێت ئەبوهریرە دوو پیاوی بینی (فَقَالَ لِأَحَدِهِمَا:) بە یەكێكیانی وت ، (مَا هَذَا مِنْكَ؟) ئەمەچی تۆیە ، بە تەمەنیدا دیاربووە كە لەو پیاوەكە تر گەنجترە : (فَقَالَ: أَبِي) وتی: باوكمە ، ئەبوهریرە وتی : (لَا تُسَمِّهِ بِاسْمِهِ، وَلَا تَمْشِ أمامه، ولا تجلس قبله) بە ناوی خۆیەوە قسەی لەگەڵ مەكە ، وە لە پێشیەوە ڕێ مەكە ، وە لە پێش ئەو دامەنیشە .

القرطبي دەڵێت : (قولاً كريماً) واتە ناسك ونەرم وەك : باوكە ودایكە ، بەبێ ئەوەی ناویان بهێنێت وبەكونیەكانیانەوە بانگیان بكات ، والنووی (الأذكار)دا دەڵێت : بابەتی یاساغیكردنی منداڵ وفێرخواز لەوەی باوكی یان مامۆستاكەی یان شێخەكەی بە ناوی خۆیەوە بانگ بكات ، پاشان لە عبدالله كوڕی زحرەوە ڕیوایەتیكردووە دەڵێت : دەگوترێت لە خراپەكارییە لەگەڵ باوك كە

بە ناوی خۆیەوە ناوی بهێنیت وە لەپێشییەوە رێبکەیت ، ئیبن عەلان لە لێکدانەوەی "الأذكار"دا دەڵێت : یاساغی ئەوەکراوە کە باوك بە ناوی خۆیەوە بانگ بکرێت چونکە رێز وبە گەورە دانانی تێدا نییە ، بەڵام ئەگەر داب ونەریتی کۆمەڵگەیە ئەوە بە بێرێزی نەزانێت ئاساییە ، ئیبن عثیمین دەڵێت : ئاساییە ئەگەر منداڵ باوکی بە ناوی خۆیەوە یان بە کونییەکەی بانگی بکات ، ئەگەر بزانێت باوکەکە ئەوەی پێناخۆش نییە ، وپێچەوانەی داب ونەریتی خەڵك نییە ، بەڵام ئەگەر دابونەریتی خەڵك پێچەوانەی ئەوە بوو کە لە پێش چاوی خەڵك بە ناوی خۆیەوە یان بە کونییەکەی بانگ نەکرێت ، ئەو کاتە دەڵێین : لە پێش چاوی خەڵك بە ناوی خۆی یان کونییەکەی بانگە مەکە ، چونکە ئەمە عەیبەیە لای خەڵك ، وا گومان دەبەم ئەگەر بانگە باوکت بکەیت لە ناو بازارِ ئەگەر ناوی عبداللە بێت وبڵێت ئەی عبداللە یان باوکی فلان کەس ، کە وابوو لە پێش چاوی خەڵك بانگی مەکە بە ناوی خۆیەوە یان بە کونییەکەی ، لەبەر ئەوەی عەیبە لای خەڵك وخەڵك بە سوکایەتی دەزانێت بۆ باوکەکە ، وە پرسیارکراوە لە ئیبن باز ئێمە بووەتە خوو لامان کە دایکمان بە ناوی خۆیەوە بانگ بکەین ئەویش پێی ناخۆش نییە ئایا تاوانبار دەبین ؟ لە وەڵامدا دەڵێت : هیچ بەڵگەکەیەك نازانم لەسەر ئەوەی تاوانبێت ، هیچ شتێك لەو بارەیەوە نازانم ، بەڵام ئەگەر ئاسان بێت کە بە بە دایکە یان دایك یان دایکی فلانەکەس بانگ بکرێت لە رووی ئەدەبەوە باشترە .

## باب هل يكني أباه ؟

## فەرمووداکەی سێ وسێ

عَنِ ابْنِ عُمَرَ قَالَ: لَكِنْ أَبُو حَفْصٍ عُمَرُ قَضَى .

(باب هل يكني أباه ؟) بابەتی ئەوەی ئایە بە کونییە ناوی باوی دەهێنێت ، (عَنِ ابْنِ عُمَرَ قَالَ) لە ئیبن عمرەوە دەڵێت : (لَكِنْ أَبُو حَفْصٍ عُمَرُ قَضَى) بەڵام باوکی حەفص عمر حوکمی بەو شێوەکرد ، بوخاری ئەم ئەثەرەی هێناوە بۆ ئەوەی بیکاتە بەڵگە کە ناوهێنی باوك بە کونییەکەی پێچەوانەی شەرع نییە وەك لە ئەپرەکەی ئەبوهورەیرە باسکرا .

باب وجوب صلة الرحم

# فەرموودەی سی و چوار

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: لَمَّا نَزَلَتْ هَذِهِ الْآيَةُ : ﴿وَأَنْذِرْ عَشِيرَتَكَ الْأَقْرَبِينَ(٢١٤)﴾ (الشعراء) ، قَامَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَنَادَى: «يَا بَنِي كَعْبِ بْنِ لُؤَيٍّ ، أَنْقِذُوا أَنْفُسَكُمْ مِنَ النَّارِ. يَا بَنِي عَبْدِ مَنَافٍ، أَنْقِذُوا أَنْفُسَكُمْ مِنَ النَّارِ. يَا بَنِي هَاشِمٍ، أَنْقِذُوا أَنْفُسَكُمْ مِنَ النَّارِ. يَا بَنِي عَبْدِ الْمُطَّلِبِ، أَنْقِذُوا أَنْفُسَكُمْ مِنَ النَّارِ. يَا فَاطِمَةُ بِنْتَ مُحَمَّدٍ، أَنْقِذِي نَفْسَكِ مِنَ النَّارِ، فَإِنِّي لَا أَمْلِكُ لَكِ مِنَ اللَّهِ شَيْئًا، غَيْرَ أَنَّ لَكُمْ رَحِمًا سَأَبُلُّهَا بِبِلَالِهَا»

(باب وجوب صلة الرحم) بایەتی واجبوونی گەیانی سیلەی ڕەحم ، (عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ) لە ئەبوهریرەوە دەڵێت : (لَمَّا نَزَلَتْ هَذِهِ الْآيَةُ : ﴿وَأَنْذِرْ عَشِيرَتَكَ الْأَقْرَبِينَ﴾) ، کاتێ: ئەم ئایەتە دابەزی : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ عەشرەت وکەسوکارە نزیکەکانت ئاگادار بکەرەوە ، (قَامَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَنَادَى) پێغەمبەری خودا ﷺ هەستا وبانگیکرد : (يَا بَنِي عَبْدِ مَنَافٍ، أَنْقِذُوا أَنْفُسَكُمْ مِنَ النَّارِ) ئەی نەوەکانی عەبدی مەناف نەفسی خۆتان لە ئاگر ڕزگار بکەن ، (يَا بَنِي هَاشِمٍ، أَنْقِذُوا أَنْفُسَكُمْ مِنَ النَّارِ) ئەی نەوەکانی هاشم نەفسی

خۆتان ڕزگار بکەن لە ئاگر ، (يَا بَنِي عَبْدِ الْمُطَّلِبِ) ئەی نەوەکانی عةبدالمطلب نەفسی خۆتان بپاریزن لە ئاگر ، (يَا فَاطِمَةُ بِنْتَ مُحَمَّدٍ، أَنْقِذِي نَفْسَكِ مِنَ النَّارِ) ئەی فاتمەی کچی محمد نەفسی خۆت ڕزگار بکە لە ئاگر ، (فَإِنِّي لَا أَمْلِكُ لَكِ مِنَ اللَّهِ شَيْئًا) ئەگەر کردەوەی خۆت فریات نەکەوێت من لا خودا ناتوانم هیچت بۆ بکەم ، (غَيْرَ أَنَّ لَكُمْ رَحِمًا سَأَبُلُّهُمَا بِبِلَالِهَا) بەڵام مافی خزمایەتیەکەتان دەگەیەنم .

ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەو کەسانەی خزمی نزیکن لە پێشترن کە گرنگیان پێبدرێت وبانگەواز بکرێن بۆ لای حەق وڕاستی ، وە ڕەچەك هیچ سودێك بە مرۆڤ ناگەیەنێت ئەگەر مرۆڤ کەمتەرخەمبێت لە ئەنجامدانی کردەوەی باش ، مسلم لە ئەبوهریەوە ﵁ ڕیوایەتیکردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەرکەس کردەوەی نەبێت وکەمتەرخەمبێت ڕەچەڵەك وبنەماڵە سودی پێناگەیەنێت ، وە هەروەها گرنگی وپێویستی گرنگیدان بە سیلەی ڕەحم .

## باب صلة الرحم

# فەرموودەی سی ویێک

عَنْ أَبِي أَيُّوبَ الْأَنْصَارِيّ ، أَنَّ أعرابيا عرض لِلنَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي مَسِيرِهِ، فَقَالَ: أَخْبِرْنِي مَا يُقَرِّبُنِي مِنَ الْجَنَّةِ، وَيُبَاعِدُنِي مِنَ النَّارِ؟ قَالَ: "تَعْبُدُ اللَّهَ وَلَا تُشْرِكْ بِهِ شَيْئًا، وَتُقِيمُ الصَّلَاةَ، وتؤتي الزكاة، وتصل الرحم".

(باب صلة الرحم) بابەتی گەیاندنی سیلەی ڕەحم ، (عَنْ أَبِي أَيُّوبَ الْأَنْصَارِيّ) لە ئەبوئەیوبی الأنصارییەوە رضي الله عنه : (أَنَّ أعرابيا عرض لِلنَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي مَسِيرِهِ، فَقَالَ) پیاوێکی دەشتەکی هاتە سەر ڕێگەی پێغەمبەری خودا ﷺ پێی وت : (أَخْبِرْنِي مَا يُقَرِّبُنِي مِنَ الْجَنَّةِ، وَيُبَاعِدُنِي مِنَ النَّارِ؟) هەواڵم بدەرێ دەربارەی ئەو شتەی لە بە هەشت نزم دەکاتەوە ولە ئاگری دۆزەخ دوورم دەخاتەوە ، (قَالَ: "تَعْبُدُ اللَّهَ وَلَا تُشْرِكْ بِهِ شَيْئًا، وَتُقِيمُ الصَّلَاةَ، وتؤتي الزكاة، وتصل الرحم") فەرمووی : خودا بپەرستیت وهیچ هاوبەشی بۆ بڕیار نەدەیت ، وە نوێژەکانت بەو شێوەیە ئەنجام بدەیت کە فەرمانت پێکراوە وە زەکانی سامانەکەت دەربکەیت ، وە سیلەی ڕەحمت بگەیەنیت .

ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر گەورەی گەیاندنی سیلەی ڕەحم باشبوون لەگەڵ خزم وقەوم وکەسوکاردا کە هاوتەی یەکتپەرستی ونوێژ وزەکات پێغەمبەری خودا باسیکردووە .

# فەرموودەی سی وشەش

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: " خَلَقَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ الْخَلْقَ، فَلَمَّا فَرَغَ مِنْهُ قَامَتِ الرَّحِمُ، فَقَالَ: مَهْ! قَالَتْ: هَذَا مَقَامُ الْعَائِذِ بِكَ مِنَ الْقَطِيعَةِ، قَالَ: أَلَا تَرْضَيْنَ أَنْ أَصِلَ مَنْ وَصَلَكِ وَأَقْطَعَ مَنْ قَطَعَكِ؟ قَالَتْ: بَلَى يَا رَبِّ! قَالَ: فَذَلِكَ لَكِ" ثُمَّ قَالَ أَبُو هريرة: اقرأوا إِنْ شِئْتُمْ: ﴿فَهَلْ عَسَيْتُمْ إِنْ تَوَلَّيْتُمْ أَنْ تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ وتقطعوا أرحامكم(٢٢)﴾(مُحَمَّد) .

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ) لە ئەبوهریرەوە رضي الله عنه پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی : (خَلَقَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ الْخَلْقَ) خودای پەروەردگار هەموو دروستکراوەکانی دروستکرد ، (فَلَمَّا فَرَغَ مِنْهُ قَامَتِ الرَّحِمُ، فَقَالَ: مَهْ!) کاتێك لە دروستکردنی دروستکراوەکانی بوویەوە ڕەحم هەستا ، پێی فەرموو : چیت دەوێت ، (هَذَا مَقَامُ الْعَائِذِ بِكَ مِنَ الْقَطِيعَةِ) وتی : ئەم هەستانەی بۆ پەنا پێکردنتە لەو کەسانەی کە سیلەی ڕەحم دەپچڕێنن ، (قَالَ: أَلَا تَرْضَيْنَ أَنْ أَصِلَ مَنْ وَصَلَكِ وَأَقْطَعَ مَنْ قَطَعَكِ؟) فەرمووی : ڕازی نابیت بەوەی هەرکەس بتگەیەنێت منیش بیگەیەنم وهاوکار وسەرخەریبم وڕەحم وبەزەیی پێبکەم ، وهەرکەس سیلەی ڕەحم نەگەیەنێت منیش ڕەحم وبەزەی پێنەکەم بیپچڕێنم (قَالَتْ: بَلَى يَا رَبِّ!) ، وتی : ئەی پەروەردگار بەوە ڕازی دەبم ، (قَالَ: فَذَلِكَ لَكِ)ئەوە پلەیە بۆ تۆ ، پاشان ئەبوهریرە وتی : حەزدەکەن ئەو فەرموودەی خودای پەروەردگار بخوێننەوە کە دەفەرموێت : ئایا لێتان دەوشێتەوە پشت لە تێکۆشان لە پێناوی خودا بکەن ووازیلیٚ بهێنن ، بەوەش خراپەکاری لەسەر زەوی بەرپادەکەن وسیلەی ڕەحمتان دەپچڕێنن .

باب فضل صلة الرحم

## فەرموودەی سی و حەوت

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: "أَتَى رَجُلٌ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ! إِنَّ لِي قَرَابَةً أَصِلُهُمْ وَيَقْطَعُونَ، وَأُحْسِنُ إِلَيْهِمْ وَيُسِيئُونَ إِلَيَّ، وَيَجْهَلُونَ عَلَيَّ وَأَحْلُمُ عَنْهُمْ. قَالَ: "لَئِنْ كَانَ كَمَا تَقُولُ كَأَنَّمَا تُسِفُّهُمُ الْمَلَّ، وَلَا يَزَالُ مَعَكَ مِنَ اللَّهِ ظَهِيرٌ عَلَيْهِمْ مَا دُمْتَ على ذلك".

(باب فضل صلة الرحم) بابەتی فەزلی گەیاندنی سیلەی ڕەحم ، (عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ) ئەبوهرەیرە رضي الله عنه دەڵێت : (أَتَى رَجُلٌ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ!) پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ وتی : (إِنَّ لِي قَرَابَةً أَصِلُهُمْ وَيَقْطَعُونَ) کۆمەڵە خزمێکم هەیە من سیلەی ڕەحمیان لەگەڵدا بە جێدەهێن ئەوام سەردام ناکەن وپشیان لە من کردووە ، (وَأُحْسِنُ إِلَيْهِمْ وَيُسِيئُونَ إِلَيَّ) وە من چاکەیان لەگەڵ دەکەم وئەوان خراپەم لەگەڵ دەکەن ، (وَيَجْهَلُونَ عَلَيَّ وَأَحْلُمُ عَنْهُمْ) وە نەفانە ڕەفتارم لەگەڵ دەکەن وە من ئارامیان لەسەر دەگرم لێیان دەبوورم ، (لَئِنْ كَانَ كَمَا تَقُولُ كَأَنَّمَا تُسِفُّهُمُ الْمَلَّ) ئەگەر بەو شێوەیەبیت لەگەڵیان کە باسیدەکەیت وەك ئەووەیە خۆڵەمێشی گەرم بکەیتە قوڕگیاندا ، (وَلَا يَزَالُ مَعَكَ مِنَ اللَّهِ ظَهِيرٌ عَلَيْهِمْ مَا دُمْتَ على ذلك".) وە بەردەوام پشتگیر وبەگری کارێك لەگەڵدایە لە لایەن خوداوە وبەرگریت لێدەکات هە تاوەکو بەو شێوەیە هەسوکەوت بکەیت لەگەڵیان .

# فەرموودەی سی و هەشت

عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ عَوْفٍ أَنَّهُ سَمِعَ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: " قَالَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: أَنَا الرَّحْمَنُ، وَأَنَا خَلَقْتُ الرَّحِمَ، وَاشْتَقَقْتُ لَهَا مِنَ اسْمِي، فَمَنْ وَصَلَهَا وَصَلْتُهُ، ومن قطعها بتتّه".

(عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ عَوْفٍ؛ أَنَّهُ سَمِعَ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ) لە عبدالرحمانی کوڕە عەوفەوە ﵁ لە پێغەمبەری خودای ﷺ بیستووە دەیفەرموو : (قَالَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: أَنَا الرَّحْمَنُ) خودای پەروەردگار فەرمووی : من ڕەحمانم ، (وَأَنَا خَلَقْتُ الرَّحِمَ) وە من ڕەحمم دروستکردووە ، (وَاشْتَقَقْتُ لَهَا مِنَ اسْمِي) وە لە ناوی الرحمنەوە ناوێکم بۆ دارشتووە کە (الرحم)ە ، (فَمَنْ وَصَلَهَا وَصَلْتُهُ، ومن قطعها بتتّه) هەرکەس سیلەی ڕەحمی بگەیەنێت منیش دەیگەیەنم وڕەحمی پێکەم ، ئەو کەسەش بیپچڕێنێت منیش دەیپچڕێنم وپاداشتی نادەمەوە .

# فەرموودەی سی ونۆ

عَنْ أَبِي الْعَنْبَسِ قَالَ: دَخَلْتُ عَلَى عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو فِي الْوَهْطِ– يَعْنِي: أَرْضًا لَهُ بالطائف – فقال: عَطَفَ لَنَا النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِصْبَعَهُ فَقَالَ: "الرَّحِمُ شُجْنَةٌ مِنَ الرَّحْمَنِ، مَنْ يَصِلْهَا يَصِلْهُ، وَمَنْ يَقْطَعْهَا يَقْطَعْهُ، لَهَا لِسَانٌ طَلْقٌ ذَلْقٌ يَوْمَ الْقِيَامَةِ".

(عَنْ أَبِي الْعَنْبَسِ قَالَ: دَخَلْتُ عَلَى عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو فِي الْوَهْطِ– يَعْنِي: أَرْضًا لَهُ بالطائف – فقال) ئەبوالعنبەس دەڵێت چووم بۆ سەردانی عبداللە کوری عەمر رضي الله عنهما لە (الوهط) کە لە شاری تائیف بوو وتی ، (عَطَفَ لَنَا النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِصْبَعَهُ فَقَالَ) پێغەمبەری خودا ﷺ بە پەنجەی ئاماژەی بۆ کردین وفەرمووی : (الرَّحِمُ شُجْنَةٌ مِنَ الرَّحْمَنِ) ڕەحم وابەستی ناوی الرحمانە لێوەی داڕێژراوە ، (مَنْ يَصِلْهَا يَصِلْهُ) هەرکەس سیلەی ڕەحم بگەیەنێت خودا دەیگەیەنێت ، (وَمَنْ يَقْطَعْهَا يَقْطَعْهُ) وە هەرکەس بیپچڕێنێت خوداش دەیپچڕێت ورەحمی پێناکات ، (لَهَا لِسَانٌ طَلْقٌ ذَلْقٌ يَوْمَ الْقِيَامَةِ) لە ڕۆژی قیامەتدا زمانێکی پاراوی هەیە .

ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە کە خودای پەروەردگار زمان بۆ ڕەحم دروست دەکات وبە ویستی پەروەردگاری بە زمانێکی پاراو قسە دەکات .

# فەرموودەی چل

عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: "الرَّحِمُ شُجْنَةٌ مِنَ اللَّهِ، مَنْ وَصَلَهَا وَصَلَهُ اللَّهُ، وَمَنْ قَطَعَهَا قَطَعَهُ اللَّهُ".

(عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ) لە عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە ﵂ پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : (الرَّحِمُ شُجْنَةٌ مِنَ اللَّهِ) ڕەحم خودا ناوەکەی داڕشتووە لە ناوی پیرۆزی الرحمانەوە وابەستی ناوی ڕەحمانە ، (مَنْ وَصَلَهَا وَصَلَهُ اللَّهُ ، وَمَنْ قَطَعَهَا قَطَعَهُ اللَّهُ) هەرکەس سیلەی ڕەحمی بگەیەنێت خودا دەیگەیەنێت وڕەحمی پێدەکات وە هەرکەس بیپچڕێنێت خوداش دەیپچڕێنێت وڕەحمی پێناکات .

# ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ٣ |
| فەرموودەی یەکەم | ٤ |
| فەرموودەی دووەم | ١٢ |
| فەرموودەی سێیەم | ١٤ |
| فەرموودەی چوارەم | ١٧ |
| فەرموودەی پێنجەم | ٢٣ |
| فەرموودەی شەشەم | ٢٦ |
| فەرموودەی حەوتەم | ٣١ |
| فەرموودەی هەشتەم | ٣٣ |
| فەرموودەی نۆیەم | ٣٥ |
| فەرموودەی دەیەم | ٣٨ |
| فەرموودەی یازدە | ٤١ |
| فەرموودەی دوازدە | ٤٤ |
| فەرموودەی سیازدە | ٥٣ |
| فەرموودەی چواردە | ٦٠ |
| فەرموودەی پازدە | ٧٠ |
| فەرموودەی شازدە | ٧٢ |
| فەرموودەی حەڤدە | ٧٤ |
| فەرموودەی هەژدە | ٧٦ |
| فەرموودەی نۆزدە | ٨١ |

| | |
|---|---|
| فەرموودەی بیست | ٨٤ |
| فەرموودەی بیست ویەك | ٩٠ |
| فەرموودەی بیست ودوو | ٩١ |
| فەرموودەی بیست وسیٚ | ٩٣ |
| فەرموودەی بیست وچوار | ٩٥ |
| فەرموودەی بیست وپیٚنج | ٩٧ |
| فەرموودەی بیست وشەش | ١٠٥ |
| فەرموودەی بیست وحەوت | ١١٠ |
| فەرموودەی بیست وهەشت | ١١٢ |
| فەرموودەی بیست ونۆ | ١١٤ |
| فەرموودەی سی | ١١٥ |
| فەرموودەی سی ویەك | ١١٧ |
| فەرموودەی سی ودوو | ١١٩ |
| فەرموودەی سی وسیٚ | ١٢١ |
| فەرموودەی سی وچوار | ١٢٢ |
| فەرموودەی سی وپیٚنج | ١٢٤ |
| فەرموودەی سی وشەش | ١٢٥ |
| فەرموودەی سی وحەت | ١٢٦ |
| فەرموودەی سی وهەشت | ١٢٧ |
| فەرموودەی سی ونۆ | ١٢٨ |
| فەرموودەی چل | ١٢٩ |
| ناوەرۆك | ١٣٠ |